ژماره ١٧_١٦ **هانا** نوامبەری سالی ٢٠٠١

**ناوەروک:**


١_ سه روتار................................................................................................. ٢

٢_ ناسیونالیزم و شاعیره کانی _ حاجی قادری کویی _ \ سلیمان قاسمیانی........... ٣

٣_ له سه فه ریک دا \ به کر ئه حمه د.......................................................... ١٧

۴_ دوو نامه ی جه وهیل \ ئه سعه د حاج حه سه نی.......................................... ٢٣

۴_ به بونه ی سالروژی مه رگی "ئوژن پوتیه" \ لینین \ فه ره یدون نازری................ ٢٦

٦_ له سه ر مه سه له ی نه ته وه \ مصلح شیخ الاسلامی (ریبوار)............................ ٢٨

٧_ له دارته رمه وه بو دوزه خ \ حه مه سه عید حه سه ن........................................ ٣۴

٨_ گورانیه کی له یادکراو و سیداره ی یاده وه رییه ک \ سه ردار عبدالله................. ٣٦

٩_ شیعر \ ئالفرید ئیتایس، بژار، حه مه عه لی حه سه ن، ریباز محمود................ ۴١

١٠_ شیعری ئه نترناسیونال به کوردی لاتین......................................................... ۴٩

١١_ جه هه ننه م \ ره فیق شامی \ محمود سه لیمی............................................ ٥٠

١٢_ که له پیاویکی به شه ره ف \ عرفان که ریم...................................................... ٥۴

١٣_ مه سه له ی کورد له تورکیا و سیاسه تی پ. ک. ک. \ حسین مرادبه یگی....... ٥٦

١۴_ بانگه واز بو کوردایه تی \ سلیمان قاسمیانی.............................................. ٦۴

١٦_ ریباز، دیالکتیک و متافیزیکا \ ئافاناسیف \ حه مه عه لی حه سه ن............ ٦٦

١٧_ بیست و سی سال \ رانانی کتیب، به کر ئه حمه د........................................... ٦٨

١٨_ هه واله کان \ سه ردار عبدالله........................................................................ ٧١

١٩_ داوای لیبوردن و راست کردنه وه ی هه له یه ک................................................ ٧٣


***

# سەروتار

## سەرنووسەر

خوینەرانی بەریز!

ئەوا دوای سالیک جاریکی‌تر "هانا" دەگاتەوە دەستتان. بەداخەوە بە هوی موشکیلەی تکنیکی و مالی ئیمکانی هاتنەدەری هانا لەو سالەی کە بەسەردا چوو نەبوو. موشکیلە تکنیکی‌یەکە چارەکراوە بەلام موشکیلەی مالی هەروا بەردەوام لە سەر جیگەی خوی پەلی داکوتاوە! دەرچوونی هانا لە ماوەی چوار سالی رابردوودا بە بی یارمەتی هاوریکان و خوشەویستەکانی هانا ئیمکانی نەدەبوو. ئیمە جاریکی‌تر دەستی ئەو هاورییانە و تەواوی ئەوانەی بە خەمی "هانا"وە بوون، بە گەرمی دەگوشین و هیوادارین کە لە داهاتووشدا بەردەوام هاوکار و پشتگیر و هاندەری هانا بن.

هانا گوڤاری هەمووو ئەو کەسانەیە کە دلیان لیدەدا بو دنیایەکی نوی، بو دنیایەک بەری لە چەوسانەوەی ئینسان، بو دنیایەکی ئازاد و بەرابەر بو هەموو دانیشتوانی سەرزەوی، بو دنیایەکی یەکسان و مروڤپاریز.

لەم ریگایەدا هانا پیویستی بە یارمەتی هەمە لایەنەی ئیوە هەیە. هەر جورە هاوکاریو یارمەتیدانیکی ئیوە بو ئیمە جیگەی ریزە. یارمەتی مالی، یارمەتی لە بلاوکردنەوەدا، نووسین و تەرجەمەی بەرهەمی جوراوجور، ئاگادارکردنی هانا لە چالاکی‌یە ئەدەبی، هونەری و فەرهەنگی‌یەکان و رووداوە کومەلایەتی‌یەکان، ناساندنی هانا بە دوست و ئاشنا... ئەو مەیدانانەن کە "هانا" چاوەروانی دیداری ئیوەیە.

لەم ژمارە بەدواوە "هانا" زیاترین هیزی خوی تەرخان دەکا بو دوان و نووسین و لیکولینەوە لە مەیدانەکانی ئەدەبی، هونەری، کولتوری و کومەلایەتیدا. هانا ئیتر کەمتر خوی لە مەسەلە راستەوخو سیاسی‌یەکان دەدا، نەک بەهوی ئەوەی کە بروامان بە سیاسەت نەبی، بەلکو بە هوی ئەوەی کە "هانا" ناتوانی بە هوی قەوارەی بچووکی خویەوە، خو لە هەموو مەیدانەکان بدا.

بو ئاگاداریتان هانا ئیستا ئیتر "سایت"ی خوی هەیە. ئەم "سایت"ە ئیستا بە تەواوی ئامادە نەبووەوە و تەنیا ژمارەکانی **١٣**، **١٤** و **١٥** لە ئارشیڤەکەیدا دەست دەکەوی. ئادرەسی "سایت"ەکە و ئادرەسەکانی‌تری پیوەندی گرتن بە "هانا"وە لە لاپەرەی **٣** و دوالاپەرەی هانادا هاتوون. ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئادرەسی "ئی-مایل"ی هانا گوراوە.

***

# ناسیونالیزم و شاعیرەکانی
# _ حاجی قادر کویی _

نووسینی: سلیمان قاسمیانی

چیروکی له دایک بوونی نه ته وه ته مه نیکی هینده دریژی نیه. هاتنه دنیای ئه م دیارده یه په یوه ندی راسته خوی هه یه به سه رهه لدانی بورژوازی له ناو جه رگی نیزامی ده ره به گایه تی واته د ه یه کانی کوتاییی ده سه لاتی فیودالیزم. شتیکی سه یر نیه ئه‌گه‌ر زور که‌س به بیستنی ئه‌م قسه‌یه بپرینگینه‌وه و به ناباوه‌ری‌یه‌وه سه یری خاوه نی قسه که بکه ن. هوی کاردانه‌وه‌یه‌کی به‌م جوره ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر پروپاگه‌نده‌ی ده‌یان ساله‌ی بورژوازی و تیوریسیه‌نه‌کانی و هه‌روه‌ها کاردانه وه ی تیوری ستالینیستی له سه ر بوونی نه ته وه وه کو دیارده یه کی سه ربه خو و (قائم بالذات). له سه رده مه کانی پیش‌سه‌رمایه‌داریدا، ده‌وله‌ت هیچ کات نوینه‌ری قه‌ومیک یان ئایینیک نه‌بووه. ده‌وله‌ت له‌و سه‌رده‌مه‌دا هیزی به‌رگری له به‌رژه‌وه‌ندی فیوداله‌کان بوو و هه‌ر فیوداله‌ی خوی خاوه‌نی ده‌سه‌لات له ناوچه ی ژیر رکیفی خویدا بووه. ده وله تی مه رکه زی له راستیدا پیکهاتبوو له هه زاران حکومه تی ناوچه یی، هه زاران جه‌زیره و ئه میرنشینی بچووک به یاسا و کولتور و زمان و زاراوه و جل و به رگ و داب و نه ریتی تایبه ت به خو. په یوه ندی گرینگ له م سیته مه دا "خوین" و پیوه ندی عه شیره یی بوو. نه زمان، نه ئایین، نه جل و به رگ هیچ کامیان ناسنامه یه کی گشتی بو خه لک نه بوون و گرینگی یه کی ئه وتویان له ژیانی خه لک له و سیسته مه دا نه بووه به هوی ئه وه ی که سیسته می ئابووری ئه و سه رده مه که بریتی یه له به رهه مهینانی بچووکی ناوخویی، ئینسانه کان به و جوره‌ی که ده بی به یه که وه گری نادا و ئاسویه‌کی فراوانتری ئابووری و کولتوری‌یان پیشکه‌ش ناکا. جوولانه‌وه‌ی ناسیونالیستی له سه‌ره‌تادا جوولانه‌وه‌ی بورژوازی تازه‌سه‌رهه‌لداو بوو له دژی فیودالیزم و ره سم و یاسای ئابووری و رامیاری و فه رهه نگی یه که ی که ریگه ی گه‌شه‌ی چینی بورژوازی ده‌گرت. بورژوازی ئه‌و کاته خوازیاری له به‌ین‌چوونی ده‌سه‌لاتی ئه‌میرنشین و حوکمه ناوچه یی یه کانی ده ره به گه جوراوجوره کان بوو که به ریان ده گرت له هات و چوی ئاسانی سه‌رمایه. بورژوازی ئه و کات و جوولانه وه ی ناسیونالیستیه که ی دژی ئایین و ده سه لاتی ئایین به تایبه ت له مه یدانی سیاسه ت و په روه ده و زانستدا بوو. بورژوزای ئالای نه ته وه ی به رز کرده وه تا به کوکردنه وه ی خه لک له ژیر دروشمی یه ک ناسنامه؛ کوتاییی به هه زار پارچه بوونی ده سه لات و ته نگ و چه له مه ی وه گیرهینانی هیزی کاری ئازاد که تا ئه و کاته به زه وه ی و ئاغاواته وه به سترابوونه وه، کوتاییی بینیت. نه ته وه بو بورژوازی به رگیک بوو بو رزگاربوون له قه ید و به نده کانی ئابووری و سیاسی و حقوقی و ئایینی سه رده می ده ره به گایه تی.

کومه لناسی به ناوبانگ "ئیریک هابزبام" ده لی:

"ئه وه ناسیونالیسم و ده وله تن که نه ته وه دروست ده که ن نه ک به پیچه وانه." ﴿١﴾

نه ته وه ساخته ی ده ستی جوولانه وه ی ناسیونالیستی یه و جی خستنی ئه و کاری ده وله ته. بو ساز کردنی نه ته وه یه ک ده‌بی میژوویه‌ک دروست بکری، ده‌بی خه‌لکیک سه‌لیقه و هه‌ست و داب و نه‌ریتی هاوبه شی بو دابنری؛ هه ستی یه‌کبوون و جیاوازی ئه‌وان له خه‌لکانی‌تری، له‌لا دابین بکری. خه‌باتی سیاسی ته نیا یه کیک له مه یدانه کانی به ئه‌نجام‌گه‌یاندنی ئه‌م پروژه‌ی دروست کردنی نه‌ته‌وه‌یه. مه‌یدانی فه‌رهه‌نگ و هونه ر مه یدانیکی به هه مان ئه ندازه گرینگ و ته‌نانه‌ت کاریگه‌رتریشه! هه‌ر لیره‌شه‌وه‌یه که جیگه‌ی حاجی قادری کویی بو ئه م نووسینه مانا په یدا ده کات.

حاجی قادر کویی یه کیک له و شاعیرانه یه که جوولانه وه ی ناسیونالیستی کورد وه کو مروفیکی پیروز ناوی دینی و بایه خیکی تایبه تی بو داده نی. ئه وه ی که تایبه تمه ندی یه کی وا ده دا به حاجی له لایه ن ئه م جولانه وه یه وه، نه ک چه‌ند و چونی لایه‌نی ئه‌ده‌بی و پوخت و پاراوی شیعره‌کانی، به‌لکوو زوربه‌ی به هوی بیری نه ته وه یی شیعره کانی حاجی و کوششی ئه‌و بو ساغکردنه‌وه و دامه‌زراندنی نه‌ته‌وه‌وه‌یه. حاجی قادر به دوای "خانی"دا یه که م شاعیری

کورده که به ئاشکرا له هه ستی نه ته وایه تی ده دوی، هه لویستی سیاسی ده گری و خه لک هان ده دا بو دامه زراندنی ده وله تیکی کوردی.

شاعیریش وه ک هه ر دیارده یه کی تری کومه لایه تی په روه رده ی ئه و سه رده مه یه که تییدا ده ژی و هه لگری ئایدولوژیا و بیر و بوچوونی چینیکی کومه لگایه. به لام هه ر وه ک چون نه ته وه، (به مه عنای هاوچاره نووس بوون و هاوبه رژه وه ندبوونی هه موو ئه ندامانی کومه لگایه ک سه ره رای جیاوازی چینایه تی) ساخته و ده ستکردی جوولانه وه ی ناسیونالیستی یه، بویه ناسیونالیسم ده یگه ییینیته پله ی به پیروزبوون، بو ئه وه ی قسه هه لنه گری و وه ک بت لیدوان له سه ری ببیته کفر؛ هه ر به م جوره ش قاره مانه کانی جوولانه وه که به پیروز ده کرین تا که س بوی نه بی هیچ گومانیک بکات له سه ر راستی و دروستی ده ستکرده که و ناسیونالیسم به گشتی بخاته ژیر پرسیار.

هه لسووراوان و رابه رانی جوولانه وه ی نه ته وایه تی سه ره رای هه ر به لایه ک که به سه ر جوولانه وه که و جه ماوه ری خه لکی کوردیان هینابی، ئیستاش هه ر وه کوو وینه ی پیروز و به ریز ناویان لی ده بری و ریگه ی ئه وه به که س نادری به چاویکی ره خنه گرانه وه سه یری ئه م "پیروزانه" بکات.

حاجی قادرکویی ش یه کیک له و وینه و که سایه تی یه به پیروز دانر اوانه یه له شیعری کوردیدا.

"حاجی قادر راستگوی مه حزه، په یکه ره ی خوبه خت کردنه.... سه رده فته ری گه رده ن فیرازانه له عاستی ترس و ته ماعدا... له و هه موو په یوه ندی یانه ی خه لق ده به ستیته وه به دونیا و جموجوولیان پیده کا وه ک پووره هه نگ، حاجی قادر له تاکه یه ک په یوه ندی زیاتر به دونیاوه ی نه بووه، ئه ویش په یوه ندی خولیای وه ته ن په روه رییه له هه موو رویکه وه: خوشه ویستی خاکی کوردستان و خه لقی کوردستان و ... هه موو شتیکی کورد... خولاسه به خو ویران و نه فس به زاندن پاله وانییه ، قاره مانییه، گه وره یی یه." ﴿٢﴾

ئا به م شیوازه ئایینی یه مه سعود محه مه د له کتیبه که یدا حاجی قادر به نه وه ی ئه مرو ده ناسینی؛ هه ر به وجوره ی مه لاکان باس له پیغه مبه ر و ئه سحابه کانی ده که ن. ئیدیعا کان تا بته وی گشتین، نه بو ره دکردنه وه ده بن و نه بو پشتگیری لیکردن. "راستگویی مه حز" چییه و چون به راورد ده کری و به هوی کامه به لگه به ده سته وه نه دراوانه دا که سیک ئه م سیفه ته ده خریته پال؟! تازه ئه مه چی داوه به شیعر و شاعیری حاجی قادره وه؟! ئه م پرسیاره به هه مان جور "په یکه ره ی خوبه خت کردنه"ش ده گریته وه. "خوبه خت کردن" له فه لسه فه ی ئایینی و بورژواییدا به مانای شتیکه که په یوه ندی راسته وخوی به ژیان و خودی ئینسانه وه نیه و "خوبه خت که ر" وه ک شتیکی زیاده له خوی ده یکا. هه ر بویه ش ئه م "خوبه خت که ر"انه منه ت ده که نه سه ر ئه و که سانه ی که خوبه ختکردنه که رووی له وان بووه. هه رله م روانگه وه یه که جوولانه وه ی نه ته وه یی له لایه که وه خه لک بانگه واز ده کا گیانیان فیدا بکه ن بو جوولانه وه که ی ئه وان و دواییش منه ت ده که ن به سه ر خه لکه که دا به ناوی ئه وه ی که ئه وان فیداکاری یان کردووه بو خه لک نه ک بو نان و نه وای خویان یان هیوای گه یشتن به ده سه لاتی ناوخویی و به و مانایه ژیانیکی خوشتر و ده وله مه ندتر بو خویان.

"به خو ویران، نه فس به زاندن" که ده برینه پله ی قاره مانی و گه وره یی، ئه و بوچوونه ی له سه ر خوبه ختکردن باسی کرا، ئیسبات ده کا. ئه مانه ش هه ردوویان خه سله تیکن ئایینی و له روانگه ی ئایینی یه وه مانا په یدا ده که ن. ئه مانه له ئه سلدا ره بتیکیان به پله و بایه خی شیعری و ئه ده بی حاجی قادر نه داوه. ئه م دوو خه سله ته ش هه روه کوو ئیدیعاکانی پیشوو هه م شه خسین و هه م گشتین. ئه گه ر قسه که له سه ر به راوردی شه خسیه تی حاجی وه کوو "موسلومانیکی راسته قینه" بووایه، ئه وکات ده کرا ئه م خه سله تانه له به رچاوبگیرین و دوانیان له سه ر کرابایه.

به لام ئه وه ی که لیره دا گرینگه ئه وه یه که پیشتر باسی لیکرا، ئه ویش به پیروزکردن و به "بت" کردنی که سایه تی یه که یه تا ئیتر مه یدانی قسه له سه رکردن، مه یدانی خستنه ژیر پرسیار و مه یدانی ره خنه و ره دکردنه وه نه مینیته وه.

"ده بی وه ک بو کاریکی مقدس ده کری، بو نووسین له باره ی حاجی یه وه ده ستنویژیکی پیشه کی بشوری و توبه و استغفار بکری. ده بی ئه و زمانه لال بی که له ئاست حاجی دا به خوار بگه ری. ده بی ئه و په نجه یه بشکی و ریسوا و ریسوا بی له باره ی حاجی یه وه به بی ئه ده بی شت بنووسی. ده بی میلله ت شه رم بکاته وه له خوی که هوشی به وه

نه شکی قه رزی حاجی بداته وه و چاکه ی بکاته وه." ﴿۳﴾
مەسعود محەمەد زور بە ئاشکرا و بە راهاتوویی فتوای ئیسلامی و نەتەوەیی یەکەی رادەگەیەنی. فتوایەکەی ئه وه نده روونه که ئیتر ریگه ی هه ر جوره گومان و سه رلیشیواوی له له شکری به ریوه به ری فرمانی مه رگی شک که ر و لاده ر ناهیلیته وه. هه ر وه ک وترا حاجی قادر ده چیته ریزی مقدسه کانه وه و "ئینسانی پیروزی" ئاواهی، دیاره ئه و کات بو ئەوە نابی قسەی لی بکەی. بەلام نوسخەکەی مەسعود محەمەد کاریگەری یەکی وای نامینی کاتیک که ره خنه گر نه بروای به مقدساتی ئایینی بی و نه به نویژ و ده ستنویژ گرتن! نه وه ی تازه به خویندنه وه ی فتوای مه سعود محه مه د که نزیک به ۳۰ سال له وه پیش د راوه، پیده که نی و به پیچه وانه ی ئامانجی ماموستا، له سه ر لیکولینه و ه له به رهه می شیعری حاجی قادر و جیگه و ریگه کومه لایه تی یه که ی سوورتر ده بی.

حاجی قادر به پیی لیکولینه وه ی ورد و دوور ودریژی مه سعود محه مه د له سه ده ی ۱۹ی زایینی، نزیکه ی ۱۸۲۴ له دایک بووه و سالی ۱۸۹۷ کوچی دوایی کردووه. حاجی قادر ده رسی مه لایه تی ده خوینی و فیری زمانی عه ره بی و فارسی و تورکی دەبی. دوای تەواوکردنی دەرسی مەلایەتی دەگەریتەوە شاری کویە و چەند سال دواتر ریگەی ئیسته مبول ده گریته به ر و تا سالی مردنی واته ۱۸۹۷ له وی ده مینیته وه.
حاجی قادر پیاویکی ئایینی یه و دیاره وه کوو مه لایه ک شیعره کانی پرن له سیمبولی ئایینی و بیروبوچوونی ئیسلامی و به ته واوی وه فادار بووه به ئایینه که ی. به لام هه ستی نه ته وایه تی حاجی به هیزتر له هه ستی ئایینی یه که یه تی. هه ر ئەوەشە کە ریگە بە حاجی دەدا دژی دەسەلاتی خەلیفەکانی عوسمانی دەنگی بەرز بکاتەوە و هاودین و هاوئایین بوون به رله نه ته وه خوازی یه که ی ناگریت. حاجی قادر سه ره رای ئایینی بوونی، دژایه تی بووه له گه ل شیخ و صوفی و خانه قا و ده رویشه کانیشدا:
خانه قا و شیخ و ته کیه کان یه کسه ر \ پیم بلین نه فعیان چییه ئاخر
غه یری ته علیمی ته نبه لی کردن \ جه معی ئه ملاک و خه زنه کو کردن ﴿۴﴾

حاجی قادر وه ک هه ر نه ته وه په رستیک به سه ر نه ته وه و ره گه زه که ی خویدا هه لده لی و له و باره وه هیچ له وانی تر که م ناهینیت:
"خو ده زانن سولاله یی ئه کراد \ لیره وه بگره تا ده گاته قوباد
هه موو عالیم، هه موو شیخ و میبرن \ زیره ک و ژیبر و ئه هلی ته دبیرن
شه هسوارن، پیاده یان ئازان \ به ردی نیشان و کولکی مه یدان
به شوجاعه ت هه موو وه کوو روسته م \ به سه خاوه ت هه موو وه کوو حاته م
گوردی شانامه پاکیان کورده \ کافی ئه م صافه کافی ئه و وورده"
(دیوانی حاجی قادر، لاپه ره ی ۲۱۱_۲۱۲)
حاجی قادر لیرەدا خەریکە بە ئاشکرا میژوویەک بە ناوی"کورد"ەوە دروست دەکا کە هە ر نە بووە. ئه و میژووه ی که حاجی قادر بە هەلکوتان بە سەر "فیردەوسی" شاعیری ئیرانی و "شاهنامە"کەیدا خە ریکە دروستی دە کا بە قە د میژووه که ی فیرده وسی ده ستکرده. ئه وانه ی که چه ند هه زار سال له وه پیش به ناوی "ماد"، یان به زور ناوی دیکه، له جوغرافیای تایبەتی کوردستان ژیاون، قەوم، قەبیلە، تایەفە و عەشیرەی جواروجوربوون کە بە زە حمە ت زمانیکی هاوبەشیشیان بوویت. "کورد" و "نەتەوەی کورد" بەو مانایەی ناسیونالیسمی کورد باسی دە کا، شتیکی تازە یە و هه روه ک هه موو "نه ته وه کانی"تری دنیا به رهه میکی نویی ئه م دوو سه ده ی دوایی ژیانی کومه لگای ئینسانن.
هابزبام وته نی:
"ناسیونالیسم واده کا که ئینسان به ده ره جه یه کی ئیجگار زور باوه ر بکا به شتیک که به ئاشکرا راست نیه. به وته ی (رنان) هه لبه ستنی میژوو، به شیکه له هونه ری به نه ته وه بوون" ﴿۵﴾

له شیعری "له گاوان و شوانی کورده کان یه ک"دا حاجی قادر له وه ش زیاتر تیهه لده چی:
"له گاوان و شوانی کورده کان یه ک \ به سه بو له شکری صه د که رره دوو له ک
فیدای جوتیارتان بی حاته می ته ی \ به قوربانی سه پانتان ئالی به رمه ک
مریشکی ئیوه صه ییادی شه هینه \ له کن عه نقا فرووجه حاجی له ک له ک
شوانی میگه لی کوردان له شه ردا \ وه کو قه صصابه، دوژمن میگه لی شه ک"
(دیوانی حاجی قادر، لاپه ره ی ۷۱)
ئه وه ی شیعره ی سه ره وه پیشانمان ده دا ت، له خوهه لکیشانیکی ته واو فیودالی و به هیچ دانانی خه لکانی "غه یره کورد" زیاتر نیه. سیمبوله کان به ته واوی دواکه وتووانه و ته نانه ت دژی ئینسانین. حاجی قادر کوشتنی دوژمنانی نه ته وه ده ست کرده که ی، به سه ربرینی شه ک، تازه ئه ویش میگه له کانی ده چوینی!
یان:
ناگه ن به حیز و ریگری ئیمه له مولکی روم \ عه للامه یی ویلایه ت و شیخی ویلایه تی
(هه مان سه رچاوه، ل ۵۷)
له نه ته وه که ی حاجی قادردا "حیز و ریگر" ئیتر پله نزمترین و بی بایه خترین ئینسانه کانن، به لام ته نانه ت ئه مانه ش له عه للامه کانی "دوژمن" به ریزتر و پر بایه خترن! تو بلیی له ریزی خه لکانی ده ره وه ی ئه م نه ته وه ده ستکرده، وه کوو هه موو نه ته وه ده ستکرده کانی تر، لانی که م هیندیک مروفی به نه رختر له "حیز و ریگره کانی" کورد هه بوونیان نه بیت؟!
ئامانجی حاجی سه ربه خویی کورده و ده رچوونه له ژیر ده سه لاته کانی عوسمانی و ئیرانیدا ، بویه ش بانگه وازی خه لک ده کا بو یه کگرتن:
"تا ریک نه که ون قه بیلی ئه کراد \ هه روا ده بنه خه رابه ئاباد
ئه نواعی میله ل له گه وره تا چووک \ خه ملیوه مه مالیکی وه کوو بووک
هه ر کوردن ئه گه رچی پاکی مه ردن \ پامالی زه مانه، میسلی گه ردن
گه ر باعیثی ئه م ده پرسی کامه \ شه رتیکه که بو هه موو ته مامه
ئه و شه رته به کوللی ئیتتیفاقه \ گه ر مه رعه ش و وانه گه ر عیراقه"
(دیوانی حاجی قادر، ل ۱۹۹)

ئه و کوردستانه ی حاجی بوی تیده کوشی، کوردستانیکی پاشایه تی یه له ژیر ئالای ئاغا و میره کانی کوردا.
"کوا والی یی سه نه ندوج، به گزاده یی ره واندوز \ کوا حاکمانی بابان، مییری جزیر و بوتان
کوا ئه و ده مه ی که کوردان ئازاد و سه ربه خو بوون \ سولتانی مولک و میلله ت، صاحیبی جه یش و عیرفان
ئه م مه سئه له مه شهووره گه ر قور ده که ی به سه رتا \ ئیکسیره خاک و خولی ده رمالی گه وره مالان
(هه مان سه رچاوه لاپه ره ی ۸۶ )
دیسان هه وای سه رده می کون له سه ری حاجی ده دات و بو ئه میره کانی کون حه سره ت ده خوات. هه روه ک له پیشتردا باسی کرا، شاعیر خه ریکه میژوویه ک دروست ده کا که ته نیا په یوه ندی یه ک که به ئه مروه ی هه بی، په یوه نده ی قه ومی و عه شیره یی ئه میره کانی سه رده می کون به ئاغاواته کانی ئه مروی "کورده"وه یه. حاجی ده یه وی ئه و سه رده مه تاریکه ی میژووی مروفایه تی به سه رده میکی رووناک و ئازاد و خوش و بی کیشه و بینه و به ره ی کومه لایه تی به ئیمه بقه بلینی! لیره دا هیچ باسیک له کوشت وبری فیوداله کان یا کویله دارانی به ناو "کورد" یان "گورد"ی ئه و سه رده مه وه نیه! دنیا گوایه به هه شت بووه و گورگ و مه ری "کورده کان" له خیرو خوشیدا له گه ل سه روکه کان و ئه میره کانیاندا ژیاون! ئه مه له درویه کی میژوویی واتر نیه و حاجی له م ناراستی یه دا  ته نیا نیه و به لکو وه ستاکانی نه ته وه سازکه ری

باقی میلله تانی دیکه یشی له گه لدایه.
گیلنر کومه لناسیکی تر ده لی:
"نه ته وه کان وه کوو شیوازیکی سروشتی و ئه زه لی بو دابه شکردنی ئینسانه کان، وه کوو چاره نووسیکی سیاسی دیاریکراو و زاتی، هه ر چه ند وه دره نگ که وتوو... نه بووه و ئه فسانه یه. به لام ناسیونالیسم که هه ندیک جار که لک وه رده گری له و کولتورانه ی که له پیش خویه وه هه بوون و ده یانکاته هی خوی، یان هه ندیک جار نه ته وه ده دوزیته وه ، وه زور جاریش کولتوره کانی  پیشووتر له به ین ده بات... به لی ئه مه یان هه یه و واقعی یه". ﴿٦﴾

شیعری "له روما که‌وته به‌رچاوم" ئاخ و داخ هه‌لرشتنه بو سه‌رده‌می ئیمپراتوری ماده کان، ئه و کاته ی "کورد" به خه یالی حاجی، ده سه لاتی بووه، شا و کاخ و ئه رته ش و بره و بیای بووه. حاجی له کوتایی شعیره که دا هیوا و ئومید ده دا به خوینه ره کانی و "ئه میریکی بابان" ده کا به و شای هیوایه  له سه رده می نویدا:
"ئه میریک ماوه پاشایه . گوتی: کی یه؟ گوتم شیره \ گوتی لیره؟ گوتم لیره! هه تا تاران و هیندستان
به خوی شیره وه کوو ناوی، له شه ردا دوشمن ئه ندازه \ ته مایان هه ر به ئه و ماوه جه میعی خاکی کوردستان
هه چی جیگه ی ئومیدمانه و ئه وی دل خوش ده کا ئه مرو \ که سی دی له و به ده ر نابیته غه مخوری گه لی کوردان"
(هه مان سه رچاوه، ل ۹۲)
یان :
"عه جه با بوچی ئه هلی مولکی عیراق \ ئیتتیفاقی به ده ل ده که ن به نیفاق
بو ئه میرانی غه یره ده بنه گزیر \ نه ک له خویان یه کیکی بیته ئه میر"
(هه مان سه رچاوه، ل ۲۳۷)

حاجی قادر مه دحی ئاغاکان ده کا به هوی ده له ومه ندی و ده ست و دلبازی یان:
"که سی پیاوه که دانی وه ک حه ماغا \ له بو ئه بنایی جینسی نان و خوانی
وه یا خود وه ک ئه میناغا به هیممه ت \ بکا بو قه صری میلله ت پا سه بانی"
(هه مان سه رچاوه، ل ۱۴۷)
یان:
"حاکم و میره کانی کوردستان \ هه ر له بوتانه وه هه تا بابان
یه ک به یه ک حافیظی شه ریعه ت بوون \ سه بیدی قه وم و شیخی میلله ت بوون
سه بید و شیخه کان له ترسی ئه وان \ مونزه وی بوون و زاکیری ره حمان"
(هه مان سه رچاوه، ل ۲۱۳)
ئه‌م شیعره‌ی سه‌ره‌وه لانی که‌م یه‌ک راستیمان بو ده‌رده‌خات ئه‌ویش یه‌کبوونی ده‌سه‌لاتی ده‌ره‌به‌گ و ئایینه. حاکمه کانی سه رده می دلخوازی حاجی قادر، حافیظی شه ریعه ت و ئیسلام بوون و سه بید و شیخه کانیش خواپه رست و زاکیری خوا بوون!
حاجی به لین ده دا که ئه گه ر کوردیش یه کگرتوو بوونایه ده یانتوانی وه کو ولاتانی تر دنیا بگرنه ژیر رکیفی خویان. بو نموونه باسی ولاتی چین ده کات که چوارسه د ملیون بوون به لام ژاپون که به زه حمه ت ده گاته چل ملیون، ولاتی چین داگیر ده کات و ده یکاته خاک و دواییش ده لی:
"ئیتتحادی به ئیتتیفاقی ئه نام \ سوپه ره بو حه وادیثی ئه ییام
کوردی ئیمه نه زان و پاشکه وتن \ پیکه وه پووش و ئاگر و نه وتن
بی ئه گه ر ده ستی یه کتری بگرن \ وه ک سکه نده ر جیهان هه موو ده گرن"
(هه مان سه رچاوه، ل ۱۸۸)

حاجی جیهان گرتنی ئه سکه نده ری به لاوه خراپ نیه، گله ییه که ی ته نیا ئه وه یه که بوچی ئه سکه نده ر "کورد" نه بووه! داگیرکردن و کوشت وکوشتار و "به تران دان"ی دنیا له لایه ن ده وله ته کان و ده سه لاته کانی ئه و کاته، دلی شاعیر ناسووتینی و هه ستی هاوده رده ی ئینسانی ئه و نابزوینی. موشکیله ی حاجی زیاتر ئه وه یه که بوچی "کورد" له و "دنیا به تران دان" و دابرین و دنیاخواردنه دا ، "کورد" وه کوو کورد ده ستی نیه؛ بو ده بی ژاپونی بتوانن چین داگیر بکه ن و ته فر و تونای بکه ن به لام، "کورد" ئه م توانایه ی نه بیت.

"ئه نواعی میله ل له گه وره تا چووک \ خه ملیوه مه مالیکی وه کوو بووک

دنیا به تران ده خون و ده یده ن \ هه ر چوونی مه رامیانه ده یکه ن

هه ر کوردن ئه گه رچی پاکی مه ردن \ پامالی زه مانه، میسلی گه ردن"

(هه مان سه رچاوه، ل ١٩٩)

## راسیسزم و به‌که‌م دانانی خه‌لکانی‌تر!

حاجی شاعیری نه‌ته‌وه‌په‌رسته. به سووک‌گرتن و به هیچ دانانی نه‌ته‌وه‌ی‌تر و هه لگوتن به سه ر و بالای نه ته وه و ره‌گه‌زی خو دا، به‌شیکی جیانه‌کراوه‌ی ره‌وته ناسیونالیست و ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانه. حاجی قادریش له م باره وه که می نه هیناوه و به تیکه لکردنی خورافه ی ئایینی و به رچاوته نگی نه ته وه یی، شوینیکی تایبه تی بو خوی له شیعری کوردیدا و له ره‌وتی میللی_مذهبی‌دا ده‌ستنیشان کردووه. نموونه بو ئه‌م ئیدیعایه بوچوونی حاجی قادر سه‌باره‌ت به رومی‌یه‌کان، واته تورکه‌کانی عوسمانی‌یه. حاجی به هوی نه‌فره‌ت و بیزاری خوی له ده سه لاتدارانی تورک، هه رچی عوسمانلی یه ده داته به ر تیری توانج و بیزاری:

"مه لین بیکاره بوو حاجی له روما \ ئه من پیاوم له نیو شاری ژنانم"

(هه مان سه رچاوه، ل ٧٦)

دیاره حاجی "ژن‌بوون" له به‌ر گه‌وره‌یی و ریز و حورمه‌تی ژنان به کار نابا، به پیچه وانه له روانگه ی فیودالی و ئیسلامی یه وه که ژن به هیچ و پووچ و بی نرخ داده نری. حاجی تورکه کان به ژن حیساب ده کا بو ئه‌وه ی جنیوی دابی. رومه کان له وه ش خراپتر، ده کرینه جه ماعه تی ئاره قخور و خوشگوزه ران، کوونی و به گشتی زول:

"موقته زای ئاب و هه وای خاکی دیاری رومه \ ئه هلی سووتاوی مه یه، به سته یی ئاوازی نه یه

سالیکی ریخه ئه گه ر شیخه ئه گه ر میخه، له وی \ شیخه هه ر کامی نه دا تا ده مری هه ر ده ده یه

هه ر له شا تا به گه دا تووشی یه کیکی نابی \ لیی بپرسی به حه قیقه ت بلی: جه ددم ئه مه یه

(هه مان سه رچاوه، ل ١٤١)

ناگه ن به حیز و ریگری ئیمه، له مولکی روم \ عه للامه یی ویلایه ت و شیخی ویلایه تی (ل ٥٧)

له بیرمان نه چی ئه وه ی که مه به ستی حاجی ته نیا لایه نی نیگه تیفی مه سه له که یه. ئه مرو ئیتر ئارق خواردنه وه و گوی له موسیقا راگرتن به شیک له ژیانی مروفه و له خویدا نیگه تیف نیه.

شیعری "قسه ییکم" (لاپه ره ی ١٤١) ره خنه گرتنه له تورکه کان له روانگه ی ئیسلامی یه وه. حاجی لیره دا رومه کان به سووتاوی مه ی، شه یدای موسیقا و خوشگوزه رانی ده داته به ر هیرش.

ئه وه هه ر تورکه کان نین که ده که وه نه به ر پلاری توانج و نه فره تی حاجی یه وه. ئه م قینه، نه ته وه ی تریش ده گریته به ر:

چینی ئاته ش په رستن ئیستاکه ش \ گه بری بی دین و هیندووی رووره ش

(هه مان سه رچاوه، لاپه ره ی ١٨٦)

خه لکی هیندوو روو ره شن، چون ره ش پیستن و هیندوو. پیستی ره ش ده بیته هوی به سووکی چاولیکردن.
یه کیک له و خه لکانه ی بار و بارگنه ی ژیانیان هه میشه به کوله وه بووه و له وپه ری هه ژاریدا ژیاون، دوم و قه ره جه ن. ئه م شیعره ی خواره وه نیشان ده دا که حاجی چه نده به چاویکی سووک سه یری ئه م خه لکه هه ژاره و مال به کوله وه گرتووه ده کا.

"مونقادی عه جه م، موطیعی رومن \ مه حکوومی خه رات و حیز و دومن"

(هه مان سه رچاوه، ل ١٩٦)

ئیرانیش حیسابیکی چاکتریان له گه ل ناکری.

"یانه ئیرانی یه ک که مه علوومه \ دایکی موتعه، باوکی مه وهوومه"

(هه مان سه رچاوه، ل ٢٢٧)

واته ئیرانی یه کان دایکیان قه حبه یه و باوکیان نه ناسراوه و هه ر بویه ش زولن! هه مان به لا به سه ر جووه کانیش دیت هه ر چه ن جووه کان نه ک وه کوو نه ته وه به لکو گروپی دینی ده ژمیردرین. هه رچه ن جووه کانی کوردستان که متر له باقی خه‌لک خویان به کورد نازانن به‌لام مامه‌له‌ی ئیسلامیانه‌ی حاجی له گه‌ل ئه‌وان هه ر وه ک مامه له که ی له گه ل نه ته وه کانی تردایه:

"جوو چ قه دری هه یه له نیو کوردان \ غه یری لیدان و جوین و تیهه لدان

حاله تی ژیرده ستی هه روایه \ نوکه ری کاری چاکی بو نایه"

(هه مان سه رچاوه، ل ٢٦٥)

## قه‌تل و عامی ئه‌رمه‌نیه‌کان

ئه‌مرو ئیتر کوشتاری به ملیونی ئه‌رمه‌نیه‌کان له ساله‌کانی ١٩٤_١٩١٨ی زایینیدا له ژیر ده سه لاتی ئیمپراتوری عوسمانی له لاپه‌ره‌کانی میژوودا نه‌قشی به‌ستووه و نه‌فره‌تی گشتی کومه‌لگای ئینسانی سه باره ت به و کاره ساته وه‌حشیانه هه‌لخراندووه. له ئاخری ساله‌کانی ده‌سه‌لاتداری عوسمانیدا که هاوکات بوو له گه ل شه ری جیهانی یه که م، جینوسایدیک دژی مه سیحی یه کانی ژیر ناوچه ی ده سه لاتی خه لیفه ئیسلامیه کانی عوسمانی به ریوه چوو که ئاسه واری تا جه رگی ناوچه کانی کوردستانیش په لی کیشا. قوربانیه کانی ئه م کوشتاره له پله ی یه که مدا ئه‌رمه نیه کان و دواییش ئاسوری یه کان بوون. هه لبه ت کوشتاره که ی سالی ١٩١٤_١٩١٨ ته نیا کاره ساتی خولقاو دژی ئه م خه لکانه نه بووه. له وه پیشتریش چه ندین جار گری ئاگری دژایه تی کویری ئایینی دژ به م دوو خه لکه خوشکرابوو و به سه دان قوربانی وه‌رگرتبوو. کوشتاری ١٩١٤_١٩١٨ به‌رزترین پله‌ی ئه‌م کاره‌ساته سه‌رسوورهینه‌ ره بوو. ئه‌وه‌ی که به سه‌ر ئه‌رمه‌نیه‌کان له ژیر ده‌سه‌لاتی ئیسلامی عوسمانی‌یه‌کان چوو، شتیکی وا که‌متر له جینوساید و کوشتاری به کو مه لی یه هوودی یه کان له شه ری جیهانی دووهه م له لایه ن نازیسته کانی هیتله ری یه وه نه بوو!
راسته که حاجی قادر له سه رده می قه تل و عامی ١٩١٤_١٩١٨ دا ئیتر فه وتی کردبوو به لام نابی له بیرمان بچی که رووداوه کومه لایه تی یه کان له ناکاو ناخولقین و ریشه که یان ده گه ریته وه بو کونتر و ئه و ریخوشکه ری یه ی که زور له‌پیشتر بویان کراوه و ئه‌و مه‌یدانه‌ی که بوی فه‌راهه‌م کراوه. کوشتاری ئه‌رمه نیه کان کوشتاریکی قه ومی بوو که جه وازه که ی له ئایین و مه زهه ب وه رگرت. حاجی قادر وه ک که سایه تی یه کی ئایینی پر به پر ئه م ئه رکه ئایینی یه ی خوی به جی گه یاندووه و له شیعره کانیدا زور به روونی تووی ئه م دوژمنایه تی و رق و بیزاری یه ی دژی ئه رمه نیه کان به تایبه تی و مه سیحی یه کان به گشتی چاندووه. شیعری "خاکی جزیر و بوتان" نموونه یه که له و شیعرانه ی که حاجی قادر هاوکات قامک له سه‌ر هه‌ستی کویری ئایینی و هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی داده‌نی بو ئه‌وه‌ی کورده‌کان دژی ئه رمه نی یه کان و عوسمانی یه کان هه لخرینی:

"خاکی جزیر و بوتان، یه عنی وولاتی کوردان \ صه د حه یف و صه د مخابن ده یکه ن به ئه رمه نستان
کامی کچ و هه تیوی شیرین بی رای ده کیشن \ هاوار ده به نه به ر کی، په شمه ده خیل و ئامان
مه سجید ده بیته دیره، ناقووسیان موئه ذذین \ مه تران ده بیته قازی، موفتی ده بیته ره هبان"
(هه مان سه رچاوه، ل ۸۵)

هه روه ک ده بینین حاجی له لایه ک داخی ئه وه ی هه یه که ریگه ی خونواندن به مه سیحی دراوه له خاکی ئیسلامدا. ترسی ئه وه ی هه یه که مه یدان به مزگه وت و ئیسلام ته نگ بیت و سفره ی ئیسلام و مه لا ته سک بیته وه. له لایه کی تر هه رای حاجی بو ئه وه یه که ئه رمه نیه کان، که موسلمانیش نین، گوایه ده سه لاتی سیاسی کوردستانیان دراوه ته د ست به لام کورده کان خویان هیچیان نیه. هه ر بویه ش ناmووس و شه ره ف به رز ده کریته وه، کوردایه تی ده خریته وه بیر و له ته پلی ئیسلام ده دری تا "هه ره شه"ی ئه رمه نیه کان نابووت بکری. حاجی خوی ئه وه نده نه ژیا تا به چاوی خوی ببینی که ئیمپراتوری عوسمانی و ئاغاواته کانی کورد چون بانگه وازه ئیسلامی و ناموسی و نه ته وه یی یه که ی ئه ویان کرده ئالایان و نزیک به یه ک ملیون و نیو ئه رمه نی یان به وپه ری بیره حمی و بی به زه یی یه وه له به ین برد.
شیعری "وا دیاره" هه ر له سه ر هه مان مه وزووع ده روا. حاجی له عوسمانی یه کان توو ره یه بو ئه وه ی که له جیاتی کوردیک که سیکی ئه رمه نی یان بو مقامیک دیاری کردووه و هه ربویه ش سه رزه نشتی کورده کان ده کا که بوچی ئه م "حیزی و بی ناموسی و بی دینی "یه قبوول ده که ن:
"بو که یه ناموس و عار و، بو چی یه ئیمان و دین \ خاچ و ئینجیلی له جیی ته فسیر و قورئان داده نی
مه دره سه ده یکاته جیی قیسسیس و ره هبان و که شیش \ بانگه ناقووسی، له ته کیه ش پییری مه تران داده نی
بو کوری چاک و کچی شیرینی رایکیشی به زور \ کوللی شار و دیهکه ده جاسووسی په نهان داده نی"
(هه مان سه رچاوه، ل ۱۷۸)

## فه رهه نگی فیئودالی

ئه هلی جه ننه ت نه شوان وگاوانه \ صاحیبی فه نن و عیلم و عیرفانه (ل ۱۸٦)
شوان و گاوان فه قیرترین به شی کومه لگای فیودالیین و دیاره له چوارچیوه ی ئه م نیزامه نه رخی کومه لایه تیان زور نزم ده بی. شیعره که ی سه ره وه شایه د شتیکی زور نه لی به لام لانی که م ئه وه مان پی راده گه یینی که جه ننه تی سیمبولیکی خواوه ندی، جیگه ی شوان و گاوان نیه چونکه ده بیت له وه زیاتر بیت تا ده روازه ی به هه شتت بو بکریته وه. له وانه یه بوتری که حاجی مه به ستی ئه وه نیه و ده یهه وی بلی به هه شتی ئه م دنیایه به "گاوان و شوان" ساز نابی. هه رچه ند ئه گه ر ئه وه ش قبوول بکه ین دیسان له ناشیرین بوون و دواکه وتووانه بوونی بیره که که م ناکاته وه، چونکه ئه وه خه تای گاوان و شوانی بیچاره نیه که دنیا نه بووه ته ئه و به هه شته ی حاجی داخوازی ده کا. گاوان و شوانه که له و دنیایه شدا به شیکی زور زیاتریان نادریتی.
شیوه ی به رهه مهینانی زال له کومه لگای کورده واری له سه رده می ژیانی حاجی قادر کویی دا فیودالی بووه. ئایین له و سه رده مه دا به شیکی لیک نه پساوی ده سه لاتی فیودالی بووه و مه لاکان ئایدیولوگه کانی زه وینی و رووحانی ئه و سیسته مه بوون. هه ر بویه شه که ئایین به و به ربلاوی یه خوی له ژیانی کومه لگا و کولتوره که یدا ده نوینی. له میژووی ژیانی مروف تا به ئه مرودا کولتوری زال له کومه لگادا هه میشه کولتوری چینی ده سه لاتداره بووه. حاجی قادریش له م راستی یه به ده ر نیه و موری کولتور و به رژه وه ندی چینایه تی به شیعره کانیه وه زه ق و ئاشکرایه.
حاجی شاعیری ره عیه ت و سه پان و ژیرده سته کانی کوردستان نیه، ده نگی ئاه و ده رد و ره نج و بی به شی ئه وان له ژیر سایه ی ئاغا و ده ره به گ و میره کانی کوردستاندا نیه. حاجی ئه م ده رده هه ر ناناسی، نه ک به هوی ئه وه ی که ئه و ده رده نه بووه، به لکو به هوی ئه وه ی که حاجی ئه و ده رده به ره سمی ناناسی و پیی وایه که ژیان ده بی وابی. به

لای ئه وه ره عیه ت ده بی ره عیه ت بیت و ئاغاش ئاغا. به پیی کولتوری فیودالی و بوچوونی ئایینی ئه مه قه ده ر و خواستی خوایه و خواستی خواش قسه کردن هه لناگری!

حاجی قادر نه ک هه ر له باری فیکری یه وه دوستی ئاغاواته کانی کوردستان بووه به لکو دوست و خه مخوره کانیشی هه ر له و چینه بوون. حاجی قادر ده ست و دلبازی به پیشه ی ئاغاکان ده زانی:

که سی پیاوه که دانی وه ک "حه ماغا" \ له بو ئه بنایی جینسی نان و خوانی

وه یا خود وه ک "ئه میناغا" به هیممه ت \ بکا بو قه صری میلله ت پاسه بانی (ل ۱۴۶)

ئه م شیعره ش که خوی به زمانی خوی هاوار ده کا:

ئه م مه سئه له مه شهووره گه ر قور ده که ی به سه رتا \ ئیکسیره خاک و خولی ده رمالی گه وره مالان (ل ۸۶)

"ره سمیکی قه دیمه، ده وری گه ردوون \ خه صمی نوجه بایه، هه مده می دوون" (ل ۱۹۶)

واته ئه وانه ی که له ره گ و ریشه وه ئاغا و به گزاده نه بن ئه گه ر به شتیک بگه ن دوونن واته بی نرخن. دونیا گوایه هه ر ئی نوجه بایه و "نانوجه با" بی نرخ و بی پایه ن!

"ته نبه لی کاری حییز و بی خیره \ ده ستی ماندوو له سه ر زگی تیره" (ل ۱۸۷)

ئه وی موحتاجی نان و پیوازه \ یا هه تیوبازه یانه می بازه (ل ۱۸۹)

به قسه ی ساده برسی تیر نابی \ عه مه له عیززی دین و دنیا بی (ل ۲۳۵)

له بیرمان نه چی که هه م له سه ره ده می ژیانی حاجی قادردا و هه م زور پیشتر له سه رده می ژیانی ئه ودا جوولانه وه ی گه‌رم و فراوانی دژی فیودالی ناوچه‌کانی ژیر ده‌سه‌لاتی عوسمانی‌یه‌کان و له ئیراندا له ئارادا بوون. حاجی وه ک مه‌لایه‌ک ناتوانی له جوولانه‌وه‌کانی جوتیاری و دژی فیودالی، "مه‌رعه‌شی‌یه‌کان"، "حروفی "یه‌کان، "بکتاشی" یه‌کان ﴿۷﴾ بی خه به ر بیت چون ئه م جوولانه وانه وه ک باوه ر ئالای ئایینی یان بووه و هه ر رووحانی یه ک هیچ نه بی به ناوی جوولانه وه ی "کوفر و ئیلحاد" له خویندنی مه لایه تیدا له گه ل وجوودی ئه م جوولانه وانه و بیر و بوچوونیان ئاگادار بووه. حاجی قادر یان ده بی زور له دنیا بی خه به ر بیت که ئه م جوولانه وه به هیزه جووتیاری و دژی ده ره به گایه تی یه ی نه دیبی یان ده بی به ئاشکرا خوی لی گیل کردبیت.

## ژن له شیعری حاجیدا

بوچوونی حاجی قادر سه باره ت به پله و نرخی ژنان، بوچوونیکی مه زهه بی و فیودالی و ته واو دواکه وتوانه یه. له م روانگه یه وه ژن نه فام و بی عه قله:

عه قله کی خوا داوی یه گه ر پیره ژن سه رفی بکا \ ده ستی روسته م با ده دا، توران له ئیران داده نی (هه مان سه رچاوه، ل ۱۸۰)

له م فه رهه نگه دا هه ر ئیهانه یه کیش ئه گه ر بتهه وی بکه ی به دوژمنه که ت، له ریگه ی ئیهانه ت به ژنه وه ده کریت:

ئه گه ر کوردیک قسه ی بابی نه زانی \ موحه ققه ق داکی حییزه، بابی زانی (هه مان سه رچاوه، ل ۱۴۶)

له بو ژن دی له کولان وه ک سه گی هار \ له ژن هه لدی به میثلی که ر له خانی

بلی به و سه ر کزوله ی کوزپه رسته \ به چاوی کلدراو و ریشی پانی (ل ۱۴۷)

ئه وانه ی مولکی خویان کرده ده وله ت \ وه کوو بت ده بپه رستن جه معی میلله ت

میثالی ئیوه بوون یا خود وه کوو من \ ئه وان بوچی پیاو بوون، ئیمه وه ک ژن (هه مان سه رچاوه، ل ۲۶۰)

بووکی دنیا وه ک ده لین وا بی حه یا و بی فه ر نه بوو \ هینده دامه ن هه لکراو و حییز و مالانگه ر نه بوو (هه مان سه رچاوه، ل ۱۰۴)

بو حاجی قادر ژن ته نیا کونیکی نه رمه که خوی پیدا بکات و نیازی جینسی یه که ی پی دابمرکینی یان کالایه کی جنسی و مولکیکه که بو سه رکوت کردن و "سه رشورکردنی" خاوه نه که ی ده توانی لاقه ی بکه یت. حاجی قادر لانی که م

به ده‌یان سال له سه‌رده‌می خوی له‌م باره‌وه دواکه‌وتووتره. حاجی به هیچ جوریک پیویستی نه‌بوو بو بیریکی ئینسانی تر سه باره ت به ئینسان به گشتی و ژن به تایبه تی له ئورووپا ژیابایه . جوولاونه وه ی "حروفیه" که به ده یان هه زار شه هیدی له عیراق و تورکیا و ئیرانی ئه و کاته دابوو، له بن گویی حاجی قادر رووی دابوو.

## حاجی و موسیقا

حاجی هه ر له هه مان روانگه ی ئیسلامی یه وه به توندی دژی موسیقا، دژی شه راب و مه ی، دژی خوشگوزه رانی و دژی ئه و کردارانه یه که له گه ل ده قی قورئان و ئایین نایه نه وه. هه ر له م روانگه یه شه وه یه هیرش ده باته سه ر موسیقاژه ن و گورانی بیژ و به "لوتی" ناویان ده با:

"ئه وانه ی بی شعور و گیژ و ویژن \ موطیعی لوتی خویری و هه رزه بیژن" (هه مان سه رچاوه، ل ۲۳۱)

عوسمانی‌یه‌کان به بروای حاجی خراپن چونکه له دین لایان داوه و به بروای حاجی دژی دینن. هه روه ها سه رکوتی عوسمانی یه کان ده کا چونکه بوونه فه ره نگی و ری و ره سمی فه ره نگ واته ئه وروپایان گرتووه ته به ر:

موقته زای ئاب و هه وای خاکی دیاری رومه \ ئه هلی سووتاوی مه یه، به سته یی ئاوازی نه یه

هینده بیگانه له ئیسلامن و ئه حبابی فه ره نگ \ موتته قی دیوه له لایان، موته شه رریع شه وه یه (هه مان سه رچاوه، ل ۱۴۰)

شیعری "ئه و روژه" به ره ی مروفایه تی ده باته وه سه ر کورد و ده لی کورد بنه چه ی هه موو ئینسانه و ده یگه یینیته وه سه ر که شتی نوح:

"هه ر سی کوری کردیانه مه سکه ن \ ئه و جی و مه کانه میثلی گولشه ن

ئیستاکه جزیره بی موحابا \ مه عمووره یی ئه ووه له له دونیا

ئه ولادی صه حیحیان به بورهان \ کوردن له مه کانی جه ددی خویان

سوککانی بیلادی روبعی مه سکوون \ (بالجمله) له مانه مونشه عیب بوون (ل ۱۹۵)

## ئایا ده‌کری به پیوانه‌ی ئه‌مرو له رابردوو ره‌خنه بگیری؟

مه‌سعود محه‌مه‌د هه‌روه‌ک له سه‌ره‌تای ئه‌م نووسینه‌دا باسی کرا له پیشه‌وه فه توای خوی داوه و ره خنه گرتنی له حاجی قادر به کفر له قه له م داوه و خوینی ره خنه گری حه لال کردووه! به لام هیچ شتیک ناتوانی به ر به چاوی تیژبین، تیروانین به پیی به رژه وه ندی چینایه تی و بیری نوی بگری، مادام که ئه م جیاوازی یه چینایه‌تییه له کومه لگادا له ئارا دابی و دانیشتوان و ئه ندامانی ئه و کومه لگایه به شیان له ناز و نیعمه ت و داهات و به رهه می کومه لگا وه کوو یه ک نه‌بی. سرووشتییه که به چه‌ندین چاو سه‌یری هه‌ر دیارده‌یه‌ک له کومه‌لدا بکری. میژوو لانی که‌م به دوو جور ده‌وتریته‌وه، یه‌ک له روانگه‌ی داراکانی کومه‌لگاوه و یه‌کی‌تریش له روانگه‌ی نه داراله داران و به‌رهه‌م‌هینه‌رانی نیعمه ته کانی سه رزه وییه وه.

ئاشکرایه که له کاتی لیکولینه وه و هه لسه گاندنی به رهه می نووسه ریک ده بی ئه و سه رده مه ی نابراو تییدا ژیاوه و هه ل و مه رجه کومه لایه تی یه کان له به ر چاو بگیرین.

حاجی قادر به پیی شیعره کانی شاعیریکی فیودال_ناسیونالیست_ئیسلامی یه. حاجی قادر ئینسانیکی نویخواز نیه و ته‌نانه‌ت شنه‌یه‌کیش له بیری نویی بورژوایی و دیموکرات وه بالای به‌رهه‌مه‌کانی نه‌که‌وتووه. حاجی سه‌رخوشی رابردووی قه وم و عه شیره ی "کورد"ه، ئه و رابردووه ی که له خانخانی و ئه ماراتی عه‌شیره یی و ئاغاواتی واتر نه بووه.

داخ و سوز و فرمیسکی حاجی قادری شاعیر بو ئه و ده ورانه له ده ست چووه یه و هیچ شتیکی تازه تری ناوی به لکو ته نیا دووباره وه دیهینانه وه ی هه مان سیسته م و هه مان ده سه لاتی کونی ئه ماراتی عه شیره یی و قه ومی کوردی یه.

"کوا والی یی سه نه ندوج، به گزاده یی ره واندوز \ کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بوتان

کوا ئه و ده مه ی که کوردان ئازاد و سه ربه خوبوون \ سولتانی مولک و میلله ت، صاحیبی جه یش و عیرفان" (ل ٨٦)

بانگه وازی حاجی بو راپه رینی خه لکه له دژی ئیمپراتوری عوسمانی و پیکهینانی حوکومه تیکی پاشایه تی و فیودالی یه به سه روکایه تی "خانی بابان". ئایا ده کری لومه ی حاجی قادر بکری بو ته بلیغ کردنی پاشایه تی و خانخانی له لایه ن ئه وه وه؟ مه سعود محه مه د ته نیا یه کیکه له وانه ی که جوابی ره د به م پرسیاره ده داته وه:

"هیشتا کورده واری به هوی فه لسه فه ی تازه داهاتوو فیری جنیودان نه بووبوو به ده ره به گ و بورجوازی و کونه په رستی تاکو حاجی قادریش له و به ره که ته هه ندیکی پی گه یشتبا" ﴿٨﴾

مه سعود محه مه د له هه لویست گرتن ته نیا جنیودان ده زانی. پیی وایه ره خنه گرتن و ره دکردنه وه ی شتیک هه ر به جنیو ده کری! حاجی مندالی سه رده میکی زور تایبه تی له میژووی مروفه. ئه و سه رده مه سه رده می شورشه به رده وامه کانی بورژوازی و کریکاری بوو. په نجا سال پیش له مه رگی حاجی مانیفستی کومونیست بلاو ببوه وه. ئه رووپا مه یدانی خه باتی نوی له گه ل کون بوو. فیودالیزم له هه موو مه یدانه کانی ژیاندا، له مه یدانی به رهه مهینان و بازار، سیاسه ت، هونه ر، فه لسه فه، سیسته می حقوقی و قضایی و... له حالی گیانداندا بوو. نه ته نیا جولانه وه ی دژی پاشایه تی و کومارخواز به لکو جوولانه وه ی سوسیالیستی و کریکاری له ته واوی ئه ورووپادا له گه شه دا بوو و به ره نگاری بورژوازی ئه و کاته ده کات. حاجی قادر له و سه رده مه دا ژیاوه و له کویره دییه کی تورکیا یان کوردستاندا نه بوو به لکو له جه رگی ئیمپراتوری عوسمانی واته ئیسته مبول ده ژیا که خوی ناوه ندیکی زور گرینگی سیاسی و ئابووری بوو و ده روازه ی روژهه لات بوو به ره و ئه رووپا.

حاجی قادر نائاگا نه بووه له ژیان و بیری نوی و ئه وه ی که له باقی دونیادا له کایه دا بوو.

"صه د قائیمه و قه صیده که س نایکری به پوولی \ روزنامه و جه ریده که وتوته قیمه ت و شان

بو فه ننی حه رب و صه نعه ت، بو ضه بط و ره بطی میلله ت \ ده ینیرنه ئورووپا گه وره و بچووکی خویان" (ل٨٨)

حاجی ده زانی له ئورووپا چ خه به ره و خه لک بوچی گه وره و بچووکی خویان ده نیرنه ئه وی. موشکیله ی حاجی نه زانین نیه به لکوو ئه و هه لبژاردنیکی ئایدیولوژیکی و سیاسی ده کا و له به رانبه ر به ره ی نویخوازیدا راده وه ستی. "شیعری ئوده با چاکه" (ل ١٨٥) نیشان ده دا که حاجی ئاگای له دونیا هه یه، له بورجی ئیفل، له سه نعه ت و تکنیک و خوینده واری و عیلم و زانست ده گات به لام حاجی قادر هه لبژاردنی خوی کردووه و به ره ی ئیسلامی و فیودالی کردووه ته مه ئوای خوی. ئه وه ی که حاجی وه ک "به سته ی ئاوازی نه ی" و "سووتاوی مه ی" و "ئه حبابی فه ره نگ" هیرشی ده باته سه ر، ئه وه پیشان ده دا که بیری غه یره دینی و شیوه ی ژیان و گوزه رانی غه یری دینی له پال ده ستی حاجیدا هه بووه، و خه لکانی واهه بوون که "فه ره نگ" و شیوه ی ژیانی "فه ره نگی"یان، واته شیوه ی ژیانی نویی دژی فیودالیان، ره چاوکردووه.

ته نیا شتیکی "فه ره نگ" که حاجی قادر به باشی ده زانی و خه لکی بو هان ده دا، فیری صه نعه ت بوون و "یه کگرتن"ه:

ئه ی خه ریکی رمووز و ناز و نیاز \ ئه ورپا فه ننی گه یوه ته ئیعجاز

قولله یی "ئیفل"ی له ئه فلاکه \ عه کسی ئه و گه ردشی له ژیر خاکه

ئه هلی جه ننه ت نه شوان وگاوانه \ صاحیبی فه نن و عیلم و عیرفانه (ل ١٨٦)

حاجی ته نانه ت یه ک وشه له سه ر مافی یه کسانی مروف، ئازادی بیرورا، هه لوه شاندنه وه ی سیسته می کونه په رستانه ی ئاغا و ره عیه تی، جودا کردنه وه ی دین له ده وله ت که هه مووی خواستی ته واو بورژواییین و له و سه رده مه دا له هه موو کوچه و کولانه کانی ئه رووپادا ده نگیان ده دایه وه، ناکا چونکه باوه ری پی نین. حاجی وه ختیک ده یهه وی خه لک دژی عوسمانی یه کان هان بدا پییان ده لی که ئه وان فه ره نگی یان خوش ده وین و دژی موتته قی و موته شه ریع، واته وشکه مه لاکانن:

"هینده بیگانه له ئیسلامن و ئه حبابی فه ره نگ \ موتته قی دیوه له لایان، موته شه رریع شه وه یه" (ل ۱۴۰)
هه ر وه ک وترا حاجی قادر مه جبوور نه بوو زمانیکی فه ره نگی بزانی و زور دوور بروا بو ئه وه‌ی که میک له بیری نوی و شورشگیرانه‌تر به‌هره ببات. "شیخ بدرالدین" ﴿۹﴾ چوارصه‌د سال پیش له دایک‌بوونی حاجی‌قادر به هوی رابه‌ری‌کردنی جوولانه‌وه‌ی دژی فیودالی له بازاری "سرز" له تورکیای ئه‌و کاتدا له دار درا. جوولانه‌وه‌کانی "سه ربه داران"، "پسخانیان"، "حروفیه کان" و "مه رعه شی" یه کان، هه ر له پال ده ستی حاجی قادر له ئارادابوون. شاعیرانی به ناوبانگ و ئینسان په رستی وه ک "حافظ"ی شیرازی و "عبیدزاکانی" زیاتر له ۳ سه ده پیش حاجی قادر ده ژیان و له باری فیکری و ئینسان‌دوستی‌یه‌وه لانی که‌م هه‌زار سال له حاجی له پیشتر بوون. حاجی پیویست نه‌بوو ببیته "هاینه "ی کوردستان (که له سه رده می حاجی دا ده ژیا) ، به لام ته بیعی یه که چاوه روانی ئه وه ی لی بکه ین که لانی که م له شاعیرانی ۳۰۰_۴۰۰ سال پیش له خویه وه له باری نرخه ئینسانیه کان دواکه وتووتر نه بیت! ته نیا سه یریکی شیعره کانی "حافظ" بکه ن بو ئه وه ی ته فاوه تی ئه م دوو شاعیره تان بیته ده ست. "حافظ" ئا به م جوره باسی ته فاوه تی ئایینی مروفه کان ده کات:
"همه کس طالب یار است، چه هوشیار چه مست \ همه جا خانهٔ عشق است، چه مسجد چه کنشت"
واته "هه موو که س به شوین خوشه ویسته که یه تی، چ وریا و چ سه رخوش \ هه موو شوینیک مالی خوشه ویستی یه ، چ مزگه وت بیت و چ کنیسه ی یه هوودیه کان"
جا وه ره و ئه وه له گه ل بوچوونی حاجی قادر سه باره ت به مه سیحیه کان به گشتی و ئه رمه نی یه کان به تایبه ت له کوردستان له شیعری "میری جزیر و بوتان" دا به رئاورد بکه! یان:
"یکیست ترکی و تازی درین معامله حافظ \ حدیث عشق بیان کن بدان زبان که تو دانی" ﴿۱۰﴾
واته له‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا تورکی و عه‌ره‌بی هه‌ر یه‌که، که‌وایه حافظ تو حدیثی خوشه ویستی به ر هه ر زمانیک که ده زانی بیلیوه.
ئه گه ر بو به رئاوردکردنیش بووبیت سه یری بوچوونی حاجی بکه ین سه باره ت به مه سه له ی زمان. حاجی قادر به توندی هیرش ده باته سه ر ئه و شاعیر و نووسه ره کوردزمانانه ی پیش خوی که به زمانی فارسی یان عه ره بی شتیان نووسیوه:

ئاخر ئه م عه قله یان هه بوو بویه \ گه ر سوله یمانی یه وه یا کوی یه
بوونه ئوستادی فارسی و تازی \ تا گه یشتن به فه خره که ی رازی
چونکه سه رمایه مالی خه لقی بوو \ وه قتی مردن هه موو به هیچ ده رچوو
وه ک مریشکی که عه قلی نه یهینی \ بیت و هیلکه ی مراوی هه لبینی
وه ک بگاته که ناری جوگه له یه ک \ نایه ته شوینی، بمری، جوجه له یه ک
جیی ئه مه ووشکه، جیی ئه وی ئاوه \ تیده گا قینگ درانی پی ماوه
(هه مان سه رچاوه، ل ۲۴۳)
حاجی قادر هیچ ئه رزش و نرخیک بو نووسینی ئه و نووسه رانه دانانی و راست و ره وان کاره که یان به "قینگ دران" داده‌نی. بو حاجی هیچ گرینگ نیه که ناوه‌روکی نووسینی ئه‌م شاعیر و نووسه‌رانه چی بووه. ئه سله ن ئه وه ی که به رهه می نووسه رانی کوردزمان که به عه ره بی و فارسی یان نووسیبی، خزمه تیکی به مروف به گشتی کردبی به لایه وه پووشیک ناهینی. موهیم به کوردی نووسینه و خزمه ت کردنه به کورد. حاجی به ئه ندازه ی تاله موویه کی "حافیظ"ی شیرازی بوی ئینسان په رستی و خوشه ویستی مروف به گشتی له میشکی نه داوه.

لیره دا حه یفه باسی شاعیری پایه به رز، شورشگیر و ئینسان دوست "عمادالدین سید علی نسیمی" نه که ین که له سالی ۸۳۷ی زایینی به وه حشیانه ترین شیوه گیانیان لی ئه ستاند. ﴿۱۱﴾ "نسیمی"یان به نیوی کافر و زندیق له به ین برد. ئه و یه کیک له هه لسووراوانی جوولانه وه ی "حروفی" بوو که "ئینسان" به لایانه وه پیروزترین شت بوو که هیچ شتیک

ناتوانی پاکانه بکات بو ئه‌زیه‌ت و ئازار و ژیرده‌سته‌بوونی ئه‌و. "نسیمی" مه‌حکوم به مه‌رگ کرا. له پیشدا به زیندوویی پیستی هه لده که نن، ئه مجار ده ست و پیی یه ک به یه ک ده برن تا گیانی له ده ست ده دا. دواییش ئاگر به رده ده نه له شی له ت له ت کراوی، به لام "نسیمی" تا کاتی گیاندانیشی ناله ی لی نایه وه و له باوه ره ئینسانی یه کانی پاشگه ز نابیته وه! حاجی قادر هه ر نه بی له خانه قاکاندا ده بی ناوی ئه م ئینسانه گیانبه ختکردووه ی بیستبیت هه ر وه ک چون ناوی "حافظ" و "سعدی" و "فیرده وسی" بیستووه و شاره زای به رهه مه کانیانه!

مومکینه بوتری که حاجی قادر زور لا یه‌نی پیشکه‌وتووشی هه‌بوون وه‌کو دژایه‌تی زور توندی ئه و له گه ل شیخ و صوفی:

ووشکه صوفی بلی به شیخی ته ره س \ با به سه رما نه یی میثالی هه ره س (ل ٦٦)

خانه قا و شیخ و ته کیه کان یه کسه ر \ پیم بلین: نه فعیان چییه ئاخر (ل ١٨٥)

به سه یرکردنیکی دیوانی شیعره که ی حاجی قادر بومان ده رده که وی که ئیدیعایه کی له م چه شنه زور ده ست کورته. ئه م شیعرانه ی خواره وه نیشان ده دا که دوژمنایه تی حاجی له گه ل شیخ و صوفی هه ر له چوارچیوه ی بیری ئایینی دایه و شه ره که شه ری ناوخویی یه. حاجی بویه شیخ و صوفی خوش ناوین چونکه پیی وایه ئه وان دژی دین و خوان، پیی وایه ئه وان موسولمانی ته واو نین و ترسی ئه وه ی هه یه که ئایین به هوی ئه وانه وه بی قه در و قیمه ت بیت:

"حه زده که ی تی بگه ی له بی دینی \ ببه ده رویشی شیخه کان به هه وه س (ل ٦٦)

له م هه موو شیخ و موریدانه ی ریا \ فه رده کی ناچیته مزگه وتی خوا

مه سجید و میحراب و مینبه ر بی که سه \ هه ر مه پرسه حالی چونه مه دره سه" (ل ٢٠٢)

هه روه ها ده بینین که ئه م دوژمنایه تی یه نه ک له گه ل شیخه کان به گشتی به لکو له گه ل تاقمیکی تایبه تی یه چونکه حاجی قادر له شوینی تردا مه دحی شیخ ده کات:

ئه من شیخم، سه رم شاخه، هه ناسه م \ نه سیمه، دیده کانی، میزه ره م ته م (ل ٧٣)

مه لا و شیخ و میر و پادشامان \ هه تا مه حشه ر ده ما ناو و نیشانی (ل ١٤٦)

مه م و زین و دیوانی شیخی جزیر \ گه لی چاکن به سه هلی بیننه گیر (ل ٢٠٩)

هه موو عالیم، هه موو شیخ و میرن \ زیره ک و ژیر و ئه هلی ته دبیرن (ل ٢١١)

یه ک به یه ک حافیظی شه ریعه ت بوون \ سه ییدی قه وم و شیخی میلله ت بوون (٢١٣)

## دواقسه

له کومه لگای ئه مروی کوردستاندا چه نده ها جوولانه وه ی کومه لایه تی له مه یدان دان که هه ر کام به شیوه ی خویان خه‌ریکی وه‌لامدانه‌وه‌ن به کیشه‌ی تا به‌ئه‌مرو چاره‌سه‌رنه‌کراوی نه‌ته‌وایه‌تی. ئه م جوولانه وانه هه ر کامه ی به پیی به‌ره‌ژه‌وه‌ندی چینایه‌تی‌یانه‌وه سه‌یری مه‌سه‌له‌که ده‌که‌ن و هه‌ر له‌و روانگه یه شه بوی ده چن. هیزه ئیسلامیه کانی کوردستان به‌شیکی جوولانه‌وه‌ی ناسیونالیستی ئه‌مروی کوردستانن. جیاوازی سه‌ره‌کی ئه‌مانه له گه‌ل هیزه ترادیسیونال_ناسیونالیستی یه کانی تری کوردیدا، وه کوو حیزبی دیموکرات و یه کیه تی نیشتیمانی، له پله ی یه که مدا پشت به‌ستن به ئایینه‌وه‌یه. یه‌کیه‌تی نیشتیمانی و حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ کات خوازیاری کورتکردنه وه ی ده‌ستی ئایین له ده‌وله‌ت و له سه‌ر ژیانی کومه‌لایه‌تی مروف نه‌بوون و به هه‌زار شیوه پشتگیری هیزه ئایینی و سوننه ته کونه په رستانه ئایینی یه کانیان کردووه.

حاجی قادر، شاعیری ئه م جوولانه وه یه، نه ک به هوی ئه وه ی که له سه رده می ژیانی ئه ودا ، بیر له وه تیژتر نه چووبی، به‌لکو ئه‌و ریک و ره‌وان لایه‌ن هه‌لده‌بژیری و ده‌چیته به‌ره‌ی ناسیونال_فیوداله کانه وه. هه رچه ند حاجی قادر ١٠٣

له وه پیش ئیمه ی به جی هیشت به لام بوچوونه  کومه لایه تی و سیاسی یه کانی ئه و جیاوازییه کی له گه ل بوچوونه کانی ئه و هیزه ناسیونالیستانه ی سه ده یه ک دوای ئه و له مه یدان دان، نیه. له راستیدا ئه وه زیاتر پیشانده ری دواکه وتوویی له راده  به ده ری ناسیونالیسمی ئه مرویه. حاجی قادر ته بیعی یه که شاعیری ئه م جوولانه وه یه بی و دیاره که له لای ئه وان و به تایبه ت له لای جه ماعه تی ئیسلامی خوشه ویست و به ریز بی. بو کریکار و زه حمه تکیشی کورد و بو ئینسانی پیشره وی ئه مرو، حاجی قادر هه ر ئه و حیسابه ی بو ده کری که بو باقی قسه که ران و بیره و انانی چینه داراکان ده کری: تیکدانی دونیای چه وسانه وه ی مروف به ده ست مروف و بنیادنانی دونیایه کی ئازاد و به رابه ر که هیچ که س له که س سه رتر نیه و هه موو مروفیک وه کوو یه ک به ریزه .

دونیای ئاره زوی کریکاری کورد له گه‌ل ئه‌و دنیایه‌ی حاجی قادر و هاوچینه‌کانی ئه مروی ئه و ده یبینن عه رز و ئاسمان فه رقی هه یه. ئاسوی ناسیونالیزمی ئه مروی کورد فراوانتر له ئاسوی جورج بووش، صدام حسین، ئاتاتورک یان مه‌لاکانی ئیران و ئه‌فغانستان نیه! ئه‌وه‌ی کریکاری کورد و ئینسانی ئه مروی کورد به گشتی بوی تیده کوشی ئه و دنیایه یه که "هاینه"ی ئالمانی و "ریبوار"ی شاعیری کومونیست له کوردستان بوی ده خوینن.

## په‌راویزه‌کان:

﴿١﴾_ "نه ته وه کان و نه ته وه گه ری"، ئیریک هابزبام Eric J. Hobsbawm، به زمانی سویدی، چاپی ١٩٩٨

﴿٢﴾_ "حاجی قادری کویی"، به شی یه که م، نووسینی مه سعود محه مه د، سالی ١٩٧٢، لاپه ره ی **٥٨_٥٦**

﴿٣﴾_ "حاجی قادر..." به شی یه که م، نووسینی مه سعود محه مه د، لاپه ره ی **٥٩**

﴿٤﴾_ "دیوانی حاجی قادری کویه"، لیکولینه وه و لیکدانه وه ی سه ردار حمید میران، که‌ریم مسته فا شاره زا، ١٩٨٦، لاپه ره ی **١٨٥**

﴿٥﴾_ "نه ته وه کان و ناسیونالیسم"، ئیریک هابزبام، چاپی ١٩٩٨ به زمانی سویدی، ل ٢٣

﴿٦﴾_ "ده وله ت، نه ته وه و ناسیونالیسم"، ئیرنیست گیلنر، چاپی ١٩٩٧، به زمانی سویدی، ل ٧٠

﴿٧﴾_ "حروفیه، تاریخ، عقاید و آرا"، روشن خیاوی، چاپ ٢٠٠٠، تاران.

﴿٨﴾ "حاجی قادر..." به شی یه که م، نووسینی مه سعود محه مه د، ل ٣٣)

﴿٩﴾_ "حروفیه، تاریخ، عقاید و آرا"، لاپه ره ی ٢٤٨

﴿١٠﴾_ "حافظ" غه زه لی ژماره ٤٦٩

﴿١١﴾_ "حروفیه، تاریخ، عقاید و آرا"، لاپه ره ی ٢٧٠

***

# کومەلیک وینەی سەفەریکی کوردستان

بەکر ئەحمەد (ئاسو)

ئە وە ی لیرە دا دە یخوییننە وە، کومە لیک وینە ن کە لە کاتی گە رانە وە مدا بو کوردستان گیراون. زوربە ی ئە و ناوانە ی کە لە م نووسینەدا هاتوون، ناوی راستەقینەی ئەو ئازیز و ئاشنایانەن، کە بەبی ئە وان زوریک لە م بروسکە خیرایانە نە دە گیران. هە ر بویە ش ناوە کانیان وە ک خویان دە نووسمە وە.

دە گە مە بە ردە م دوا سە یتە رە ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچە کانی ژیر دە سە لاتی خویدا. گە نجیک کە تە مە نی لە بیست سال تیناپە ریت، دیتە بە ر پە نجە رە ی لای شوفیرە کە وە و دە پرسیت: لە کویوە دین و بو کوی دە چن؟ من لەوەلامدا دەلیم: لە دەرەوە هاتوومەتەوە و بەرە و سلیمانی دەروین. کەمیک دەچیتە دواوە و دەلیت: «فەرموون! بەخیرچن بو ئەو شارەی کە لە خەویشمدا وازم لیناهینیت.» ئەو گەنجە دانیشتووی شاری سلیمانییەو بەوەی کە لایە نگری پارتی و چە کداری ئە و حیزبە بووە، ئیستا ناتوانیت سە ردانی شوین ژیانی خویی و کە س و کارە کە ی بکات. ئەم خەونە بو چەکداری سەیتەرەکەی‌تر کە خەلکی هەولیرە و لایەنگری یەکیتی‌یە، بەهەمان زمان و بە دەستەواژەیەکی کەمیک جیاوازتر دیتەگو. پاش ئەوەی لەوی دەردەچین، دەکەومە یادی خەونیک کە بربرەی شیعریکی جەلالی مەلەکشا پیکدەهینیت؛ «ئاخو دەبی ئەو روژە بی \ کاوەی کورم جانتای سەفەر کاتە شانی \ دەلالانی بەر گەراژی شاری سنە \ هاواربکەن \ سلیمانی، سلیمانی». ئاخو شیعر لە چ نەهامەتییەکی روحی‌دا بژی، کاتیک خەونی بەزاندنی سنوورەکانی نیوان دەولەتەکانی لیدەسینریتەوە و بچووکتر دەکریتەوە بو بە زاندنی سنووره کانی نیوان دوو شار کە دە کە ویتە چوارچیوە ی هە مان ولاتە وە؟

سەریکی ئەو گەرەکە دەدەم، کە هەموو مندالیمی لەناو کوچە و کولانەکانیدا حە شارداوە. دە ستیک لە و عە موودە دە دە م کە زور جاران لە گە ل مندالانی تری گە رە کدا پییادا هە لدە گە راین. تە نها هە ست بە گە رمی شوین پە نجە کانی خوم دە کە م. لە وشیاری دوکاندار دە پرسم: کوران و کچانی گە رە ک چییان لیهات؟ : لە من و خالید بە ولاوە کە سی تیا نە ماوە. مالە کانی گە رە ک پرن لە کریچی تازە. حە ساری ئیقتصادی مالی.... رە وانە ی ئیران کرد و ئیستاش هە ر لە بەندەر عەباس دەژین. کورەکانی... لە شەرەکانی یەکەمی یەکیتی و پارتیدا کوژران. کچەکانی.. شویان کرد و ئیستاش لە هەولیر دەژین. پیرەکانی گەرەکیش یەک بە دوای یەکدا و بە چولبوونی کولانەکانی گە رە ک، مردن. دراوسیکانی ئەو دیوتان بە مالەوە لە ئەلمانیان. کورەکەی .... لە ئاوی نیوان تورکیا و یونانەدا خنکا. روخساری ووشیار؛ توماری رووداوە کانی گە رە کیکە کە لە ماوە ی هە شت سالدا سە ری پی سپی کردووە و لە دە م و چاویشیدا؛ کە لە بیست و نو سال تیناپە ریت، پیریتی نیشتە جی کردووە.
کاتیکیش دوکاندار ی کولانە کە ی ئە و دیو گە رە کی خومان دە بینم، کە لە گە ل وشیاردا جیاوازیە کی ئە وتویان نییە، نا کە ومە هە والپرسینی کوران و کچانی ئە وی.

لە «گونا» دە پرسم: رووناک بو شووی نە کردووە؟ : خالە! ئیستا مودیلی هە شتا و سی دە بە ن. رووناک «مودیل»ی سالەکانی شەستە و پرچی سپی ژیر لەچکەکەی، بیرخەرەوەی «مودیل»یکە کە لە بازاردا دەمیکە بەسەرچووە.. ئوتومبیلیک لەبەر دەرگاکەی مالی خوشکمدا دەوەستیت و منالیک رادەکاتە ژوورەوە و بانگم دەکات کە هاورییە کی خوم بە «لیلی علوی» یە کە وە لە بە ر دە رگا راوە ستاوە. کاتیک منالان لە زمانی گەورە کانە وە ئوتومبیلیک بە لیلی علوی ناودە بە ن؛ ئاسایی تر دیتە بە ر گوی کە تە مە نی رووناک بە مودیلی سە یارە کان بپیوریت.

لەبەردەركى سەرادا، دوو پولیس كەسیكیان پیش خویانداوە و دارە ئەستوورەكانی دە ستیان كە لە ئامادە باشدان بو بەكارهینان لە پشتی كابراكەوە، سەرنجی من بو لای خویان رادەكیشن. من لەو دیمە نە ورد دە بمە وە، وە ک چون هەموو ریبوارانی دیكەی شەقام وا دەكەن. منالیكی بویاخچی؛ بە خویی و سندوقی بویاخكردنەكەیەوە، سەرنجی دیمەنەكە دەدات و رووەدەكاتە من: جا خو ماموستا، هەركەسی لەو دارا نەی بە ركە ویت، یە ک هە فتە گورانی بو ناوتریت. من لیی دە پرسم: بو تو هە موو روژیک گورانی دە لییت؟: ئاخر ئە گە ر هە موو روژیک گورانی نە لییت، لە م ولاتە دا زووتر دە مریت.

لە بە ردە م ئوتیلی ئاشتی یە وە سواری تاكسییە ک دە بم و دە مە ویت بگە مە لای مالە كانی ئیصلاح. شوفیرە كە كابرایە كی تە مە ن چل سالانە یە و تە واو مە ستە. ئوتوموبیلە كە ی، زیاتر لە عە رە بانە دە چیت وە ک لە ئوتوموبیل. من بە گومانم لە وە ی بمگە یینیتە شوینی خوم. ئە و دە لی: پە لە مان چییە؟ شە یتان پە لە ی كرد چاوی كویر بوو. بویە منیش كوتایی بە وە دە هینم كە بلیم: توزیک خیرا لیبخورە. پیی دە لیم: بیرت لە وە نە كردوتە وە كاریكی تر پە یدا بكە یت و واز لە م سە رە تانە بهینیت؟ : بە شە رە فم هیندە نە گبە تم، ئە گە ر ماستاویش بخومە وە دانم دە شكینیت. لە گە رمە ی شە رە كاندا، بریارمدا ببمە گورهەلكەن؛ بەلام لە بەختی مندا، شەریش وەستا. پاش بیست و پینج دە قیقە، كە بریار بوو پینج دە قیقە بخایە نیت، دە گە مە شوینی مە بە ست. شوفیرە كە زە ردە خە نە یە كم بو دە كات و دە لی: نە مووت هە ر دە گە ین.

لە گە ل كومە لیک هاوریمدا، لە شە قامی مە ولە وی رادە وە ستین. كە سیک كە بە جل و بە رگە كە یدا لە «شیت» دە چیت لە ناو جە رگە ی شە قامە كە دا راوە ستاوە. ریبواریک كە بە و بە ردا تیدە پە ریت، هاواریک دە كات: شیتە چە قی ریگاكە بەردە! ئەگینا وەک كاكە شیتەكەی‌ترت، ئوتومـوبیلیک دەتشیلیت. روخساری وەستاوی سە ر چە قی ریگاكە بو من ئاشنا نییە. ئاخر وەک چون سلیمانی گەورەتر دیتە پیش چاو و ئالوگوریكی گەورەشی بەسەردا هاتووە، ئاواش شیتە كانی شار لە زیاد بووندان. حە مە؛ ئە و كە سە ی كە لە ناوە راستی شە قامە كە دا راوە ستاوە و لە ئیمە دە روانیت، یە كیک لە و روخسارە نوییانە یە. سالاری هاوریم بانگی دە كات و جگە رە یە ک و لە فە یە ک گە سی بو دە كریت. سالار كە پیشتریش ئاشنایە تی لە گە ل حە مە دا هە یە، چاوە ریی دە كات تا هیمن بیتە وە. حە مە د دە لیت: كاک سالار ئیزعاجیان كردووم، دوكاندارە كان پیم رادە بویرن. جنیوم پی دە دە ن. ئە زانی چی كاک سالار، من حە زدە كە م لە گە ل ژناندا دانیشم، ئاخر ئەوان گالتەم پیناكەن. ئەوان پر لە ئیحساسن. لە كوردستاندا، روژانە چە ندە ها ئافرە ت دە كوژرین و كە س و كارە كانیان خویان ناكە ن بە خاوە نیان. دە كری لە سە ر گورە بیناوە كانیان بنوسریت: ئە وان پر لە ئیحساس بوون، بویە كوژران.

كاتی بە ربوونی قوتابخانە یە و شوینیش نزیک قوتابخانە یە كی ناوە ندی كچانی گە رە كی سە رچنارە. ژمارە ی ئە وكچانە ی بی حیجابن، لە ژماردن نایەت. حیجاب و جبە لەبەریش دانە دانە. پەیوەندییەكانی نیوان بازار و دین لە گە رە كی هە واری تازە و سە رچناردا دە كریت تیشكیک بخاتە سە ر حیجاب و جبە و جل و بە رگی ئاسایی تر. لە و شوینانە دا كە ریفاهی كومە لایە تی ئامادە یی هە یە، لە كوردستاندا نە ک وە ک بە رپرسیاریتی دە ولە ت بە رانبە ر بە هاولاتیان، بە لكو وەک شوین پیی ئینسان لە پروسەی نزیكایەتی بوون لە پلەی خاوەن سەرمایە بوونەوە؛ ئەوا ئامادەیی دین و كاریگە ری دانان لە سە ر ئینسانە كان، تا لە شیوە ی رە فتار و چونیتی خو پوشینی ئە واندا، ژمارە كانی جبە و حیجاب دە كاتە دانە دانە. ئە م هاوكیشە یە، لە نە بوونی ریفاهی كومە لایە تی و نیشتە جیبوونی هە ژاری لە مالە كاندا پیچە وانە دەبیتەوە و ژمارەی حیجاب و جبەكان دەكاتە هەزاران. كاتیكیش بوونی چەندەها كادیری مووچە بە دولاری یەكگرتووی ئیسلامی لە گەرەكە هەژارنشینەكاندا لەبەر چاو بگرین، ئەوا ئیتر بوونی حیجاب و جبە، دەبیتە سیمبولی سیاسی بو رە وتیک.

نه سرین له مالی ئاشنایه کدا ده بینم. ئافره تیکی ته مه ن سی سالانه یه و بیوه ژنه و خاوه‌نی دوو منالە. گیرانه وه ی زور یادگاری خوش و نوکته که هه ندیکیان بونی سیکسیان لیده هات، پیکه نین ده کاته شادییه کی ساتەوه ختی کوره که. من رووده که مه نه سرین: ده کری قه ناعه تیکی مه زهه بی له پشت حیجاب و جبه که ی به رته وه هەبیت؟: نا، به لام له سه ری ده ژیم. منیش خوم هینده گیل نیشان ناده م تاکو بپرسم: ئاخر چون؟

له مالی ئاشنایه کدا داده نیشم و ته ماشای ئه و ئه لبومه ده که م که میژوویه ک له ژیانی کوردستانی له خوی گرتووه. هه‌ندیک وینه‌ی ناو ئه‌لبومه‌که که هاوسه‌ری ئاشناکه‌می تیایه و له ناو زانکوی سلیمانیدا گیراوه؛ رووم پیده کاته گیلاس: ته ندووره وه ک "مینی جوب" دیته کوردستان. ته نانه ت کچانی مه لاکه ی گه ره کی ئیمه و کچانی حاجی خاوه ن دوکانیش مینی جوبیان ده‌پوشی. ئیستا ته‌نووره‌کان به گشتی زور دریژن، چ پیوه‌ریک ئه‌م کورتی و دریژییه‌ی ته ندووره کان ده خوینیته وه؟ گیلاس ده لیت: ئه و کاتانه هوها نه بوو.

ئه ورووپا خه ونیکه و مال به مال ده گه ری. که سیک لیم ده پرسیت: راسته ده لین له وی سه د ساله کاره با نه کوژاوه ته وه؟ دیلمان ده لی: دراوسیی براده ریکم گه یشتوته نه رویج و ره سمیکی ناردووه که له دوکانی میوه فروشیکدا گرتوویه تی. به ده ستیکی ده موزی هه لگرتووه و به ده سته که ی تریشی له و ژماره یه زیاتر؛ له پشتی وینه که شدا نووسراوه: ئه ها من چون ده‌ژیم؟! له سه‌ر شه‌قامی پیره‌میرد دوکانیکی وینه‌گری لییه و به جامخانه‌ی دوکانه‌که‌یدا چه‌ندین وینه هه لواسراوه که خاوه نی دوکانه که یه و له ژیریشیدا نووسراوه:...... گه یشتوته هوله ندا.

له نامه یه کدا که له ئه سته مبوله وه هاتووه: "تا ئیستا هه شت جار خوم له ده ریای ئیجه داوه و گیراوم. هه ر جاریکیش ده چمه سه ر ئاو، به ده نگی به رز هاوار ده که م و گورانییه که ی ناسر ده خوینم و ده لیم: پیت ناخنکینریم گومه شین! تو فه ره ج کول له پشت و شاسوارت قوت دا. به لام له به رانبه ر مندا هیچت پیناکریت. گومه شین گویت لی بیت! یان گورستان یاخود یونان."

دیارده ی کوچ سه رتاپاگیره. سه نته ری لاوان و گه نجان له راپرسییه کی گه وره دا که به سه‌ر زوریک له گه نجان و لاواندا دابه‌شی کردووه ده‌پرسیت: تو پیت وایه هوی کوچی گه‌نجان بو هه‌نده‌ران ده‌گه‌ریته‌وه بو که‌مبوونه‌وه‌ی هه‌ستی نه ته وایه تی لای ئه وان؟ دوو گه نج له پاسدا له پیش منه وه داده نیشن. یه کیکیان ده لیت: به گوری شه هیدان به یانی کاسیته که ت بو ده هینمه وه. ئه وی دیکه ش ده لیت: کام شه هیدان؟ شه هیدانی سه رچنار یان زه رگه ته؟

روژانه زیاتر له سه‌د گه‌نج، سه‌د نیری کورد، کوردستان جیده‌هیلین. ریژه‌ی ژن‌هینان و شوکردن، ئه‌گه‌ر هیلیکی به‌یانی بو بکیشریت سه‌ر به‌ره‌وخواره. ئه‌وانه‌ی خیزان پیک ده‌هینن: یان که‌سانیکن که له باری ماددییه‌وه ده وله مه ندن، یان که سانیکن له ئه ورووپاوه دینه وه. له هه ردوو باره که شدا؛ به قسه که ی گونا: «مودیل» ی هه شتاو سی ده به ن. ئه گه رچی مودیلی خوشیان شه ست بیت. له کویستان و شه وبو و شوخان ده پرسم: ده رچوونه ده ره وه ی نیری کورد و شوکردنیش به پیی هاوکیشه ی مودیله کان، ئافره تی کورد له چ باریکی نه فسیدا راده گریت؛ کاتیکیش ئه وه بزانین که خوشه‌ویستی کردن له ده‌ره‌وه‌ی خیزان قه‌ده‌غه‌یه؟ شه‌وبو ده‌لی: ئه‌ی بو ناپرسیت سه‌نته‌ری «نه‌وا» ؛ ئه‌و سه نته ره ی بو ئه و ئافره تانه یه که له باری نه فسییه وه کیشه یان هه یه، هینده پره؟ شوخان ده لی: سوپاس بو سه ته لایت، که چه ندین که نالی ڤینوسی تیایه.

کاک فاتیح ملیونه‌ره‌و بریاره کوردستان جیبهیلیت. پیی ده‌لیم بو؟: ئیره ولاتی قه‌زا و قه‌ده‌ره. سه‌رمایه ئارامی سیاسی ده ویت. ئیستا حیزب سه رمایه داره. کی ده توانی بچیته مزایه ده یه که وه کاتیک مه سئولین کاره کان بو خویان

کونترول ده که ن. ئاخر ناکریت چوار ملیون بخه یته گومه وه وگومرک له سه دا هه شتا و پینجی قازانجه که ت له گه لدا به شکات. من ناتوانم ژیانیکی ئاسووده و ئارام بو خوم و منداله کانم دابینکه م.

له تاکسیدا دانیشتووم و هه واله کان باس له دوا ئه نجامه کانی دانیشتنه کانی نیوان پارتی و یه کیتی و ریککه وتننامه ی واشنطن ده که ن. به شوفیره که ده لیم: پیت وایه ریک بکه ون؟: کوره خو خوا که ری نه کردوون؟! کی خوا میلله تیکی که ری وه ک ئیمه ی ده داتی، کاتیک ئه و له ولا تیجاره تی ملیون دولاری روژانه ی خوی ده کات و ئه میش له ملا به هه مان شیوه. ئومه ممی موته حیده ش بایعی ته وزیع ده کات و به خیوکردنی ئه و خه لکه ی له کول کردوونه ته وه. من و هه زاران که ری که ش نووزه یه ک ناکه ین. ئازیزه که م! دووکان و بازاری وا کی خوا ئه یداتی؟ ئیستا هیچ ناکه ن، دین و گیرفانیان ده که ن به یه ک. ئاخر گیرفانه کان جیاوازترین، بی ده ردی سه ری تره بو ئه وان.

شوکاک ده لی: له سه ربان مه خه وه! ساردی کردووه و تاقه تم نییه به یانی به چه کوش و قه له م بتکه مه وه. ده چمه ناو جیگاکه و له م بی کاره باییه ی شاردا له ئاسمان ده روانم. کچه شه ش سالانه که ی دیته لام و ده لی: ئه ها ئه و هه موو چوله که یه، ده سته کانی بو ئاسمان راده کیشیت. ئه ی من بو نایان بینم؛ وه لامی ده ده مه وه. چون نایانبینیت؟ ئه ها ئه و هه موو ئه ستیره یه. من بیده نگ ده بم: بو نازانیت، ئه ستیره کان، چوله که کانی به یانینن. ئه وان به روژ دینه خوار و ئیوارانیش ده فرنه وه و ده چنه وه بو کونجی ئاسمان و له و به رزه وه سه یرمان ده که ن.
بو روژی دوایی، دیمه وه مال و ده چمه سه ربان. ده مه و ئیواره له فرینی ئه و چوله کانه ورد د ه بمه وه؛ که به ره و سه ره وه، به ره و جه رگه ی ئاسمان، پول پول ده فرن.

راسیزمیک به کولانه کاندا ده گه ری. له سه ر کورسی چاپخانه کاندا چه نده ها ده خاته پیکه نین. ته نانه ت منالانی ورده واله فروشیش ده ستی ده گرن و ده یبه نه شوینی تر. هه ورامییه ک مانگایه کی زه ردی پییه؛ جیاوازی نیوان هه ولیری و سه ماوه ر چییه؛ که رکوکییه ک و دوو که ر پیکه وه ریده که ن. راسیزمیک نوکته ی کردوته روژنامه ی خویی و کونج به کونجی ماله کانی کوردستان ده گه ری.

«قه ره ج دزه، قه ره ج دروزنه، قه ره ج.....»، ئه م به گشتی کردنه بو سه رنجدان له ئینسانه کان که له ژیر چه تریکی ئیتنی و کولتوریدا پیناسه ده کرین، ئیزابیل فونسیکا ناچارده کات که گه شتیکی پینج سالی بکات بو ناو جیهانی قه ره جه کان و دنیای به گشتی سه رنج لیدراوی ئه وان. ئیزابیل له بری وینه یه کی له یه کچووی قه ره جه کان، قه ره ج له بوونیکی کومه لایه تی جوراوجوردا ده دوزیته وه که پیناسه کانی؛ کولتوری قه ره ج؛ فه رهه نگی قه ره ج ناتوانیت ببیته شوناسیکی ده سته جه معی. ئه مرو له کوردستاندا پیویست به ئیزابیلیکی تر ناکات تاکو گه شتی چه ندین ساله ی خوی بو کوردستان ده ست پیبکات و به و ئه نجامه بگات: که چه تریک نیه ئینسانی کوردی له ژیردا کوبکریته وه و پیی بوتریت کولتور یان فه رهه نگی کورد. ئاخر زور سه خت نیه ئه وه ببینیت که چون: هه ر بزووتنه وه یه کی سیاسی، له و شوینانه دا که بالاده ستی سیاسی خوی هه یه؛ جوریک له فه رهه نگ و کولتووری کومه لایه تی له لای ئینسانه کان به رهه م ده هینیت. فه رهه نگ و کولتوریک که له شاریکی وه ک هه له بجه دا بالا ده سته، ده بیته جیی توانج و پلاری که سیکی تر که له کارگه ی ئه لبیسه دا کارده کات. ئه وه ی که له جیهانی ئه مرودا "ده کری دژی مارکس بیت، له گه ل مارکسدا بیت، به لام به بی مارکس نا بیت" به ته واوه تی له کوردستاندا ئاماده یی خوی هه یه.

«ئه وانه ی که رویشکیان خوشده ویت، ده بنه رابه ر» ، په یامی نووسه ری ئیرله ندی «روبیرت ماککلایم ویلسن»ه. ماککلایم ده نووسیت: ئه گه ر ده ته ویت له دنیای ئه مرودا که سیک دیفاع له مافه ئینسانیه کانت بکات؛ باشتر وایه که ببیت به دره ختیک یاخود فیلیک.»

هیچ کاتیک ئینسان وەک بابەت لەمرودا و لە کوردستاندا، هیندە پیویستی بە دووبارە سە رنجدانە وە نە بووە. کە چی شیعری کوردی بە شیوە ی گشتی؛ لە مە رگی مارمیلکە کان و پیربوونی هە نجیر و نالە ی لە قلە ق و ترە کاندنی هە نار و بونکردنی بن بالی زە ردە والە کاندا ویلە. ئامادە یی سهرابی سهپری لە کوری روشنبیری و شیعری کوردیدا هیند گە ورە یە کە زور جار خوت لە بە رانبە ر چە ندین وینە ی شیعریدا دە بینیتە وە؛ تە نانە ت لە بە رهە می شاعیران و روشنبیرانیکدا کە خاوە ن ناو و قە لە می ناسراوی خویانن، کە خوینە ر هە ست دە کات شیعریکی سهرابە و بە کوردی نووسراوە. ئامادە یی سهراب بە تایبە ت لە مروی کە شی روشنبیری کوردیدا، لە خو دوزینە وە ی شاعیری کوردا نییە بو دووبارە ریز لیگرتنە وە لە سروشتیک کە دیدی زالی ناسیونالیزمیکی دیهاتی، پشیلە ی بە سپلە و کوندە پە پووی بە شوم و گولالە سورە ی بە شای گولان لە قەلەم دەدا. بەلکو ئامادەیی سهراب بەرئەنجامی زالبوونی دیدیکە کە تیایدا: (روشتنی ئەو شە مە ندە فە ری کە «فقە» دە بات لە لا سە نگینترە لە روشتنی شە مە ندە فە ریک کە سیاسە ت دە بات و خالی دە روات.) .
کەچی شاعیری پولونی دومبورشکا لە کومەلە شیعری یوتوپیادا دەلیت: ئەو پرسیارانە یشی هیشتا نە مانکردوون، سیاسین. مام برایمی عەرەبانچیش دەلی: ئەو کاتانەی هیرشی عەرەبانە شکاندن سە رتاپای شارە کان دە گریتە وە، یە کسە ر دە زانم جە ولە یە کی تری شە ر بە ریوە یە. ئاخر ئە وان دە یانە ویت ئیمە لە هە ر هوکاریکی خوبژیوی پە یداکردن بی بە ری بین، تاکو بینە چە کداری ئە وان.

هە والی سە ختترین بومبارانی سە رایڤو لە مالە کە مدا وە ک بومب دە تە قیت. من کەنالە کە دە گورم تا کچە کە م وینە سامناکە کانی جە نگ نە بینیت. ئە و دە پرسیت: بابە! کاتیک شاریک بوردوومان دە کریت، کوترە کانی بو کوی دە چن؟ من بیدە نگم. ئە و لیمدە روانیت و دە چیتە ژوورە کە ی خوی. روژی دوایی. بابە! ئە مرو لە «سلوتس سکوگن» بووین. پولی کوتر بە سە رماندا فرین؛ بە لام هیچکامیان لای قاز و مراوی وکوترە کانی سە ر ئاوە کە نە نیشتنە وە. بابە! تو پیت وانییە کوترەکان هیشتا ترساوبن. لە شەهین دەپرسم، کە مالیان، دەبیتە جیگای خەستترین شە رە کانی یە کیتی و پارتی: کەنارییەکەت زور خوشدەویت؟: بەلی. بەلام کەناریەکەم شیت بووە. دەپرسم بو؟ چونکە بو زیاتر لە چە ند شە و و روژیک هە ر گویی لە زرمە ی توپ و تە قە ی گوللە بوو. ئیستاش کاتیک بمە ویت بوم بخوینیت، دە بی تە قە تە قی بو بکە م، یان بە دە م، فیشە کی بو بتە قینم.

لە شوفیریکی ناو شاری دهوک دەپرسم: کەمتر سەیتەرە لە ناوچەکانی ژیر دەسە لاتی پارتیدا دە بینریت؟ کە میک بیدە نگ دە بیت و لیم دە روانیت: سە یتە رە و چە کداری بو چییە، کاتیک دە ستگای پاراستن جوولە ی بچووک و گە ورە ی کومە لی لە ژیر چاوە کانی خویدا دانابیت؟

لە گە ل هاوکاردا دە گە ینە سە ر پردە کە، لە و شە قامە ی کە بە بە ر مزگە وتی گە ورە دا هە لدە گە ریت، پاسیک راوە ستاوە و چاوە روانی پر بوونی کورسییە کانیە تی. هاوکار دە پرسیت: خە تی ئە و پاسە، چ تیبینیە کت لە لا دروست دە کات؟ من سە رنج دە دە م: راپە رین \ئاوارە کان. بو ساتیک، دە گە ریمە وە بو چە ند روژیکی دوای راپەرین و لە گە ل هاورییە کمدا بە ئوتوموبیل بەشەقامی قەناتدا هەلدەگەریین. هاوریکەم سەرنجیکی ئەو بەری شەقامەکە دەدات و پیم دەلی: گولە بە روژە فروشە کە ی سە ر جادە ی قە نات؛ پیرە میردە حە فتا سالانە کە، هیشتا بە دیار گولە بە روژە کە یە وە دوش داماوە. قسە کانی هاوریکە م بو من روشن نین. ئە و پاش کە میک بیدە نگی دە لیت: ناکری ئە وە ی کە گولە بە روژە فروشە کە ی جادەی قەنات هەر لە شوینی خویدایەتی و بستیک جیگورکی نەکردووە، خویندنە وە یە کی ترمان بو چە مکە کانی راپە رین و ئازادی پیبدات؟ پاش ساتیک لە دنیای خە یالی خومدا دیمە دە ر و دووبارە دە گە ریمە وە بو سە ر شە قامی پردە کە و بیر لە کارتونی سە ر پاسە کە دە کە مە وە: راپە رین \ئاوارە کان. بوچی لە ناو پە یامە کانی راپە ریندا، ئاوارە یی جیی دەبیتەوە؟ بوچی ئاوارەیی و راپەریوان لە رستەیەکدا کو دەکرینەوە و دەبیتە وینەیەکی سادەی بەرچاوی ئینسانە کان؟

سواره‌ی ئیلیخانی زاده، له لیدانه‌وه و ناساندنی شیعری "شه‌وه"ی فاتیحی شیخولئیسلامیدا، تیشکیک ده‌خاته سه‌ر پیره میرده گوله به روژه فروشه که ی سه ر جاده ی قه نات و هوی ئاماده یی چه مکی ئاواره یی له ژیانی راپه ریواندا ئاوا ده ناسینیت: ئاده میزادیکی سه رلیشیواو و کلول بینه به رچاو. له شه ویکا، شه ویکی کپ و کروکاس، هه تا چاو برشتی هه‌بی تاریکییه و بیده‌نگی؛ وه‌ها که ئاده‌میزاد ئه‌سیری شه‌وه و ته‌نانه‌ت له بوونی خوشی ده که ویته دوو دلییه وه. ته نانه ت هه ناسه کیشان و روانینی چاو و هه ست پیکردنی سامی شه و، ناتوانی ئه و دلنیاکه ن که هیشتا زیندووه. له م حاله‌دا، له‌م حاله‌دا که نه ته‌واو نه‌بوونه و نه ته‌واو هه‌بوون، ده‌نگیک له دوورترین سووچی شه‌وه‌وه دیته گوی. ئاده میزادی به ندی زیندانی شه وگار، هه ست ده کات که زیندووه و شعوری گه رمی هه بوون به گیانیا ده گه ری. ده نگه که پە‌ره‌گر ده‌بی، به‌رزتر و نزیکتر دیته‌به‌رگوی. ئاده‌میزادی تاسه‌بار ته‌واوی هه ستی خوی له گویی دا کوده کاته وه تا بزانی ئه م ده نگه خوشه که مزگینی ژیان و هه بوونی پیوه یه چییه؟ به لام ده نگه که هیشتا دووره. ناچار ئاده میزادی به سوی و تامه زروی ده نگی بزووتنی ژیان، بیر ده کاته وه: جاری به دلیا دیت ئه مه ده نگی نووحه. جاری له به رخویه وه ده‌لی: نا! ده‌نگی نرکه‌ی ته‌ور به‌ده‌ستیکه که خه‌ریکی هه‌لپه‌رتاوتن و برینی لق‌وپوی دارسانه تا ریگایه ک به ره و شاری رووناکی بکاته وه. جاریکیش ده لی: ئه مه ده نگی ده نووکی مه لی به یانه که په رژینی سه ختی شه و کون ده کا تا ده‌روویه‌ک له‌سه‌ر پرشنگی هه‌تاو بکاته‌وه. ده‌نگ هه‌ر دی و نزیکترده‌بیته‌وه تاکو ده‌بیت به شه‌قژنیکی تال و مه رگ هین. له پیشا ئاده میزاد له بیده نگی و خاموشی شه و ده ترسا، ئه مجار ده روونی پرده بی له سامی ده نگه که و تیده گا: ئه و زه مزه مه نه رمه که له دووره وه وه ک پته ی سه ر ئاو بوو وه زایه له ی ده تگوت هه لقولینی کانییه، کاتیک نزیک بوه‌وه، بوو به ده‌نگیکی ترسینه‌ری مه‌رگاوی که چه‌شنی شه‌وه گه‌رووی ئاده‌میزادی ته‌نیا و به هه‌له‌چوو ده گوشی.

ئه وه ی که جی گورکی یه ک له ژیانی پیره میردیکی سه رشه قامیکی کوردستاندا پیک نایه ت و پاسی خه تیکی شاره کانی کوردستان بو دوو گه ره ک ده چیت که یه کیکیان گه ره کی راپه رینه و ئه وی دیکه یان گه ره‌کی ئاواره کانه؛ ده کری ئه و پرسیاره بهه ژینیت: خه لکی کوردستان به دوای کام ده نگه وه راپه رین؟ به لام پرسیاری شیاو بو ئه مرو له رابووردوو نیه؛ هینده ی پرسیاریکه له داهاتوو: ئایا زایه له ی ئه و ده نگه له مرودا بو خیلی راپه ریوان له هه لقولینی کانی ده چیت؟

❊❊❊

# دو نامه له جه‌وهیل

وه گیرانی بو کوردی: ئه‌سعه‌د حاج حسنی

جه وهیل یه کیکه له ملیونها گیان به ختکردوانی شه ری چینایه تی. ئه وه ی وا ناوی جه وهیل ی زیندوو راگرتووه ئه وه نیه که ئه و به تاوانی پیاوکوژی یه ک که ئاگاشی لی نه بوو گولله باران کرا، به لکو ئه وه یه که ئه و له ریبازی هونه ری یه وه توانایی ده خسته ناو ریزی کریکارانه وه بو شه ری چینایه تی و پاراستنی مافی خویان. گورانی و هه لبه سته کانی له نیو کریکاران و خه باتگیراندا زور زوو وه رده گیران و به کارده هینران و هه ستی شورشگیرانه یان ده خسته کایه وه.
زور جار له به‌ربه‌ره‌کانیی نیوان کریکاران و خاوه‌نکاره‌کاندا، کاتیک ریزی کریکاره کان لاواز ده بوو و رووی ده کرده کولدان، گورانیه کان و ته نزه توند و تیژه کانی جه وهیل تینی ده خسته ریزی کریکارانه وه و ده بوونه هوی سه رکه وتنی ئه و به ربه ره کانییانه.
ئه و شیوه هونه رمه ندانه ی وا جه وهیل له شه ری چینایه تیدا به کاری هیناوه لای ئیمه زور به که می به کارهاتووه یان هه ر به کار نه گیراوه.
وه رگیراوی ئه و دوو نامه یه ی (۱) جه وهیل بو ناساندنی شیوه ی هونه ری ئه و وه ک کریکاریکی تیگه یشتووی تیکوشه ر و ده وری هونه ر له خه بات و تیکوشاندا ـ هه ر چه ند کورت ـ پیشکه ش ده کریت.
له تاریخی نامه کان ده رده که ویت که هه ندی شتی باسکراو له واندا کونن و ئه مرو وه ک ئوسوولی به دیهی وان. به لام ئه وه ی شایانی سه ره نجه ئه و بیروبوچوونه یه وا جه وهیل وه ک خه باتکاریکی هونه رمه ند بو هه لخراندن و وه گه رخستن و یه کخستنی هیز و هه ستی خه باتکارانه له نیو کریکاراندا له و سه رده مه دا باسی کردوون.

## نامه‌ی یه‌که‌م

سه رنووسه ری سولیداریتی(۲)

ده بینم که له "سوول"دا (۳) ده تانه وی جاریکی تر گورانیه کان چاپ بکه ن. منیش هه ندی ئالوگور و راستکردنه وه م له گورانیه کاندا کردووه که پیم وایه کتیبه که که میک چاکتر ده نوینیت و له ته ک ئه م نامه یه دا ده‌یاننیرم.
منیش باش له وه ئاگادارم که هه ندیکی زور شورشگیری راسته قینه هه ن که باسی ئه وه ده‌که ن که گورانی و ته نز له ریکخراوی کریکاریدا جیگایان نیه و منیش قه بوولی ده که م که گورانیه کان بو بزوتنه وه که پیویست نین، و کاتیک "ئیلهامم بو دیت" ده‌ست ده‌ده‌مه سازکردنی گورانی بی عه‌قلانه‌ی زورتر، هه‌ر چه ند چاک له جددی بوونی شه ری چینایه تی تیگه شتووم.
نامیلکه یه ک هه ر چه ند باش بیت، قه ت زورتر له یه ک جار ناخویندریته وه، به لام گورانی د ه نیشیته دله وه و جاره های جار ده گوتریته وه. لای من مسوگه ره ئه گه ر که سیک بتوانیت واقعیاتی سارد و بیروح بخاته گورانیه که وه و به گالته و شوخی، وشکی ئه و "واقعیاته" بسریته وه، ده توانیت له گه ل جه ماوه ریکی زوری کریکار پیوه ندی بگریت که زور زانا نین یان زوریان پی خوش نیه نامیلکه یه ک یان په رتوکیک ده رباره ی ئابووری بخوینه وه.
شتیک هه یه وا بو هه لخراندنی ئه ندامه کونه کان و وه رگرتنی ئه وانه ی وا ده کریت ئه ندام بن له خه باتی چینایه تیدا پیویسته، ئه‌ویش پیاسه و رابواردنه. شورشگیره سویدیه‌کان به‌و راستیه‌یان زانیوه. ئه‌وان هه‌موو حه‌وتوویک کوبوونه‌وه‌یان هه‌یه و به‌م شیوه‌یه توانیویانه له ریکخستنی کریکارانی ژندا له هه موو میلله تانی دنیا سه رکه وتنی

بەرفراوانتریان ببیت. ژنانی کریکار لە ئەمریکادا ـ بەتایبەت لە کەنارەکانی خورئاوادا ـ لە بە رچاو نە گیراون، بە و شیوەیەی کە ئیمە دەعبایەکی یەک لاقی سەیرمان لە "یەکیەتی کریکاری" دروست کردووە و هەلپەرکی و شاییەکانمان بە هوی زور "پیاوانە" بوونیانەوە یەکنەواخت و غەیری تەبیعین، و ئە و ژیان و جم و جولە ی وا تاقە ژنیک دە توانیت پیکی بهینیت، تییاندا کە مە.
بوچوون ئە ویە کە جوریک هە ستی کومە لایە تی لە دوستایە تی چاک لە نیوان کریکارانی نیر و می دا پیک بیت، کە تا رادەیەک تامی کومەلی داهاتوومانیانی پیشاوپیش دەداتی و زیاتر بو خەباتی چینایەتی و لە ناو بردنی سیستەمی کونی دارزیو هانیان دەدات. پیم وایە بوچوونیکی زور باش دەبیت کە ژنە ریکخە رە کانمان وە ک "گورلی فلاین"(۴) Gurley Flyn بینینە کایە وە بو بنیادنانی بە تایبە ت ریکخراویکی بە هیز لە نیو ژنانی کریکاردا. ئە وان زورتر لە پیاوان دە چە وسینە وە، و "جان بال" John Bull پیی خوش دە بیت ئە و راستیە دە رخات کە ئە وان لە خە بات و هە ستی شورشگیرانە دا لاوازیان نیە.
بە پەیرەوی لە نموونەی هاوکارە سویدیەکانمان، و تەوەجوهیکی کەمیک زیادتر بە پیاسە و رابواردن و گورانی و گالتە و رابواردنی راستەقینە، لە راکیشان و هەلخراندنی خوینی جواندا، ژن یا پیاو، بو یەک "یەکیەتی‌یەکی کریکاری" گە ورە سە رکە وتنمان دە بیت.

خوشتانم دە ویت بو گورانکاری ــ جە وهیل
بە ندیخانە ی هە ریمی "سالت لە یک"
۲۹ نوامبری ۱۹۱۴

## نامەی دووەم (۵)

سام مورای Sam Murray
دوست و هاوکاری خوشە ویست.

نامە کە ت گە یشتە دە ستم و دە بوو زووتر جوابم بدایە تە وە، بە لام خە ریکی کار لە سە ر دانانی چە ند کاریکی موسیقی بووم و کاتیک "ئیلهامم" بو دیت، ناتوانم دە ستی لی بە ردە م تاکو تە واو دە بیت.
پیم خوشە کە دە بیسم لە جیاتی مە وزووعاتی سە نعە تی خە ریکی ئە وە ی هە ر دوو سە ر بگە یینیتە وە بە یە ک، بە لام خوشبین بوون لە م دونیا شکودارە پر فراوانیە دا بیهودە یە. خوپاراستن (صیانت نفس ـ وە رگیر) یە کە م یاسای سروشتیە یان دە بیت وا بیت. لە بار و دوخی تە بیعیدا، گیان لە بە رە کان ریگە یە کمان نیشان دە دە ن. هە موو کاتیک لە برسیە تیدا لە هە ولی ئە وە دان شتیک وە چنگ بخە ن و بیخون، دە نا لە و تە قە للایە دا دە مرن. ئە مە تە بیعیە و لە برسان مردن غە یری تە بیعیە.
نە، من ئە و گورانیە م دە ربارە ی "تیپیریری" Tipperary نە بیستوە بە لام هە روا کە بە لینت داوە ئە گە ر بومی بنیریت، لە وانە یە سە بارە ت بە "فریسکو فە یر" Frisko Fair شتیکی لی سازکە م. من لە بارودوخی ئیستای فریسکو ئاگادار نیم و هەمووکاتیک کە گورانیەک دروست دەکەم تیدەکوشم شتەکان ئەوجورە وا هە ن نیشان بدەم. ئەلبەت بو دە رخستنی روونتری راستیە کان دە کریت توزی تام و چیژیشی تیکە لاو کریت.
ئەگەر نوتەی موسیقاکەم بو بنیریت و بە گشتی ئەو خالانەی وا هەلی گالتە پیکردنیان هەیە بدەیتە دەست، تیدە کوشم ئە وە ی وا لە دە ستم بیت بیکە م.

دوستی تو بو یە ک "یە کیە تی کریکاری" گە ورە ـ جە وهیل.
سالت لە یک سیتی Salt lake city

۲دیسامبری ۱۹۱۴

## پەراویزەکان:

۱ـئه و دوو نامه یه له کتیبیک به و ناو نیشانه ی خواره وه وه رگه رانه ته وه بو کوردی.
The letters of Joe Hill, Philip S. Foner, 1965

۲و۳ـ Sol کورت کراوەی Solidatritate رۆژنامەیەکی ئەو کاتی I.W.W، کورت کراوەی Industrial workers of the world ریکخراویکی رادیکالی سەندیکالیست لەو سەردەمەدا. لە سەرەتای ئەم سەدەیە لە ئەمریکا پیک هات. لە سەرەتاوە دەوریکی زور گەورەی لە خەباتی کریکارانی کە ناره کانی خورئاوای ئه مریکادا هه بوو. به لام به دوای شه ری جیهانی دووهه مدا ئه ویش وه ک هه موو جه ره یاناتی دیکەی سه ندیکالیستی لی به سه ر هات.

۴ـ Elizabeth Gurly Flyn ریکخه ری I.W.W که ده وریکی گرینگی له پشتیوانی و دفاع له جه وهیل هه بوو.

۵ـ "سام مورای" له ۲ی دیسامبری ۱۹۱۴ دا وای ده زانی که جه وهیل له زیندان دایه نامه ی بو ده نووسی و داوای لی دەکات گورانیەک بو ئیعتراز بە بیکاری و سەفی پیازاو Soap وەرگرتن لە نیوەراستی "سانفرانسیسکو فەیر" Sanfrancisco Fair ی پر لە زەرق و بەرق دا دروست بکات. لە وەلام بە داخوازیەکانی جەوهیلدا، مورای "ریگایە کی دووره تاکو تیپیریری" گورانیە کی ناسیاوی نیوان سه ربازه ئینگلیزیه کان له ئه و سه رده مه دا و هه ر وه ها نوته ی موسیقا داوا کراوه که یشی بو ده نیریت. جه وهیل گورانیه که وه رده گیریته وه به ته نز و ده نووسی "ریگه یه کی دووره تا ئاخری سەفی پیازاو". زوو هەر بە دوای ئەوەدا کە گورانی پیازاو خوینرایەوە لە تە واوی کە نارە کانی خوراوا دا کە وتە سە ر زاران.

***

# ۲۵ مین سالروژی مەرگی ئوژن پوتیە

نووسینی: لنین
وریا لە ئینگلیزیە وە کردوویە بە کوردی

نوامبری پار یانی نوامبری ۱۹۱۲_ بیست و پینج سال بە سە ر مە رگی کریکار و شاعیری فە رانسی، "ئوژن پوتیە" دا تیپە ربوو. پوتیە خولقینە ری سروودی پرولتاربی بە ناو بانگی ئەنترناسیونالە. ئە م سروودە وە رگیراوە تە سە ر هە موو زمانە ئە وروپیە کان و زمانە کانی تریش. لە هە ر ولاتیکدا کە کریکاریکی وشیار پە یدا ببی، بە هە ر چارە نووسیکە وە کە بە سە ریدا سە پابیت، هە ر چە ند خوی بە نامو بزانی، بی هاوزمان و بی برادە ر بزانی و هە ر چە ند دوور بی لە و شوینە ی کە تییدا بە دونیا هاتووە، دە توانی بە کوری ئاشنای ئینترناسیونال هاوری و بە رادە ر بدوزیتە وە.

کریکارانی هە موو ولاتە کان سروودی جە نگاوری پایە بە رز و شاعیری پرولیتاریایان کردووە بە هی خویان و کردوویانە بە سروودی جیهانی پرولیتاریا. هە ر بە و بونە وە ئە مرو کە کریکارانی دونیا بیرە وە ری "ئوژن پوتیە" ریز لی دە گرن، هاوسە ر و کچە کە ی زیندوون و بە هە ژاری دە ژین، هە ر وە ک چون نووسە ری ئەنترناسیونال بە دریژایی ژیانی لە دە ستە نگیدا ژیا.

"ئوژن پوتیە" ۴ی ئوکتوبری ۱۸۱٦ لە شاری پاریس لە دایک بوو. ۱۴ سالان بوو کە یە کە مین سروودی خوی بە نیوی "بژی ئازادی" دانا. لە ۱۸۴۸، یانی لە شەرە گەورەکەی کریکاران لە دژی بورژوازی، لە سە نگە رە کاندا بوو و شە ری کرد. "پوتیە" لە بنەمالەیکی دەستەنگدا چاوی بە ژین پشکوت و هەموو ژیانیشی، وە ک پرولیتە ریک، دە ستە نگ مایە وە. ئە و بە کار لە مە عمە لە کان، پیشتر لە بە شی "بە ستە بە ندی" و پاشان لە بە شی "تە راحی"دا ژیانی خوی دابین دە کرد.

"ئوژن" لە ۱۸۴۰ بە دوواوە بە سروودە خە باتکارانە کان، بە بلاوکردنە وە ی وشیاری لە دژی دوواکە وتوویی، بە بانگە وازی کریکاران بو یە کگرتوویی و بە رخنە گرتنی بنە رە تی لە بورژوازی و حکوومە تی بورژوایی فە رانسە، لە هە موو رووداوە گە ورە کانی فە رانسە دا دە وری بینیوە.

لە روژە کانی کومونی مە زنی پاریس دا، "پوتیە" وە ک ئە ندام هە لبژیردرا؛ لە ۳٦۰۰ دە نگ کە درا، ۳۳۵۲ی هینا. ئوژن لەهەموو مەیدانەکانی هەلسوورانی کومون، یانی یەکەمین حکوومەتی پرولیتاریا دا هەلسووراو بوو. بە تیکشکانی کومون، پوتیە بە ناچار هەلات بو ئینگلیز و پاشان رویشت بو ئامریکا. سروودی بە ناوبانگی "ئە نترناسیونال"ی لە مانگی شە شی ۱۸۷۱، یانی روژیک پاش شکستە خویناویە کە لە مانگی مە ی، دا نووسی. کومون شکا، بە لام "ئە نترناسیونال"ی پوتیە، ئایدیاکانی لە سە رتاسە ری جیهاندا بلاو کردە وە و ئیستا زیندووترە لە پیشوو.

"ئوژن" لە ۱۸۷٦ شیعریکی نووسی بە نیوی «لە کریکارانی ئامریکاوە بو کریکارانی فە رانسە». پوتیە ژیانی کریکاران لە ژیر دەسەلای سەرمایەداری، و لەوانە برسیتی، کاری تاقەتپرووکین، چەوساندنەوە و ئیمانیان بە سەرکەوتنی چاوەروانکراوی ئامانجەکانیانی، لەو شیعرەدا باس کرد. ۹ سال پاش کومون، "پوتیە" گەرایەوە بو فەرانسە و دە سبە جی بوو بە ئە ندامی "حیزبی کریکاران". لە ۱۸۸۴ یە کە مین بە رگ لە شیعرە کانی بلاوکرایە وە؛ لە ۱۸۸۷ بە شی دووهەمیان بە نیوی "سروودە شورشگیرانەکان" بلاو بووە وە. ژمارە یە ک لە سروودە کانی پاش مە رگی کریکاری شاعیر کە وتە بە ر دە ستی خوینە ران.

کریکارانی پاریس لە ۸ ی نوامبری ۱۸۸۷ تە رمی "ئوژن پوتیە" یان لە گورستانی پرلاشز یانی لە و شوینە دا ناشت کە کوموناره ئیعدام کراوەکانی لی نیژرابوون. پولیس وەحشیانە هیرشی کردە سەر جەماعە ت تا ئالا سوورە کە یان لی بستینی. ژمارە یە کی زور لە ناشتنە کە یدا بە شداریان کردبوو و لە هە موو لایە کە وە دروشمی "بژی پواتیە!" دە بیسرا.

"ئوژن" لە تەنگدەستیدا مرد. بەلام یادگاریکی نەمری لە دوای خوی بە جی هیشت. ئەو یەکی لەو گەورەترین مبلغانە یە کە بە سروود تە بلیغی دە کرد. کاتیک "پوتیە" یە کە مین سروودی خوی دانا ژمارە ی کریکارانی سوسیالیست

بە دەیان کەس دەگەیشت، بەلام ئیستا ئەوانەی سرووده میژوویی یەکەی "ئوژن پوتیە" دەناسن دەیان میلیون پرولیتارن.

## سەرچاوە:

١ـ لە ژمارە ی ٢ مانگی ٢ی ١٩١٣ی «پراودا» چاپ کراوە.

❊❊❊

# له سه‌ر مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه
## چه‌ند پرسیاریک له ئه‌میری حه‌سه‌نپوور

مصلح شیخ الاسلامی (ریبوار)

گوڤاری "جهان امروز" وتوویژیکی کردووه له گه ل ئه میری حه سه نپوور، سه باره ت به "نه ته وه، مه سه له ی نه ته وه یی و بزووتنه‌وه نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی کوردستان". ئه‌م وتوویژه وه‌رگیردراوه‌ته سه‌ر کوردی‌و له گوڤاری گزینگ ژماره ٢٣، به هاری ١٩٩٩ (١٣٧٨)دا بلاوکراوه ته وه. ناوبراو له م وتوویژه یدا هه ندیک بیروڕای ده ربریوه که جیگای سه رنجن. من به ته مام چه ند پرسیاریکی ره خنه گرانه ی لی بکه م، بزانین هه ندیک له قسه کان چلون ده چنه وه سه ریه ک.

### سه‌ره‌تا

له‌م باسه‌دا من ده‌قی کوردی ته‌رجه‌مه کراوی گزینگ له به‌رچاو ده‌گرم. گه‌رچی، به‌پیی داوای خوم له کاک ئه میریش، ئه و خوی کوپی یه کی له ئه سله فارسی یه که ی بو ناردووم که بتوانم به گویره ی پیویست بچمه سه ر ده قه فارسی یه که ش.

وتاره‌که دوورودریژه‌و لیره‌دا مه‌جالی ئه‌وه نیه بچینه‌سه‌ر هه‌موو لایه‌نیکی. من به‌ته‌مام پرسیاره‌کان له مه‌سه‌له‌ی ناسیونالیسم و نه‌ته‌وه‌و له‌وه‌ی که مه‌سه‌له‌که‌له‌روژی ئه‌مرودا چلون ده‌بینری، دوور نه‌که‌ویته‌وه. باسه‌کان هینده به رینن که پیم وایه فرسه ت و مه جالی تری پی ده وی تا لیکدانه وه کان بگه نه مه نزل. با جاری ئه م هه نگاوه مان نابی.

### نه‌ته‌وه عه‌ینی‌یه یان ناسیونالیسم؟

ئه‌میر وه‌ک مارکسیستیک دیته نیو گفتوگوکه‌و له باسی ناسیونالیسمدا ده‌لی: "شک نیه که له روانگه‌ی مارکسیسمه وه، ناسیونالیزم، (جویکردنه وه ی به شه رییه ت له سه ر بنه مای پیوه ندی نه ته وه یی) وه ک ئیده ئولوژی هیچ ماکیکی پیشکه وتنخوازانه ی نییه و به و مانایه سه ر به رابوردوویه، به رهه لستی هه لدانی کومه لگایه و کونه په رستانه یه. به‌لام ناسیونالیزم، وه‌ک بزووتنه‌وه‌یه‌کی سیاسی دژی زولمی نه‌ته‌وه‌یی، ناکری ته‌نیا به‌پیوانه‌ی ئیده‌ئولوژی هه لسه نگیندری".

ئه‌میر له دریژه‌ی باسی "خه‌باتی" نه‌ته‌وه‌یی‌دا ده‌لی: "له چوارچیوه‌ی پیوه‌ندییه‌کانی خه‌باتی چینایه‌تی.....دا ده‌ورگه‌لیکی ئالوز و پر گوران وه‌خو ده‌گری که به‌ناچار له هه‌لویسته ئیده‌ئولوژیکه کانه وه سه رچاوه ناگری." به لکوو به‌رای ئه‌و "خه‌باتیکی سیاسی بورژوا_دیموکراتیکه که پیوه‌ندی نزیکی له‌گه‌ل شورشی سوسیالیستی هه یه." لیره دا پرسیاریک دیته پیش: ئه میر، که خوی هیچ ماکیکی پیشکه وتنخوازانه له ئایدولوجی ناسیونالیسم نادا، کامه نموونه ی عه ینی له "خه باتی" سیاسی ناسیونالیستی خه ریکه لای ئه میر ماکیکی پیشکه وتنخوازانه ی ده ست ده که وی؟ دیاره من مه‌به‌ستم حالی حازر و ئه‌م زه‌مانه‌یه؛ ده‌نا ده‌توانی له ئیتالیای سه‌ده‌ی هه‌ژده نموونه‌بینیته‌وه که له باری میژوویی‌یه‌وه جیاواز بوو. ئه‌مه وت‌وویژیکه و کتیبی تاریخ نیه ده‌نا زیاتر مه‌جال ده‌بوو ریاکاری و پارادوکسی ئازادیخوازی بورژوایی بخریته روو. به لام زیاتر پرسیاره کانی من ده گه ریته وه سه ر ئه وه ی که ئه میر ناوی ده نی خه باتی ناسیونالیستی و کراسی ته به رروکی به به ردا ده کا. ئایا پاش ئه و هه مووه ته جره به تاله له کوردستان و هه نده ران ناکری

خه بات بو لابردنی زولمی نه ته وه یی به شیوه یه کی تر و به نیویکی تر بی؟ کاتیک بورژوازی کورد سه د جار مه سه له که یان دوراندوه، کاتیک به نیونیشانی حیزبه ناسیونالیسته کانی کوردستان، زولمی میللی، هه ر بیانوویه که بو به شداربوون له ده سه لاتی بورژوایانه ی ده وله ته کانی ناوچه دا و، وه سیله یه که بو موعامه له ی "سیاسی"و بو شه ری نیوخویی بورژواکان؛ کاتیک ئه م حیزبانه، تا جاریک باسی مافی میللی بکه ن سه دجار سویند به سه ری ده وله ته مه رکه زی یه کان ده خون که له خودموختاری زیاتر هیچیان ناوی، ئایا ئاشکراتر له هه میشه ده رنه که وتووه که نابه رابه ری میللی، وه ک سفره یه کی پربه ره که ت وایه بویان که باوه شی بو ده گرنه وه و دوعای عومردریژی بوده که ن؟ ئایا میژووی سه ده ی بیسته م، و به تایبه ت ده هه ی ۹۰ (له بالکان بو نموونه)، نیشانی نه داوه که ناسیونالیسم، ته نانه ت ئه گه ر ئه میریش نیوی بنی بزووتنه وه یه کی دژی زولمی نه ته وه یی، هه ر مه عنای بوحرانی بی برانه وه و پیسترین شه ری نیوان ئه و به شه رانه یه که هه تا دوینی، هه تا نه چووبوونه خه لسه ی ناسیونالیسمه وه، وه ک هاوسی و خزم وخویش و ته نانه ت ژن ومیرد پیکه وه ده ژیان؟ ئه و ده وله ته تازانه ی ئاسیا و ئافریقا، به تایبه ت دوای شه ری دووهه م چه نده له سه ر ئه ساسی ناسیونالیسمی میلله تی بنده ست دروست بوون؟ ئه گه ر هه ندیک دوورتر له هات وهاواری روژنامه و میدیا و به سه رنجی عیلمی و مارکسیستی یه وه سه یری دروست بوونی ئه و ده وله تانه بکه ین چه ندیان له سه ر داخوازی نه ته وه یی و چه ندیان له سه ر مه سله حه تی سه رمایه ی گه وره و بازار و به پیچه وانه ی ئاشکرای داخوازه ناوچه یی و میللی یه کان دروست بوون؟ ئه میر گه لیک جار له وت وویژه که یدا ئیشاره به عه ینی بوونی نه ته وه ده کا. هه رچیش ئیشاره ی پی ده کا هه ر عه ینی بوونی ناسیونالیسم، وه ک بزووتنه وه یه کی کومه لایه تی بورژوایی، ده گریته وه، نه ک نه ته وه وه ک شتیکی عه ینی! پرسیاریک ئه وه یه بوچی ته ماشایه کی نموونه ی عه ینی ۲۲ ده وله تی عه ره بی، نزیکه ی ۳۰ ده وله تی ئافریقایی، ئه وانی ئه مریکای لاتین و هتد نه که ین؟ نموونه ی وه ک کویت و پاناما ته نیا ئاشکراترین نموونه کانن له "ده وله ت_بازار". ئیسرائیل، ئایا ده وله تی نه ته وه یی یه؟ یه هوود نه ته وه یه یان ئایین؟ نیوسه ده شه ری بیبرانه وه که دریژه که ی له داهاتوویه کی تاریکدا ونه؛ زامی ناسوری له خوشه وه بوون نه هاتووی روژهه لاتی نیوه راست که بووه ته خوراک بو ئه نواعی فانایسم و فاشیسم به س نیه بو ئه وه ی چاویک به م پرسیارانه دا بگیرینه وه ؟ ئایا پیویستی یه کی فه وری نیه که مه سله حه تی کونه په رستانه و دژی به شه ری سه رمایه و بازار له مافی چاره ی خونووسین جیابکه ینه وه؟ کونگو به به ر چاوی لوموموباوه دابه ش کرا. یه کیه تی "نه ته وه ی" عه ره ب و یه کیه تی ئافریقا له ئوسطوره به ولاوه تر نه چوو. هیشتا ئایا نه ته وه دیارده یه کی عه ینی یه یا ناسیونالیسم وه ک بزووتنه وه ی کومه لایه تی بورژوایی، بیره حمانه وکویرانه نه ته وه کانی داتاشیوه؟ بوچی کویت و پاناما و سینگاپور ئاسان ده بنه ده وله ت به لام له ئاستی کوردستاندا مه سه له که هینده گریکوله یه؟ چونکو کورد، وه ک ناسیونالیسته کان به ته حقیره وه ده لین، "میلله تیکی خوخورن"؟ یان ده وله تی کوردستان له سه ر مه سله حه تی سیاسی و ئابووری سه رمایه داری نیه؟ بو چی ئیمپیریالیسته کان له سه ره تای بیسته کاندا (۱۹۲۳) به په یمانی "سیڤر" ده وله تی کوردی یان سه لماند به لام پاش ماوه یه کی کورت به په یمانی "لوزان" (۱۹۲۵) له وه پاشگه ز بوونه وه؟ ئایا هوی دیکتاتوری شیخ مه حموود بوو؟ یان به پیچه وانه ئه وان، پاش ئه وه ی نه یانتوانیبوو سوڤیه ت به شه ر برووخینن، پیویستیان به دیکتاتوری به هیزتر، له هاوسی یه تی سوڤیه تدا، بوو که پیش به ته نینه وه ی کومونیزم بگری و ره زا شاو ئاتاتورک باشتر ئه و مه به سته یان دابین ده کردو ده وله تی کوردی ئیتر ده بووه موی لووتی ئه وان؟ ئه میر ئه مانه نیو ده نی حاشاکردن له عه ینی بوونی نه ته وه؟ به لام خوی "دامه رزاندنی سنووره نه ته وه یییه کان" و "پیکهینانی بازار و ده وله تی نه ته ویی" ده خاته یه ک کاتیگورییه وه. ئایا زیاتر له دوو سه ده میژوو نیشانی نه داوه که هه ر ده وله تیکی "نه ته وه یی" له گه ل مه سله حه تی چینایه تی بورژوازی و خودای سه ر زه وی، (بیخوینه ره وه سه رمایه)، نه گونجا هاتن کلک وگوی یان کردو پاکستان و بنگال و په نجابیان لی قرتاند؟ ئه میر ده لی "ناسیونالیسم لایه نیکی زه ینی یه و ناتوانی خولقینه ری لایه نی عه ینی بی که ناسیون یان میلله ته". جاری، وه ک کوردی ده لی، "کویخا خوی مه شموله"! جاری ئه وه خوی پرسیاره که ئایا "ناسیون یان میلله ت" عه ینی یه یان زه ینی یه!؟ ستالین زوری حه ول دا که ته عریفیک(definition) له میلله ت بدا به ده سته وه. نه تیجه که ی له داوه شاندنی سوڤیه ت به ده یان "چیچینستان" واوه تر نه چوو. به لام لایه نی عه ینی خولقینه ر له م پیوه ندی یه دا بازاری

سه‌رمایه‌یه كه په‌رده‌ی ناسیونالیسم و مه‌سله‌حه‌تی میللی كیشاوه به‌سه‌ر مه‌نفه عه ت په رستی درندانه ی خویداو دابه‌شكردنی بازاری گه‌وره‌وبچووک نیو ده‌نی ده‌وله‌تی نه‌ته‌وه‌یی (و له سه‌ر "ده‌وله‌تی نه‌ته‌وه‌یی" كویت(!!) (بیخونه‌ره‌وه چاله‌نه‌وت) به‌میلیون خه‌لک به‌كوشت ده‌دا). پاشانیش ئایا ناسیونالیسم، به مه‌عنای بزووتنه‌وه‌ی بورژوایی دابه شكردنی بازاره كان، خوی كه م عه ینی یه؟ ئه ی كی بوو له سه ده ی بیسته مدا چه نده ها شه ری جیهانی و ناوچه‌یی خولقاند؟ ئایا ناسیونالیسمی زه‌ینی بوو یا عه‌ینی كه نیزه‌ی سه‌ربازی فه رانسه یی كرد به زگی سه ربازی ئه لمانی دا؟ یان چه قوی هاوسیی ئه رمه نی كرد به زگی ژنی ئازه ری دا؟ كی بوو كاره ساتی قارنی وقه لاتانی خولقاند؟ "نه‌ته‌وه"ی ئیران؟ "نه‌ته‌وه"ی فارس؟ یا تورک؟ یاناسیونالیسمی ئیرانی؟ كی بوو دیهاتی كوردستانی داگرت و ئاگری به‌ردایه كیو و ده‌شتی كوردستان؟ "نه‌ته‌وه"ی عه‌ره‌ب بوو یا ناسیونالیسمی به‌عسی؟ كی یه شه ری نیوخوی حیزبه بورژواییبه‌كانی كوردستان، به‌پیچه‌وانه‌ی مه‌یل و داخوازی خه‌لكی كوردستان، ده‌خولقینی جگه له ناسیونالیسمی كوردی؟

ته ماشای ده وله ته كانی ئیستا بكه. كامه یان نموونه ی عه ینی نه ته وه به ده سته وه ده ده ن؟ ده توانی بلیی چاله نه وته كانی كویت، یان قه‌ته‌ر، یان به‌حره‌ین به‌لام ئه‌مانه به‌هیچ مه‌عنایه‌ک ده‌وله‌تی نه ته وه یی نین. به لكو به ش به شیكی حه ساس له بازاری جیهانین كه، نه ک به گویره ی ئه وه ی گوایه گشت له نه ته وه ی عه ره بن به لكو، به گویره ی قازانجی شیركه‌ته‌گه‌وره‌نه‌وتی‌یه‌كان كراونه "ده‌وله‌ت" (بیخوینه‌ره‌وه قولچماخی چاله‌وان). ناسیونالیسمی ئیرانی، تا دوینی، به‌حره‌ینی به به‌شیک له ئیران داده‌نا. ناكاو بازاری گه‌وره‌تر واده‌خوازی كه وانه بی و به چوونه ده ری ئیستیعماری بریتانیا، به حره ین ده بیته ده وله ت! كه وایه نه ته وه ی ئیران كامه یه؟ نه ته وه كانی ئیران كامانه ن؟ كورد، ئایا یه ک نه ته وه یه یان زیاتر؟ كوردی یه ک زمانه یان زیاتر؟ به لی پرسیار زورن. پرسیاری گه وره و بچووک كه وه لامیان ده وی. ئایا ئه‌گه‌ر به‌م جوره‌و به چاویكی عیلمی ته‌ماشای مه‌سه‌له‌ی كورد و میژووی بزووتنه‌وه‌ی ناسیونالیستی كورد بكه‌ین چاره‌سه‌ری باشتر وئینسانیتری بو نابینینه‌وه؟ تیئوری مه‌غشوش‌و سه‌رلیشیوینی نه ته وه له هیند و پاكستان زیاتر مایه ی شه ری بیبرانه وه ی ده وله ته كانیان بووه تا مه عنای شتیكی عه ینی بدا. نه ته وه ی عه ره ب كامه ده وله تی بووه؟ تا قه‌دیمیش بوو خه‌لافه‌ت و ئیمپراتوری به‌خوی نه‌ده‌گوت ده‌وله‌تی‌عه‌ره‌بی. (وشه ی "اعراب" له قورئاندا به نیگاتیف باسكراوه). ئه وه ناسیونالیسمی ناوچه كه بوو كه له سه ره تای سه ده ی بیسته مه وه ده ستكاری میژوویشی كردو، له ناكاو، هه م خه لافه تی كرد به عه ره ب هه م ابوعلی سینا و عومه ری خه ییام!! ئایا ده وله ته یه كگرتووه كانی ئامریكا ده وله تی نه ته وه یی بوون؟ كام ده وله تی نه ته وه یی له سه راسه ری جیهاندا شک ده به‌ی كه ئه گه ر پییی بلیی ده وله تی فلانه بازار، یان به‌شیک له‌بازاریک، یان یه‌كگرتوویی چه‌ند بازار، مه‌به‌سته كه روشنتر نه بی؟ ته ماشای یه كیه تی ئه‌ورووپا بكه. ته‌ماشای "ئوپیک" یان هه‌ر ده‌وله‌ت و هه‌ر هیزیكی سیاسی‌تر بكه‌ی ده‌توانی به‌م میتوده باشتر بخوینیته وه.

## تیئوری ناسیونالیسم

به‌لی؛ من پیم وایه تیوری ناسیون و ناسیونالیسم پیویستی به پیداچوونه وه هه یه. تاوه‌كو پیش ئه وه ی بورژوازی دنیا ئه‌وه‌نده‌ی‌تر بكاته جه‌هه‌ننه‌می زه‌حمه‌تكیشان و پیش ئه‌وه‌ی شه‌ری ناوچه‌یی یان جیهانی دنیا كاول كه‌ن چاره سه ریكی ئینسانی لی بدوزینه وه.

سه‌ره‌تا تیوریسیه‌نه بورژواكان نه‌ته‌وه‌یان له شكلی ناسیونالیسمی خویان خولقاند بو ئه وه ی بتوانن كارگه ر تا ئاخرین پشو بچه‌وسیننه‌وه هیشتاش بلین مه‌سله‌حه‌تی نه‌ته‌وه‌و نیشتمانپه‌روه‌ری واده‌خوازی كه تو له‌خوبوردوو بی! ئایا ده یانتوانی پیی بلین تو له به ر خاتری سه رمایه له خوبوردوو به؟! له سه ره تای سه ده ی بیسته مداو پیش شه ری جیهانی یه‌كه‌م گه‌لیک قسه له‌م مه‌سه‌له‌یه كراوه. ئه‌وه‌ی له لینینه، من داوا له خوینه‌ران ده كه م سه رنج بده ن. ئایا لینین

مەبەستی راستکردنەوەی پیناسەی نەتەوە بووە یان بەشیوەیەکی نیگاتیف دەیەوی یەخەی چینی کریکار لەم نە گبە تە کە بورژوازی کردوویە بە تووشیە وە رزگاربکا؟ کاتیک جیابوونە وە ی هیمنانە ی سوید و نرویژ لە ۱۹۰۵دا بە نموونە دینیتە وە ئایا بە ئاشکرا مە بە ستی ئە وە نیە کە ئە گە ر خە لکی ولاتیک نە یانویست پیکە وە و لە یە ک دە ولە تدا بژین، با چنگیان بە خوینی یە کتردا نە چی؛ با بە هیمنی و ئاشتی جیاببنە وە؟ چ لە نووسراوە کان و چ لە کردە وە شی دا دیارە کە دەولەت و ولاتی گەورەتری بەلاوە باشترە. کاتیکیش کریکارانی جو خەریکن لەگەل کریکارانی رووس هاورە نگ بن و بوندیستە کان دە یانە وی پیش بە وە بگرن و پیناسە ی نە تە وە یی جو بو کریکاران دروست بکە ن لینین بەرانبەریان دەوەستی و بە راشکاوی لایەنی ئاسیمیلاسیون و یەکیەتی کریکاران دە گری. لە نیو مارکسیستە کاندا، لینین زیاترین کاری لە سەر مەسەلەی نەتەوەکردوەو قسەی روشنی زورن. کار و نووسراوەکانی ستالینیش جیی سەرنجن، بەلام سەرنجیک کە بزانی چلون لیباسی مارکسیسم دەکا بەبەر ناسیونالیسمدا!! ستالین لای من ناسیونالیستیکی ئیدیئولوگە، نە ک مارکسیست! گە رچی لە کورسی "ریبە رایە تی پرولیتاریای جیهانی یە وە" بوی رە خساوە کە ببیتە هوی سەرلیشواوی گەلیک لەمارکسیستەکانی پاش لینین. ستالین وەک ناسیونالیستیکی ئیدیولوگ، پیناسە یە ک بە نە تە وە و دە ولە تی نە تە وە یی دە دا کە هە تا ئیستاش زە ینی گە لیک مارکسیستی مە غشوش کردوە. من لە ئەمیر دەپرسم لە کویی دنیای ئوبژیکتیف دا، بیجگە لە زەینی ناسیونالیستەکان، نەتەوەیەک دەبینی کە لە تە عریفی ستالین یا هە ر تیوریسیە نیکی تری بورژوادا بگونجی؟ تیئوریسیە نە کان لە پە سا تە عریفی "نە تە وە" بە گویرە ی مە سلە حە تی سە رمایە دە گورن. لە سە رە تای سە دە ی بیست دا کە هیشتا دووشە ری جیهانی و دە یان شە ر وتروریسمی ناوچە یی رووی نە دابوو. گە لیک لایە نی مە سە لە کە و مە ینە تە کە بە م روشنی یە ی ئە مرو نەبوو؛ دە نا، لە شیوە بوچوونی لینین دەوەشیتەوە کە هەر ئەوکات بە راشکاوی یەکی زیاتر باسی بکا. .ئیستا، هە شتا_نە وە د سال پاش لینین و پاش ئە م هە موو لیلاوە کە کراوە بە سە رچاوە ی مارکسیسمدا، پاش ئە وە ی کامپیوتر کورە ی زە وی کردوە تە دی یە ک، سەیر نیە ئەگەر مارکسیستیکی وەک من بلی ئیمەپیویستیمان بە قسەی تازە هەیە و هە ر تە نیا لیکدانە وە کانی لینین رە سایی کاروبارمان ناکا! ئیستا، پاش ئە وە ی، نە ئە و تیوری یانە و، نە هیچ تیوری یە کی بورژوازی سە بارە ت بە دە ولە ت جوابی بوحرانی سیاسی ئە مرو ناداتە وە؛ بە پیچە وانە شە ری گە ورە وبچووکی نە تە وە یی و مە زهە بی هە ر روژە لە گوشەیەکەوە دەتەقیتەوە و شەر زیاتر لەهەمیشە قبوول کراوەو (institutional) بووەتەوە؛ پیویستە مارکسیستەکان، بو نەجاتدانی بەشەر لەم شەرە مالویرانکەرانەش بووە، جاریکیتر جواب بەمەسەلەکە بنینە دەستوورەوە. پرسیارەکە لیرەدا دووبارە دەکەمەوە: ئایا سەرچاوەی عەینی ناسیونالیسمیش و خورافەی نەتەوەش مە سلە حە تی سە رمایە و بە شە جوراوجورە کانی بازارنیە؟ من بە پیچە وانە ی ئە میر، مە سە لە کە هیندە سادە و روشن نابینم کە گوایە تیئوری مارکسیسم لە م بابە تە وە روشن بی و هە رچی هە یە، لە تە ر وبر، لە کتیبە کاندا هاتبی. دووبارە ی دەکەمەوە کە مارکسیسمیش، سەدەیەک پاش لینین، دەبی جاریکیتر سەرنجیکی رەخنەگرانە بدا لەم مەسەلە تایبەتی یە. باکیشم لەوەنیە ئەمیر پیم بلی "تروتسکیست" یان هەر دژنیویکی تری یادگاری زە مانی ستالینم بیر بخاتە وە.

## کی جەوازی کومونیست بوون مور دەکا؟

من یە کە م کە س نیم بە وە م زانیبی کە مارکسیسم، وە ک بیرورای کومە لایە تی چینی کریکار، لە لایە ن چین و تویژی کومە لایە تی دیکە شە وە بە دە ستە وە دە گیری. کاتیک چینی کریکار هیزیکی کومە لایە تی بە رینە، چین و تویژە کانی تری کومە ل دە ست بو مارکسیسم دە بە ن تا چینی کریکار بە رە و مە بە ست و بە رژە وە ندی خویان رابکیشن. بویە، هە ر کە سە، بە گویرە ی تاندانسی کومە لایە تی خوی، جوریک دە روانیتە مارکسیسم و بە م پی یە ش، ریوایە تی جوربە جور لە مارکسیسم هە یە. لە حیزبە سە ربە سوڤیە تە کانی جارانە وە بیگرە، هە تا حیزب و گروپی گە ورە و بچووکی چە پ، بە ناوی مارکسیسم و چینی کریکارە وە بوچوون و لیکدانە وە ی جوربە جوریان هیناوە تە کایە وە. بە جی یە بزانین لە نیو ئە م هە موو ریوایەتانەدا ریوایەتی بەراستی مارکسیستیو کومونیستی دەبی کامەبی؟ مانیفست، کاتی خوی، جوابی بە

مه سه له یه کی وا دایه وه. له ویدا، کومونیزمیک که له روانگه ی چینی کریکاره وه ده روانیته کومه ل روشن کراوه ته وه و له ئه نواعی سوسیالیسمی خه یالی و سوسیالیسمی سه ربه چینه کومه لایه تی یه کانی تر جیا کرا وه ته وه. لینینیش هه میشه لیکدانه‌وی مارکسیستی به روانگه چینایه‌تی‌یه‌که‌یه‌وه ده‌ناسی. لیره‌شدا ئه‌و پرسیاره له ئه میر ده گونجی که بزانین داکوکی له سه ر چ جوره مارکسیسمیک ده کا.

ئه‌میر ده‌لی: "ئه‌ورو ئه‌گه‌ر کومونیستیک خوی به ئینترناسیونالیست داده‌نی سوور و بی برانه‌وه دژی ته‌واوی شیوه کانی زولمی نه ته وه یی خه بات نه کا له ناسیونال شوڤینیست به ده ر هیچی دیکه نیه." ئه میر نه ینووسیوه که ئه م رسته ی له نووسراوه یه ک ده رهینابی به لام بو که سیک که له گه ل نووسراوه کانی لینین ئاشنا بی ده زانی که له زوربه ی ئه‌و نووسراوانه‌دا، لینین، ئه‌م مه‌به‌سته‌ی ئه‌میر لیره‌دا ئیشاره‌ی پیکردوه، به وه ته کمیل ده کا که ئه و کومونیسته ئه‌گه‌ر بکه‌ویته دیفاع و داکوکی له"فه‌رهه‌نگی نه‌ته‌وه‌یی" و جیا کردنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌کان، له ناسیونالیستیکی هه‌ره‌به‌رچاوته‌نگ (ئه‌و کات پی‌یان ده‌گوت فلستینی) به‌ده‌ر هیچی‌تر نیه! به بی سه ر هه لینانه وه له نووسراوه ی لینینیش ئاشکرایه که کومونیسته‌کان دژی هه‌موو نابه‌رابه‌رییه‌کی کومه‌لایه‌تین. ئیتر لازم ناکا بکه‌وینه داوی "مارکسیسمیکی ناسیونالیستی"! ئایا ئه میر چاوه روانه ناسیونالیسته کان جه وازی کومونیست بوونمان بو موربکه ن؟

## فه‌رهه‌نگی کام چین؟

مه‌به‌ستی من له‌م نووسراوه‌یه قوتکردنه‌وه‌ی چه‌ند پرسیاریکی پیویست بوو. وادیاره هه ندیک له وه ش واوه تر چووم به لام، له هه رحالدا، نامه وی و ناشگونجی که له نووسراوه یه کی کورتی وه هادا بچمه سه ر هه موو ئه و مه سه لانه ی ئه‌میر هیناویه‌ته‌وه. لیره‌دا پرسیاریکی ترم ئه‌وه‌یه مه‌به‌ستی ئه‌میر له دیفاع کردن له فه رهه نگ کام فه رهه نگه. ئه گه ر ئه ویش وه ک مارکسیسته کان فه رهه نگ به چینایه تی ده بینی ناشی دیفاع له فه رهه نگیکی نه ته وه یی بکا که جه ژنی ره مه زانی تیدا پیروزه به لام ئه وه لی مانگی مه ی و هه شتی مارسی لا فه ره نگی بیگانه"یه!؟ ئایا دیفاع له مافی به‌کارهینانی زمانی خو، نابی به‌راشکاوی جیابکریته‌وه له مافی باوک بو کوشتنی کچی خوی که ده چی بو دیسکو؟ بورژوازی، له سوید و کاناداوه هه تا کوردستان، زمانی کوردی و نامووس په رستی عه شایه ری به یه کسان به فه رهه نگی من و تو دادنین. کاتیکیش باسی به رابه ری ژن وپیاو، یا ئازادی به یان بکه ی وبلیی ئه مه فه رهه نگی من و هه زاران هه زار سوسیالیسته نه ک ژن کوشتن، ناگونجی! ئاخر فه رهه نگ به گویره ی جوغرافیا دابه ش کراوه و به رابه ری ژن وپیاو و ئازادی به یان له کوردستان پاسپورتی نیه! ته له ڤزیونه کانی ئه ورووپا پیروزبایی جه ژنی ره مه زانت لی ده که ن به لام پیروزبایی ئه وه لی مانگی مه ی له تو ناکه ن. هه زار سالیش هاوار بکه ی بلیی من کومونیستم. فه رهه نگی تو و خومه‌ینی لای ئه‌وان یه‌ک فه‌رهه‌نگه. ته‌عبیری چینایه‌تی له فه‌رهه‌نگ، که لینین، نزیکه‌ی سه‌دسال له‌مه‌وبه‌ر، به روشنی به رانبه ر به بوندیسته کان به کاری هیناوه، تا دوینی، ته نانه ت له به رزترین پله ی زانکوکاندا، ته عبیریکی ماتریالیستی تاریخی و موعته به ر بوو. ئیستا به داخه وه -ته ناته ت لای هه ندیک له مارکسیسته کانیش- له بیرچووه ته وه. ئه وه ی ئیستا موعته به ره ته عبیری جوغرافیایی کولتورو فه رهه نگه که من و تو له گه ل خامنه یی ده نیته یه ک کیسه ی فه‌رهه‌نگی‌یه‌وه. ئیستاو له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیست‌ویه‌کدا، ته‌عبیری چینایه‌تی له فه‌رهه‌نگ، به‌داخه‌وه، وه‌ک قسه یه کی تازه وایه. ئایا مارکسیسته کان، له وانه یه کیکی وه ک ئه میر، نابی له به کارهینانی ئه م ته عبیره دا بوچوونی چینایه تی خوی به روشنی رابگه یه نی؟

## بریاری جیابوونه‌وه

گه‌رچی ناشمه‌وی بچمه‌سه‌ر کیشه‌ی ئه‌میر له گه‌ل حیزبی کومونیستی کارگه‌ری ئیران به‌گشتی و ئه مانه ی لیره دا نووسیومه نه زه ری شه خسی منن، به لام ئه وه ی که ئه میر ده لی؛ "ئه گه ر ئه و حیزبه ده سه لاتی ده وله تی ده ده ستدابی و خه‌لکی کوردستان بریار بده‌ن جوی‌بنه‌وه بریاری وان وا به هاسانی قه‌بوول ناکری" به شتیک زیاتر له بی ئینسافی

ده زانم. به تایبه ت که به لگه له به رنامه ی حککا دینیته وه و ده نووسی: "حککا ته نیا له حالیکدا رازی به جویبوونه وه ی کوردستان ده بی که ته واو خاترجه م بی که ریگایه کی ئاوا بو کریکاران و زه حمه تکیشان ده کوردستاندا ده بیته هوی وه ده ستهینانی مافی شارستانی پیشکه وتووتر و باری ئابووری و پیوه ندی کومه لایه تی یه کسانتر و ئه منتر."

ئه گه ر لیره دا ته عبیری "رازی به جویبوونه وه... ده بی" بکه ی به "ره ئی موافق به جیابوونه وه ده دا" (وه ک ئه سلی عیباره تی به رنامه ش وایه و ئه میریش له ده قه فارسی یه که دا وای نووسیوه) ئیتر نه ک هه ر به لگه یه ک بو ره خنه که ی ئه میر به ده سته وه نادا، به لکو به پیچه وانه ی مه به ستی ئه میره! ره ئی موافق نادا مه عنای ئه وه نادا که "قه بوول ناکری". مه سه له ئه وه یه که له به رنامه ی حیزبه بورژواییه کاندا باسی حه قی کریکار و زه حمه تکیشی نه ته وه ی ژیرده ست له پروسه ی جیابوونه وه دا ناکری و ئه مه لای ئه وان غه ریب ده نوینی. ئه و به شه ی به رنامه ی حککا ئاوایه: "حیزبی کومونیستی کارگه ری، هه ر زه مانیک بی، ته نیا کاتیک ره ئی موافق به جیابوونه وه ی کوردستان ده دا که به ئاشکرا دیاربی که ئه م ریبازه کارگه ران و زه حمه تکیشان له کوردستان له حقووقیکی مه ده نی پیشره وتر و هه ل ومه رجیکی ئابووری و پیوه ندییه کی کومه لایه تی به رابه رتر و دلنیاتر به هره مه ند ده کا. هه لویستی ره سمی حیزبی کومونیستی کارگه ری له هه ر زه مانیکدا به گویره ی لیکدانه وه یه کی مشخص له هه ل و مه رجی حازر و به رژه وه ندو مه نفه عه تی گشتی چینی کریکار و خه لکی کارگه ر و زه حمه تکیش به تایبه ت له کوردستان دیاری ده کری." ئه م رسته ی ئاخریش هه ر هه لویستیکی لینینی ناسراوه و له باسه کانی لینین و روزا لوکزامبورگدا به روشنی هاتووه. لینین له روانگه ی به رژه وه ندی گشتی چینی کریکاره وه، واته روانگه ی مارکسیستی که ئه میریش خوی به مودافیعی ده زانی، ده روانیته مه سه له که. ئایا ئه میر موخالیفه که ئه گه ر پروسه یه ک له به رژه وه ندی گشتی چینی کریکار و له مه سله حه تی خه لکی کارگه رو زه حمه تکیش نه بی کومونیسته کان ره ئی موافقی پی نه ده ن؟ دیاریشه که فه رق هه یه له به ینی ره ئی موافق نه دان و قبوول نه کردندا؛ ئه مه لای هه موو مندالیک که نووسینی سه ره تایی فیر ده بی روشنه. کومونیسته کانیش، ئه گه رموافقی شتیک نه بن، خه بات ده که ن که کومه لانی کریکار و زه حمه تکیش له زه ره رو زیانی ئاگادار بکه ن به شکم ئه وانیش ره ئی موافق نه ده ن ئه گینا به ته ما نین وه ک ستالینیسته کان سواری سه ری خه لک بن! ئایا کومونیسته کان حه قیان هه یه نه زه ری خویان بده ن؟ ئه گه ر بورژواکانی بریتانی (شیمالی فه رانسه) ویستیان کیسه ی خویان و بازاری خویان له پاریس جیا بکه نه وه (هه رئیستا "خه باتیکی" وا به بومبادانان و کوشتاری خه لکی خیابان ده ستی پیکردوه) ئایا کومونیسته کان هه ر نه پرسن ئایا ئه مه له قازانجی کومه لانی خه لکه یان نا؟ ئایا چاویان بقووچینن و ره ئی بده ن به هه رچی تروریسته بورژواکانی شیمالی فه رانسه ده یلین نه کا ناسیونالیستیک ره خنه یان لی بگری؟

من به شیوه ی پرسیار هه ندیک له ره خنه کانم خسته به رچاو. نه ک هه ر وه ک شیوه کی نووسین، به لکو پیم وایه ئه سلی مه سه له که تووشی پرسیاری تازه بووه و دیالوگی ئه وانه ی به ده ربه ستی مارکسیمه وه ن پیویسته. به هیوام جوابی تازه ش بدوزرینه وه. هیشتا لینین و شوینه واری لینین له م مه سه له یه دا ری نیشانده ره؛ گه رچی پربه دلیش به هیوام و به پیویستیشی ده زانم له له لینین واوه تر بچین تا بتوانین ده ستی دزیوی دیوی ناسیونالیسم له سه ر مندال وگه وره ی به شه ر کوتا که ین و ئه م داره له ده ستی بورژوازی دابخه ین.

به هاری ۲۰۰۰

*** روونکردنه وه ی هانا:**

ئه م نووسراوه یه که م جار له گوڤاری "گزینگ" ژماره ی ۲۸ دا بلاو کراوه ته وه.

***

# له دارته‌مه‌وه بو دوزه‌خ

حه‌مه سه‌عید حه‌سه‌ن

شیعریش وه ک ئایین له گه ل زانستدا ناکوکه، به لام شیعر وه ک ئایین وه لامی پی نیه، پرسیار ده ورووژینی. ئایینیش وه ک شیعر قسه له ته ک هه ست و سوزدا ده کا، نه ک له گه ل عه قلدا. ئایین و شیعر زاده ی خه‌یالن، بویه له روانگه ی لوجیکه سه رنجیان نادری.

شیعر ده شی ره نگدانه وه ی نامویی ئینسان بی، وه لی ئایین ئینسان له خوی نامو ده کا، ئاخر ئایین کاری ده کا مروف کروکی خوی به خوا ببه خشی. گه لی جار ئایدولوژیایش هه مان رول وازی ده کا. که م نین ئه وانه ی بروایان به ئایین نیه، که چی کویله ی ئایدولوژیان. لای ئه وانه سه روک جیی خوا ده گریته وه.

ئایدولوژیا کوسپه له به‌رده‌م په‌ره‌سه‌ندنی ژیاندا، ئایین کوسپیکی دژوارتره. لای ئیمه لایه نگرانی ده سه لاتی ئیسلام ئه وه نده درنده ن، خه لک رژیمه سه رکوتگه ره کانی له وان پی باشتره. به گویره ی ده‌قی قورئان خوا محه مه دی بو ئه وه ناردووه ریگای راست نیشانی ئه و خه لکه بدا، نه ک فه رمانره واییان بکا.

ئه‌وه‌ی ره‌خنه‌ی له ئاسمان نه‌بی، له زه‌مینیشی نیه؛ له ئایینی نه‌بی، له یاسایشی نیه؛ له شه ریعه تی نه بی، له سیاسه تیشی نیه. ئایین که ده بیته ئایدولوژیا و چاو ده بریته ده سه لات، ئیدی دژایه تیکردنی ده بیته کاریکی پیویست، ئه گه ر نا وه کو تاک، هه ر که سی کام ئایین هه لده بژیری و کورنووش بو کام خوا ده با، خوی سه ربه‌سته.

ئه گه ر دژی ده سه لاتی ئیسلام کاری مه زن ئه نجام نه دری، نه ریتی مردووه کان هه ر باری دژواری سه رشانی زیندووه کان ده بی. چونکه له کومه لگای ئیسلامدا شتیک نیه ناوی سکاندال (ریسوایی) بی، شه ریعه ت ده توانی دزیک بینی و بیکا به قازی. ئیستا که ره وته ئیسلامیه کانی کوردستان درنده ترن له جاراتن، ئه وه نیشانه ی لاوازییانه نه ک به هیزی، ئاخر فوکو گوته نی: "ده سه لات تا لاواز بی، خوی به هیزتر نیشان ده دا".

"ژن له سایه ی ئیسلامدا پیش سه فه ری بو گورستان له دارته رمدا ده ژی". له روانگه ی ئیسلامه وه ژن کویله ی پیاوه، بویه ده بی هه میشه بی چه ندوچوون گویرایه لی میردی بی. ئاخر ماره برین جوریکه له کویلایه تی، وه لی ئه و پیاوه ی گویرایه لی ژنه که ی بی، به ئاگری دوزه خ ده سووتی و هه ر کومه لیکیش ژن ریبه ری بی، سه رکه وتنی مه حاله. بویه به پیچه وانه ی خواستی ژنه وه ره وتارکردن، مایه ی پییت و فه ره.

مه حه مه د هه میشه له خوا ده پارایه وه، له به لای ژن و ئه شکه نجه ی گور بیپاریزی و پیی وابوو به دترین به لا له دوای خویه وه به جی بمینی، ژنه. ئیمامی غه زالی وای بو ده چوو، وه ک چون له ناو سه د قه له ره شدا، قه لیکی سک سپی هه یه، هه روایش له ناو سه د ژندا، ژنیکی چاک هه یه و ده یگوت: مه گه ر ته نیا گور خه وشه کانی ژن داپپوشی. لای ئه‌م ژن ته‌نیا بو دامرکاندنه‌وه‌ی ئاره‌زووه‌کانی پیاو له دایک بووه، بویه ئه و کاتانه ی که "خوینیشی شه پول ده دا" پیویسته ئاماده بیت، به ده ست و په نجه کانی ماری ئالوشی میرده که ی خپ بکات.

عه باس ی کوری ئه حنه ف ده لی:

"و ما الناس الا العاشقون ذوو الهوی \ لا خی فی من لا یحب و یعشق (۱)

که چی به لای محه‌مه‌ده‌وه "که دژی المواقعه بوو، پیش الملاعبه و که عایشه‌ی ماچ ده‌کرد، زمانیشی ده مژی". وردبوونه وه ی پیاو له جوانی ژن، تیریکه له تیره کانی ئیبلیس و که ژن و پیاویک له شوینی دوو به دوو پیکه وه ده بن، هه میشه شه یتانیان له گه لدایه.

ئه گه رچی ئه وی دلداری نه کردبی، ژیانی له کیس چووه، که چی له تیروانینی ئیسلامه وه ئافره ت مافی دلداری کردنی نیه، وه لی پیاو ده توانی چوار ژن ماره بکا، "ریکه وتووه محه مه د هاوزه مان یازده ژنی هه بووبی"

جیی سه رنجه له و سووره ته یشدا که ناوی ژنانه، خوا رووی ده می هه ر له پیاوه. دیاره ژن زور له وه که متره که خوای مه زن راسته وخو ئاموژگاری بکات!

محه‌مه‌د "زه‌ید"ی زرپ و زیندووی ناچار کرد، زه‌ینه‌ب ته‌لاق بدات و خوی ماره‌ی کرد، که چی به گویره ی ده قی

قورئان، کەس بوی نەبوو یەکی لە ژنە زور و زەبەندەکانی ئەو دوای مردنیشی بخوازی: "و ما کان لکم ان توذوا رسول الله و لا ان تنکحوا ازواجه من بعده."

محەمەد بیجگە لە دەرزەنی ژن، لانی کەم دوو کەنیزەکیشی هەبووە: ماریا و ریحانە، کە نە ک هە ر لە تە کیاندا دە نوست، بە لکو کوریکیش کە ناوی نا ئیبراهیم و هە ر بە مندالی مرد، بە رهە می پیوە ندیی نیوانی خوی و ماریا بوو.

محە مە د ئە گە رچی زور حە زی لە ژن بووە، کە چی گوتوویە تی: "سە رنجی بە هشتمدا، زوربە ی خە لکە کە ی هە ژاران بوون. سە رنجی دوزە خمدا، زوربە ی خە لکە کە ی ژنان بوون."

"... یخرج من بطونها شراب... فیه شفاء للناس... _ النحل ٦٩_" شە راب لە و ئایە تە دا: هە نگوینە، بە لام لیکدانە وە ی دیکە یش هە لدە گری و دە قە پیروزە کان بە گشتی، بە چە ندین شیوە ی جیاواز لیکدە درینە وە. ئاخر دە ق تە نیا یە ک مانای دیاریکراوی نیە، تا تە نیا یە ک لیکدانە وە یشی هە بی. ئە دونیس گوتە نی: "قورئان تژییە لە پە خشانە شیعر" یە کی لە خە سلە تە کانی ئە و دە قانە یش کە بە زمانیکی بالا دە نووسرین، ئە وە یە، دە شی خراپ لییان حالی ببین.

## پەراویزەکان:

١_ الجنس عندالعرب، ص ١٣، ج ١، منشورات الجمل ١٩٩١، کولن، المانیا

سە رچاوە کانی دیکە:

١_ الحریم السیاسی النبی و النساء، فاطمه المرنیسی ط ٢، دار الحصاد ١٩٩٣، دمشق

٢_ الجنس کهندسه اجتماعیه، فاطمه المرنیسی ط ٢، نشر الفنک ١٩٩٦، الدار البیضاء

٣_ الحب فی حضارتنا الاسلامیه، فاطمه المرنیسی ط ١، الدار العالمیه للنشر ١٩٨٤، بیروت.

***

# گۆرانییەکی لە یادکراو و سێدارەی یادوەرییەک

## لە یادی هونەرمەند کــاروان عوسمان دا

سه ردار عبدالله

**لە ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی، لە گەڕەکی مەلکەندی، لە دایک بووە. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی "بەکرەجۆ"یە لە ساڵی ١٩٨٠. پاشان دەستی داوەتە ئامێرەکانی موسیقا و لە ساڵی ١٩٨٦ دا پلەی یەکەمی هێناوە لە عێراقدا لە ئامێری عود و گیتار. یەکەم گۆرانی کە خۆی پێ ناساندووە، گۆرانی "ئاهێک" لە ئاوازی محمد ماملی و هۆنراوەی سیروان حەمە ڕەشید بوو. لە ڕۆژی ١٢ی مانگی یەکی ١٩٩٠ دەسگیر دەکرێت و لە ٣١ی مانگی ٩ی ١٩٩١ لە قەسابخانەی ئەبووغەریب لە بەغدا لە سێدارە دەدرێت.**

شەوێک لە شەوە فێنکەکانی هاوینی سلێمانی یە. لە پشتی یەکێک لە شەقامە چراخانە سەرەکیەکانەوە، چەند کۆلانێکی تەسک و تاریک ڕیزیان بەستووە. لە نێو ئەو کۆلانانەش دا کۆلانێک لە هەمویان تەسک تر و تاریکتر دێتە بەرچاو. بەلام ئەوەی زورتر سەرنجی ڕێبوارانی نێو ئەوکوچەیە بەلای خۆیدا ڕادە کێشێت؛ دەنگ و سوزی گیتارێکی دلرفێنەکە ئەستێرەکانی ئاسمانی سەر شەقامە چراخانەکە و هەموو شەقامە چراخانانەکانی تری شاریش کە پێویستیان بە تیشکی زێرینی ئەستێرە نییە؛ خڕ دەکاتەوە و دەیانکێشێتە نێو بەشە ئاسمانی ئەو کۆلانە تەسک و تاریکەوە، چراخانێکی تر سازدەکات و هەموو بەو ناغمانە دەکەونە سەمایەکی هێمن و سیحراوی. پێدەچێت ئەو گیتارە و ئەستێرەکان ئاشق و سەودا سەری یەکتربن، هەر بویەش ڕێبوارانی نێوە شەوی ئەو کۆلانە زیاتر گوێکانیان هەستیار دەبێ، هەنگاوەکانــیان سستتر دەبێت و دەیانەوێت لەو نهێنیە بگەن. بۆ هەموو ڕێبوارێک، ئەم بەهرەیە جێگەی پرسیارە، بە سوراخەوەیە تا بزانێ: ئەوە کامە دەست و پەنجەیە کەوا بە هێمنانە پەیامی خۆی بەیان دەکات بۆ ڕێبوارانی گوێ سووک. سنوبەرە بالا بەرزەکانی نێو گردەکە، خرکە بەرد و توزو خولی نوستووی نێو کۆلان، دیواری بلوکی مالانی هێشتا گەرمای نیوەڕو لە گیان دەرنەچوو، ئەمانە وهەموو ئەوشتانەی تریش کە پێویستیان بە ژیانە ، بە گورانە، تەنانەت خودی موسیقاش خوی. ئێستاش هەموو گوێگرێکی گوێ سووکی گیتاری ئەو کۆلانە تەسک و تاریکەین، خەمەکانمان دەلاوێنی، لە ڕوژدا سیمای چاومان ئاراستەی شەبەنگی خور و لە شەویشدا تیشکی زێرینی ئەستێرەکان دەکات، گیتارێکی وەک ئەوەی خارا ئاسا جار جار پێمان دەلێت: "بێنە پێش چاو ڕوژانی بێت، هەموان هەموو شتیان ببێت، ئاسانە ئەگەر تێفکرین هیچ شت مولکی هیچ کەس نەبێت، بیرکەرەوە ئایین نەبێت، بەهەشت و جەهەنەم نەبێت، سەر سەریشمان هەتا ئەرواتغەیری ئاسمان چیتر نەبێت... بیرکەرەوە هیچ کەس ئاغای هیچ کەس نەبێت، هیچ کەس کویلەی هیچ کەس نەبێت.. ئاسانە گەر تێفکرین..."

بەلی، ئەمەی سەرەوە پەیام و هەستی یەکێک لەو ڕێبوارە پیادەرەوانەی نێو ئەو کۆلانەلیژەیە، کە هونەرمەند کاروان عوسمان لەگەل کاشان، کامەران، مەریوان و دایکە زەحمەتکێشەکەی لە خانوویەکی کری دا ژیانێکی سادەیان تیا بەسەردە برد.

وا چەندین سال بە سەرمەرگی تراژیدیایانەی ئەم بەهرەیەدا تێدەپەڕێت. میدیا کوردیەکان، نووسەرێک، گوفارێک یاخود کەسێک لەو موسیقازان و ڕوشنبیرانەی کە لە نزیکەوە بەم بەهرەیە ئاشنان؛ کە زوریکیان تاکو ئێستاش بە گوێیەکی سووکتر لە جاران گوێ قولاغی گورانی و ئاوازەکانی ئەم هونەرمەندەن، هیچ وشەیەک لە زاریان ناترازی و بێدەنگیەکی کوشندە لە بەرانبەر توانا و داهێنانی ئەم بەهرەیەدا هەلدە بژێرن.

هەلبەتە بێدەنگیەکی درێژخایانی لەو چەشنە، ناکرێت بەبێ هو بێت؟!

ئەم جورە لە بێدەنــگی هەلبژاردن و بێوەفاییەک ئەوەنیە کە خەلکی و ڕوشنبیران لە بەرانبەر مەرگی حسن زیرەک

و گه لیک له هونه رمه ندانی تر نواندیان، یاخود به هره و تواناییه کانی کاروان عوسمان ئه وه نده نزم بن که شایانی ئه وه نه بیت که سیک یادیکی بکاته وه؛ یان چه ند دیریکی له سه ر بنووسیت؟!

به رزی و سه رکه وتوویی به رهه مه کانی کاروان عوسمان له رووی هونه ریه وه، گه ر بو ته واوی گویگرانی ئاشنا نه بیت، ئه وا خو بو زوریک له میدیاکان یاخود موسیقازانه کان که له سه ر موسیقای کوردی ده نووسن ئاشکرایه. به لام بوچی که سیک له وانه په یدا نابیت، هه ر هیچ نه بیت له رووی هونه رییه وه به رهه مه کانی هونه رمه ند کاروان عوسمان هه لبسه نگینیت؛ هه ر هیچ نه بیت به خاتری ئه و قسه یه ی خویان که ده لیت: (خزمه ت به هونه ری کوردی)؟!

یاخود کاروان عوسمان و به رهه مه کانی ئه وه نده سه رکز و «خوفروش» بوون له به رانبه ر په یدا کردنی پارووییه ک ناندا ده ستبه ردار بووبیت؟ ئایا به رهه مه کانی ئه و له وانه بوون که له به رانبه ر چاو سوورکردنه وه ی کوته ک به ده سته کانی رژیمی به عس دا ملی شورکردبیت؟ به لام هیشتا که سیک هه تا ئه وانه یشی خو به نیشتمان په روه ر ده زانن په یدا نابیت و له سووچیکه وه ئاماژه بو هه لویستی خوراگری و دژه به عسی ئه و هونه رمه نده بکات.

هه ندیک له هونه رمه ندانی کوچکردوو ناوبردنیان پیویست ناکات و لای جه ماوه ریش ئاشکرایه، که حه بیکی سه رئیشه یان بو مه سه له ی کورد نه خوارد، به لام ئیستا له ریزی پیشه وه ی هونه رمه ندانی ملتزم و شورشگیر وخه مخور به مه سه له ی کورد یادیان ده کریته وه و میدالیای ئه ندامیتی حیزبه ده سه لاتداره کانیان پیده به خشریت. ئه مه له کاتیکیشدا ئه و هونه رمه ندانه به دریژی جه نگی کونه په رستانه ی ئیران و عیراق، هونه ره که یان له خزمه ت ماشینی جه نگیدا به کار ده هینرا، به بالای دوه زه خیکدا هه لیان ده دا که هه زاران ئینسانی تیدا به کوشت ده درا، کوردستانی تیدا ویران ده کرا و خه لکه که ی سه ر گه ردان و ئه نفال و گازباران ده کرا.

گه ر کاروان عوسمان به پیی دادگای به عس تومه تی مه رگی ئینسانیکی درایه پال که دواتریش هه ر ئه و دادگایه حوکمی مه رگی دا به سه ردا، ئه وا ئه وان و چه ندانی تری زیندوو به بالای ئه و توپ و فروکانه یاندا هه لده دا که زیاتر له ملیون و نیویک مروڤی تیادا برد. چالاکانه له و گه رماوی خوینه دا به شدار بوون و دواتریش میدالیای قادسیه و حیزبه کوردیه کانیان دوابه دوای یه کتر درایه و خه باتی ئه وسه ر و ئه م سه ریان بو پیکه وه گریدرا؟!

هه لبه ت رووی گله یی و گازنده له مردوان و رابردوو نیه به تایبه ت که توقاندن و ئیستیبداد سیمای زه مانه، به لکو رووی ده م له زیندوانیکه که به چاویکی ئینسافه وه ناروانیته رابردوو و مامه له یه کی سه رده مانه ی له ته کدا ناکات، ته نانه ت رووی واقیعی روداوه کان، به خزمه تی فه رهه نگ و ئه قلیه تی باو و زالی نیو کومه ل پیچه وانه ده کاته وه.

خالیکی زور بنچینه یی که هوی پشت گوی خستنی کاروان عوسمان و به رهه مه کانیه تی له میدیا کوردیه کان دا، ده گه ریته وه بو دیدی (هه لسه نگاندنی ئیخلاقی) که به گشتی سه رتاپای ژیانی کومه لایه تی ته نیوه، به پیچه وانه ی دیدیک که له کومه لگه ی مه ده نی و سکولاردا بوونی هه یه، که ئینسانی بوون تیایدا ئاکتیفه نه ک ئیخلاق.

گه ر لاپه ره کانی میژوو هه لبده ینه وه، زوریک له فه یله سوفان، نووسه ران، شاعیران و مروڤانی بلیمه ت ده بینین که له رووی ئیخلاقی باوی کومه لگه وه و له ژیانی شه خسی خویاندا، لای به شیکی به رچاوی خه لکی قابیلی قبول نه بوون، به لام به رهه م و تواناییه کانی ئه و ئینسانانه هه میشه جیگه ی ستایش بوون، به خزمه تی کومه لگه به کارهاتوون و سانسوری ئیخلاق و فه رهه نگی دواکه وتوو نه یتوانیوه ئه و مروفانه و به رهه مه کانیان له زه ینی کومه لگه دا ده ربکیشیته ده ری. به لام بوچوونی باو و زالی روژهه لاتی که کوردستان به شیکیه تی، هه میشه بیر و بوچوون و داب و نه ریتی کونی باو و پاپیران و مه زهه ب پیروز راگیراون، که تیایدا که سی تاوانکار و لاده ر له چوارچیوه ی ئه و سونه ته باوانه دا، ده بیت به شی نه فره ت بیت و وه ک خویان ده لین ناوی بکریت به کوله که ی ئاشدا.

## لیسه ندنه وه ی مافی ژیان له لایه ن یاساوه دووباره تاوانه:

وه ک ئاشکرایه کاروان عوسمان و هونه رمه ندیکی تر به ناوی ئیبراهیم مه ولود له لایه ن دادگای سلیمانیه وه حوکمی سیداره یان درا به سه ردا و ئه و حوکمه ش له قه سابخانه که ی ئه بوغریب له کانونی دووه می ۱۹۹۱جیبه جی کرا. جا بو زیاتر ئاشنا بوون و ئاماژه کردن به هوکاری بنچینه یی له داپوشینی هونه رمه ند کاروان به په رده ی بیده نگی و

ده رکیشانی له زه ینی کومه لگه ی کوردی دا ، پیویستمان به روونکردنه وه یه کی زیاتره، هه‌روه ها ئامانج له م نووسینه ش جگه له زیندوو راگرتنی هونه‌رمه‌ند کاروان عوسمان و گه‌رانه‌وه‌ی دووباره‌ی خوشه‌ویستیه‌که‌ی بو دلی خه لکی، به شویندا چوونی هوکاره کان و هه لسه نگاندنیه تی به چاویکی ره خنه ئامیزه وه .

بیروباوه ر و فه رهه نگی باوی نیو کومه ل هه میشه بیر و باوه ر و فه رهه نگی چینه ده ستــه لاتداره کان بووه. ده سه لاتدارن بو دریژه‌دان و به ئه‌به‌دی نیشاندانی ده‌سته‌لاتی فیکری و روشنبیری خویان، هه‌میشه توانایه‌کی به‌رفراوانیان فه‌راهه‌م کردوه، یاساکانیش وه‌ک دیارده‌یه‌کی سه‌رخانی کومه‌ل هه‌میشه داکوکی وخزمه‌تی به مانه‌وه ی په یوه ندیه ئابووریه‌کانی کومه‌ل کردوه‌و هه‌میشه هویه‌کی فشار بوون له سـه‌ر جه‌ماوه‌ری به رفراوانی سته مدیده تا چوارچیوه ی به رته سکی فه رهه نگی باو تینه په رینن.

حوکمی سیداره وه ک حوکمیکی کونه په رستانه و به ربه ری سه ده تاریکه کانی میژوو تا ئیستاش بـره وی هه یه. حوکمی سزا و توله سه ندنه وه دوو دیدی میتافیزیکین بو ریفورم و عه داله ت، ئه م دوو دیده ره گی له سه ره تای ده ست پیکردنی میژووی مروفدایه، مروفی کون له ده‌ست نه‌روشتن و ده‌سته‌وه‌ستانی له به‌رگرتن به تاوان، خوای وه‌ک حاکمیکی ده‌سته‌لاتداری توله‌سینی خاوه‌ن ئاگری جه‌هه‌نه‌م به‌سه‌ر زه‌ینی خویدا قبولکرد، سه‌ره‌رای بوونی ویژدان و ترسی بی سنوور له و هیزه، تاوانکاری سنووری فراوانتر ده کرد، پاشان حاکمانی سه رزه وی خویان کرده جیگری ئه و هیزه، به لام ئه و ته حه موله ی که ئه و هه یبوو که توله ی هه لده گرت بو دنیای ئاخر، ئه مان لیی بیبه هره بوون. پاشانیش ئه م شیوه حوکمه جگه له‌وه‌ی مانای بیده‌ربه‌ستی ده‌سه‌لاته له به‌رانبه‌ر ژیانی ئینساندا، هه‌روه‌ها نیشانه‌ی بیتوانایی و قه یرانی هه ر ده سته لاتیکی سیاسیه له به ریوه بردنی ژیانی کومه لگه دا ، له کاتیکدا ئه م شیوه حوکمه زیاتر رژیمه حاکمه دیکتاتوره کان به کاریان هیناوه بو له ناوبردنی ئه و مروفه به رهه لستکارانه ی که مه ترسیان له سه ر به رژه وه ندیه کانیان پیک هیناوه. "جوهیل" شاعیر و گورانی بیژی رادیکال و شورشگیری ئه مریکی به ره گه ز سویدی که گورانیه کانی له سه‌رزاری هه‌زاران مروفی کریکار و زه‌حمه‌تکیش بوو، حاکمان تومه‌تی کوشتنی که‌سیکیان دایه پال و پاشان بو نه هیشتنی نه خش و خوشه ویستی ئه و مه زنه لای جه ماوه ر، حوکمی سیداره یان دا به سه ردا.

سه رمایه داری چون خوی به خاوه نی هویه کانی به رهه مهینان ده زانی، ئاواش خوی به خاوه نی ئینسانه کانی کومه لگه ده زانی، جا لیسه ندنه وه ی مافی ژیان که سه ره تایی ترین مافی مروفه به کاری ره سمی و یاسایی خوی ده زانی.

هه ر بویه ئه م حوکمه دژه ئینسانی و دلره قانه یه فه زایه کی پر ترس و خوف له ده روونی کومه لگه دا پیک ده هینت و ئه‌و جیگه و ریگه‌یه‌ی که مروف وه‌ک بوونه‌وه‌ریکی کومه‌لایه‌تی و گــه‌وره‌ترین سه‌رمایه هه‌یه‌تی ده‌خاته مه ترسیه وه . هه روه ها به سووک سه یرکردن، خائین و تاوانکار له قه له مدانی ئه و که سانه ی ئه م حوکمه یان به سه ردا ده دریت کاریکی ئه نقه سته بو نه هیشتنی رول و خوشه ویستی ئه و مروفه و به ناو ته میکردنی که سانی تره.

خوشحالانه ئه‌م حوکمه نامروفانه شوره‌یی‌هینه‌ره به خه‌باتی دریژخایانی هیزه پیشکه‌وتووخوازه‌کان له هه‌ندیک ولاته‌کاندا لابراوه، به‌لام له زوریک ولاتانی دنیادا هیشتا کاری پیده‌کریت، له ولاتیکی وه‌ک ئیرانی ئیسلامی لیسه‌ندنه‌وه‌ی مافی ژیان لای رژیم بوته کاریکی روتین و جیگه‌ی فه‌خر پیوه‌کردن، زور جار له شه قامه کان و به به‌رچاوی خه‌لکیه‌وه ئه‌نجام ده‌دریت، هه‌روه‌ها له شوینیکی وه‌ک کوردستانیش که یاسا پاشه ل پیسه کانی به عس هیشتا حاکمه، شانیک هه لناته کینریت بو گورینی. به ده یان که س له زیندانه کان چاوه ریی حوکمی مه رگن، ئه مه جگه له وه ی به سه دانی تریش به ده لیلی سیاسی و ناموس په رستی له نیو شه قامه کاندا تیرور ده کرین و هه تا دادگای (توله و حوکمی سیداره) ش بویان به ره‌وا نابینریت. به شیوه‌یه‌ک حوکمی قه‌راردانی مه‌رگ به‌سه‌ر که‌سانی‌تردا ئه‌وه‌نده ئاسانکاری تیداکراوه، ئاساییه که‌سیک به فتوای مه‌لایه‌ک، بریاری سه‌روک هوزیک، حیزبیک یاخود بریاری تاکه که سیک ژیانی لی بسه نریته وه.

یاسای حوکمی مه رگ بریتیه له تیروری ئاشکرای یاسایی و ملهوری به سه ر ژیانی هاوولاتیاندا. حوکمی سیداره وه ک توله یه ک له که سانی تاوانبار و ئارامکردنه وه ی دلی که س وکاری تاوان لیکراو و ریگری له کوشتار هه رگیز نه یتوانیوه نیشانه ی خوی بپیکیت، به لکو به پیچه وانه ی کاره وه، هه میشه بواری تاوانکاری زیاتر فراوانتر کردووه، چونکه بنچینه ی

تاوان ده گه ریته وه بو ژیرخانی کومه ل وخودی سیستمی حاکم، نه ک بوونی که سانی تاوانکار له کومه لدا. گه ر سه ریک بکه یت به زیندانه کانی ئه و ولاتانه ی حوکمی سیداره ی تیداماوه له پال که سانی سه رکه شی سیاسیدا خه لکانیکی زوریش ده بینین به قیمه تی په یداکردنی بژیوی خویان و منداله کانیان په تی سیداره و کورسی کاره بایان بو ئاماده کراوه، که ئه وه ش په له یه کی ره شه به نیوچه وانی هه ر سیستمیکه وه که ئینسان به خاتری په یداکردنی بژیوی تاوان ئه نجام بدات. به گشتی ده کریت بلیین تاوان نه خوشیه کی ویراسی و هه وه س بازی نیه. تاوانکاری، مروڤی نابار و لومپن له ره حمی کومه لگای چینایه تیدایه و هه ر به وه وه گریبی خواردووه، له گه ل زیاد بوونی قلشته چینایه تیه کاندا قه واره ی تاوانیش فراوانتر ده بیت.

جا دیدی توله سه ندنه وه و تاوان له به رامبه ر تاواندا که به زه یینی مروفه کانی کومه لدا ره گی داکوتاوه و بوته فه رهه نگ و سونه تیکی داسه پاو، هیچ خزمایه تیه کی به مروفایه تی و پاراستنی گیانی مروفه وه نیه، به لکو سوننه ت و دیدی یاسا داریژه رانیکه که خویان هوکاری سه ره کی تاوانن و داواش ده که ن خه لکی دووره په ریز بیت له تاوان. "خیام" وته نی: ده مخه یته داوه که و گه ره کته خوشم لاده م.؟!

روژنامه گه ریکی بوسنی که باس له کاریگه ریه کانی جه نگ له بوسنا ده کات پیی وایه که زور ئاساییه به هوی بارودوخی سه ختی جه نگه وه گه نجیکی تازه پیگه یشتوو ببینیت که بو به یانی ته واوی سه ری سپی بووبیت، به لام ده بوو ئه وه شی بیرنه چوایه که بلیت هه روه ها له سایه ی نـــه داری و جه نگه وه ئاساییه که هونه رمه ندیکی هه ست ناسک و مروف دوستیش بیته مروفیکی تاوانکار.

* کاروان عوسمان سالی ۱۹٦۸ له دایک بوو. یه کیک بوو له و هونه رمه ندانه ی که له سه ره تای لاویتیه وه به هره یه کی هونه ری به رزی تیدا ده رکه وت. سه ره تا وه ک عودژه ن و گیتارژه ن ده ستی دایه کار. هه ر زوو وه ک گورانی بیژ و سرودبیژیکی به تواناش ده رکه وت؛ که له سه ر سکیلی روژئاوایی به رهه مه کانی داده نا به تایبه تمه ندی و شیوازیکی سه ربه خووه که له هونه رمه ندانی تری جیاده کرده وه. تایه تمه ندی ئاواز و ده نگی ئه م هونه رمه نده وایکرد هه ر له یه که م به رهه میه وه که له تەله فیزیونی که رکوک توماری کرد سه ره رای داسه پاندنی مه رج بو له قالبدانی له چوارچیوه ی موسیقای روژهه لاتیدا که شیوازی ئه و نه بوو توانی سه رکه وتنی گه وره به ده ست بهینیت و گورانیه که ی بچیته سه ر زاری هه زاران که س. ئه م هونه رمه نده وه ک یه کیک له هیواکانی ئه وه بوو که زیاتر له بواری موسیقادا بچیته پیش، هه ر بویه زور هه ولیدا که له په یمانگای هونه ره جوانه کانی سلیمانی وه ربگیریت که ئه و کات هونه رمه ند ئه نور قه ره داغی به شی موسیقای به ریوه ده برد به لام داواکه ی قبول نه کرا! ئه مه نه بووه مایه ی راوه ستان و بی هیوایی هونه رمه ند به لکوو زیاتر له جاران به ته نگه وه ده هات و له هه ولی بردنه پیشه وه ی هونه ره که یدا بوو.

ژیانی سه خت و نه داری کاردانه وه یه کی راسته وخوی له سه ر هونه رمه ند کاروان و به رهه مه کانی دانابوو، به مه ش سیمپاتی چینایه تی و شورشگیرانه ی به ئاشکرا پیوه دیاربوو. له کاتیکدا که ته وه هوم به ناسیونالیزم زه یینی زوریک له هونه رمه ندانی کوردی داگیر کردبوو، به ده گمه ن کاری هونه ری په یدا ده بوو که به گژ نابه رابه ری، نه داری و کومه لگه ی چینایه تیدا بچیت، شورشگیری ته نها هه لوتن بوو به بالای شاخ، داربه رو، په رستنی خانوه قورینه کان و فه ره نجی و جامانه ی کوردایه تی...هتد، جا بویه هه لدان به بالای یه کسانیخوازی، مروف دوستی، دونیای دوور له خورافه و مه زهه ب و خوشه ویستی واقیعی، سیمایه کی دیار و خالیکی جیاکه ره وه و گه شی کاروان عو سمان بوو له وانی تر؛ ئه مه جگه له هه لویستی شورشگیرانه ی دژی سیاسه ته کانی رژیمی به عس له کوردستان. ئه مه ش وای کرد که به رهه مه کانی به نهینی له نیو دوست و هاورییانیدا بلاو بکاته وه؛ به تایبه ت ئه و به رهه مه ی که له وپه ری وریایی و گوی سووکی سیخو ره کانی به عسدا به رهه م هات، پاشان دوای مه رگی خوی به ناوی "گورانیه بلاونه کراوه کانی کاروان عوسمان" بلاوکرایه وه. ئه م به رهه مه سه ره رای ئه وه ی که له که شیکی پر ئیستیبداد و توقاندندا به رهه مهات به لام توانی سه رکه وتنیکی گه وره به ده ست بهینیت و به نهینی خوی له دلی خه لکیدا جیبکاته وه. هه روه ها کاری شانویش یه کیکی تر بوو له و ئه زموونانه ی که ئه م هونه رمه نده له دوا ساته کانی ژیانیدا تاقی کرده وه. دوا کاره کانی هونه رمه ند کاروان بریتین له و ئاوازه به سوزانه ی که له ودیو شیشه کانی زیندانه وه بو سه ربه ستی و ژیانیکی نوی ده خوینیت به لام*چنگی درندانه ی

یاساولی دژی ئاسو خوی له گه ردنی گیرده کات .و بوار به تومارکردنی نادات.

گه ر سکالای هونه رمه ندیک له برینی کاره با به س بیت بو ئه وه ی به عس حوکمی سیداره ی بدات به سه ردا و پاشان ته رمه که شی ون بکات، ئه وا به رهه مه کانی کاروان عوسمان له وانه "سرودی ئینته رناسیونال"، "بیرکه ره وه"، "هه له بجه" و... هتد به س بوون بو ئه وه ی له بری جاریک چه ند جار حوکمی سیداره ی کاروان عوسمان بدریت، به لام ده کریت هه ر ئه وه نده بگوتریت، که جیگه ی داخیکی گه وره و له یادنه چووه، که ژیانی کاروان له توله ی ژیانی ئینسانیکی تردا کوتایی پیهات و لایه نگران و دریژه پیده رانی فه رهه نگی توله سه ندنه وه و یاساکانی دیرزه مانی له به رد هه لکه نراوی حامورابی "چاویک به چاویک، دانیک به دانیک" کاروانیان خسته ئه ودیو په رده ی مات و بیده نگی کومه لگه وه، وه ک ئه وه ی کاروان کاروانچیه کی ره وته نی بووبیت و روژیک له روژان له ناو ئه و خه لکه دا نه ژیابیت... یاخود خوشه ویستی ئه و خه لکه نه بووبیت ؟! به لی ئه مه تراژیدیایه کی ئینسانیه و هه روا ئاسان نیه له بیربچیته وه؛ تراژیدیایه که تیادا ده کریت که سانیکیش هه بن وه ک وتمان بو ئه و حوکمی مه رگ و توله سه ندنه وه یه ده ست هه لبرن و پییان کاریکی دروست بیت، به لام بیگومان بو سبه ینیی نه وه کانی داهاتوو شه رماوه ر و هه رگیز جیگه ک بو قبول بوونی نامینیته وه.

* له‌گورانیه‌كی خویه‌وه وه‌رگیراوه

***

# خەونی جەوهیل

نوامبری ٢٠٠٠، بە بونەی ٨٥ مین سالی مەرگی جەوهیلەوە

ئالفرید ئیتایس

مصلح شیخ الاسلامی، "ریبوار"، کردوویە بە کوردی.

لە خە ونم دا جە وهیلم دی دوینی شە وی؛
زە ق و زیندوو وە ک من و تو.
پیم گوت: خو تو دە سالە مردووی جە وهیل.
گوتی: من ومردن؟! نە مردووم من!
رە پ راوە ستاو لە لای قە رە ویلە کە مدا
نیگای گە شی پیدە کە نی.
گوتم: ئاخر ئە وە نە بوو داتیان بە بیدادگای "سالت لە یک سیتی" و
قە تلیکیشیان نایە ملت؟؟
گوتی بە لام، خو نە یانتوانی بمکوژن!
گوتم: ئاخر ئە ی ئە ربابانی کانگای مس نە یانکوشتی؟
گولله بارانیان نە کردی؟
"بوکوشتنی ئینسان" گوتی "شتیکی زیاتر لە تفە نگ پیویست دە کا،
من نە مردووم!"
جە وهیل کە بە بە رزی ژیان راوە ستابوو
بە دە م زە ردە ی گە شی نیگایە وە
گوتی: ئە وە ی ئە وان لە دە ستیان دە رچوو بیکوژن
گیانی ریکخە ر و یە کیە تی بە خشی من بوو
کە لە هە نگاوی خە باتی کریکاراندا زیندووە.
هە رگیزاوهە رگیزیش
مادام
خە لکی کارگە ر دینە دە ر بو مانگرتن
جە وهیل نامری و لە ریزی پیشە وە دا
هە نگاو دە نی.
لە "سان دییە گو" تا "ماین"
لە هە ر کانگاو کارگایە کدا کارگە ر هە ن و مان دە گرن
دە بینی جە وهیل لە وی یە!

١_ Alfred Itayes

٢_ Salt Lake City ئە و شارە ی کە جوهیل حوکمی مە رگی تیادرا.

٣_ San Diego و Maine دوو شاری ئامریکایی

***

# فەرشی خوین

بژار

وه کو خیلی تاریکه شه و له سی لاوه هه لیان داوه
وه کو گه له گورگی سه حرا
لووره لووریان له "به بیاع" و
له "که مالیه" و له شه قامی "٥٢"دا لیک ئالاوه
وه ک له شکری ئینسانکوژی سه رده مانی
ده ستی سه وز و غه زاکردن، "هه لهوله"یان لی هه ستاوه
وه کو ره مزی جه للادانه ی بزوتنه وه ی "عروبه"یان
حه گالیکی قیزه وه نی "ئه بوحه لا"ی دیکتاتوریان له سه ر ناوه
وه ک "ئه سحابه"ی تالانکه ر و منال به ر و سه رپه رینه ر
عابای سفتی ئاوریشمینی قسه ی زلیان فریداوه
وه ک دیواری قوری "لادی"ش، ده م و چاویان
به نه فه ره تی هه رچی خه لکی چه وساوه یه له "عیراق"دا سیواغ داوه.

***

ده یانه وی ئه و سه رده مه ی
سه ربرینی ئینسان له ژیر
ناوی "کوفر"ا وه ک نیعمه تیک سه یر ده کرا، بیهیننه وه
ده یانه وی قه سابخانه شاری "کوفه"
که هه زاران به شه ر تیایا بی سه رکرا، بیهیننه وه
ده یانه وی ئه و شمشیره ژه نگاوییانه ی
له "ئوحود" و "به در و حونه ین" بو لیدانی
بیباوه ریی به ئه فسانه، به گه ردنی خه لکا برا، بیهیننه وه
ده یانه وی ئه و موته که ی ترس و بیمه ی
له دوای بانگی "کوله که"وه
به قورسایی "ئه لبه قه ره" به ناوچاوی ژنا برا، بیهیننه وه

***

له "عیراق"دا،
له و مالانه ی "چه فته" و "حیجاب" فری ده ده ن
له و مالانه ی به ردی زانست
به ئاوینه ی بیری کونی سه ده ی کوچ کردوودا ده به ن
له و مالانه ی چرای تاسه
بو ئازادی وشه ی سووری زار هه لده که ن

له و مالانه ی قافله ی تیشک

بو تاریکی ناو کومه لگا به ری ده خه ن

له و مالانه ی ئینسان تیایا

بو په پووله ی بال ره نگینی یه کسانی ژن له گه ل پیاوا

ده بنه دار و ده بنه گول و ده بنه ده وه ن

قه سابخانه دانراوه

هه رچی ئابرووی

کون و تازه ی "ئاهورمه زدا"کانیش هه یه

وه کو خولی سه رجاده کان له ژیر پیدا داکراوه!

***

له عیراقدا ژنان ده بیت

زوانیان وه کو ده رگای مه خزه ن قفل بده ن

ده بیت نیگای چاوی گه شیان

هه ر به ته نیا له گه ل ئه رزی به رپی یاندا به یه ک بگه ن

ژنان ده بیت له نیوانی "به عس" و ئایین

به پیی ئایه ت،

به پیی یاسای بزوتنه وه ی "عروبه "که ی وه حشی "عوجه"

له ژیر ده می "زولفه قار"ی ده ستی "عوده ی" سه ربدابخه ن

ده بیت به شمشیری "تاریق" سه ریان برن

تا بتوانن له "ئیسپانیا"ی ناو به غدادا

بو ئیمامی گه وره ی ئیسلام، سه ددام حسه ین،

هه موو روژیک فه رشی تازه ی خوین رابخه ن.

***

# دەستە جالجالووکەیی یەکان

حه مه عه لی حه سه ن

دینه ژووری... به ئه سپایی
وه ک هه ناسه، تیکه لاوی خوینم ده بن!!
دینه ژووری و به شه ریکی
سه روه خت و جی و شوینم ده بن.

دینه ژووری...
وه ک سه فه ری ره وه کولله،
به نیو ده شتی سه وزی ژینا...
وه ک هاتنه وه ی مشه خوران
له پاش وه ختی راپه رینا...

دینه ژووری به ئه سپایی
هه ست به ته په ی پی یان ناکه ی.
دینه ژووری و به که س نالین،
ئه م تراژیدیایه تا که ی!؟

دینه ژووری به ئه سپایی
بی ئه وه ی موری روخسه تیان
له پاسپورتی سه فه ر دابی!!
دینه ژووری، بژاری هه ر شه ونمیکی
سه ر په ره ی ئالی گول ده که ن،
بی ئه وه ی ه ر دلوپییکیان
خوین، به درکی زه ره ر دابی.

چوار ته نیشتیان لی ته نیوم،
دینه ژوری له گشت لاوه...
هیلانه ی ناخی پر حه زم تالان ده که ن،
دلم ده که ن به که لاوه...
خه ونه کانم ئه پشکنن،
بی شه رمانه لیم ئه پرسن:
به لینی عه شقی ئه به دیت به کی داوه!؟

دینه ژووری و شوین پی یه کان

به جیگه پی ی مروف نامون...
ده می شوین پی ی گورگی زه ردن،
ده می سه وزن، ده می مارون...

دینه ژووری به ئه سپایی
له درزی په نجه ره ی هوشی به کراوه یی
به جی ماوی منالی یه وه...
دینه ژووری
له ژیر ده رگای، به رووی گول رن، داخراوی شه وانه وه.
دینه ژووری به دوو ده ستی
له خوینی گول هه لکیشراوی خالی یه وه...
دینه ژووری، به سه ر ژانی بی خه ویی ملیونه هایا
کت و مت، بو حه وانه وه.

دینه ژووری و
شه رم لیبیان شه رمه زاره،
ژه هر ژه هراوی ئه که ن و
خه م له ده ستیان خه فه ت باره...

دینه ژووری و نارونه وه
تا دوا دلوپی شه ربه تیب گیان و ژیان
نه خونه وه !؟

***

# باخچه سەریک هەلدەبری

ریباز محمود

قرچه ی گه رمای هاوینی غه دره و
دلوپ دلوپ ئاره قه ی شه رم و بیزاری
له سیمای پیش خواردووی عه زیتم
له ته ویلی حه یسی یه تم ده چوری!
له پی ده ستیشم، نه خشه ی پر سه مه ری عومریکه
شعورم ده باته وه سه ر که لاوه ی
ته وژمه گه رمه کانی لاویتیم.
ئه فسوس
نه به یانی یه کی میهره بان وه ئاگای هینام
په رداخیک ئارامی له گه ل بخومه وه...
نه سه رپه نایه ک له ئاسوده یه یی لای خورئاواوه هه بوو
روحم له گه رانه وه ی سه ر شوسته کانی نیگه رانی یه وه
بو دیداری حه سانه وه یه ک رووی تی بکا!

روژگاره کان
هه موویان نه وه ی دلره قی بوون...
سه خاوه تی کانیاوه کانی قه راغ باخی
ئاوه دانیان لیل کرد و
سنه وبه ری شعوری منیان به خشی به ره شه با!
دلی ئیمه یان خسته به ر لیزمه ی کاره سات و
گه ره که هیمن و پوشته کانی ئاره زوویان
له بنه ماله ی وه یشوومه تاپو کرد.
به ته کنولوژیای فیل
که وتنه رووخاندنی گه ره که نازداره کانی چرپه چرپ!
حامیه ی بی دالده یی ئاسته نگی یان
پی چول کردین.
له ناو کولانه ته نگه به ره کانی ساده یدا
هه ر ساته و عه شقیکی خوین گه رمیان، که پر گیرفانه کانی
موسیقا و له حزه ی جوان بوو
ره ت کرده وه!
ئه سله ن جیگایه کیان بو سیبه ر نه هیشته وه
له پاشنیوه رو گه رمه کانی مه ینه تدا، باوکم لیوه ی
له ویرانه ی عومری خوی ورد ببیته وه...

باوکم ... که به سه ر ته رمی هیوا و
خوله میشی باخه قوخی بیده نگی خویدا
نابه دلانه هه نگاو ده نی!

روژگاره کان
ره چه له کیان ده چیته وه سه ر خولی بیابان،
پشتیکیان ده چیته وه سه ر بی ره حمی شمشیر...
_ "به یانی" به خه به ری ده کردمه وه و ده یوت:
له م ماله دا جیت ناکه مه وه، ئه م شاره ت لی قاو ئه ده م.
_ دایکم ئه و خه نه یه ی شه و له سه ری گرتبوو
سه رپوشی به روژ ده هات و جوانی یه که ی ده شارده وه.
_ خوم گورانی یه کم هه بوو، هیشتا نه بووبوو به هیچ گولیک
ئه سله ن حه وشه ی دلیشیان پیوه کاول کردم.
_ خوشکه کانم، ده یانویست خویان بو ړووناکی بخویننه وه
کاره با و چرا و خوره کانیشیان کوژانده وه.
_ باوکم وتی: با ئیتر ده ست و پلم له چلکی عه زیت بشومه وه
ئاوی به لوعه کانیان گرته وه و کانی یه کانیان فیر کر
ریا هه لقولینن.

﴿باوکم، هه موو ئیواره یه ک چاکه ته خولاوی یه که ی ده ته کینی
که چی روژی (دوایی) وه کوو خوی لی ده کاته وه.
ده سته کانی له ژیر فه راموشی شه وا ده شاریته وه
به ربه یانیکی عه جوول ده یداته وه به بیگاری.
بو ئه وه ی له سه ر لیواری ئه و ژیانه هه ورازه دا، پی ی هه لنه خلیسکی و
نه که ویته که نده لانی مردن، ده ستی به ناوقه ی کاره وه گیرده کا
هه میشه ش له به رده م هه ژاریدا ده گیرسیته وه.﴾

روژگاره کان
له ئاوی لیلی هاروهاجی ده خونه وه...
روباره روونه کانی گورانی یه کانی منیش
قلپ ده که نه وه.
چه کیان کرده شانی هه ره شه و
سه نگه ری چه پوکیان له سه ر گوشه ی
خواسته کانما لیدا.
له و لاشه وه ... گومانیان ره وانه کرد
په نجه ره کان داخات، به رووی
رووخوشی مانگه شه وا.
ماموستاکانیان

له شه ریعه تی ئیقناع بوونا ده رهینا و
ده رسی ترسیان
به مناله کانی موشتاقیمان وته وه!
به ر له وه ی رانه که ین
راویان ناین.
به لام، نا
حه تمه ن باخچه سه ریک هه لده بری و
چاویک بو مالی باران ده گیری.
ئیدی له وردوخاش بوونی ئاوینه سه رابی یه کانا
بو هاوار و سکالا زیندووه کانی
تینویتی خوی ناگه ری.
منیش، هه ر به م ناوه خته
له ده رگای مالوچکه ی دلته نگی (ئه و) ئه ده م
تا... به لکو هه ناسه یه ک
بو جاریکی تر و ... به ده م و له فزیکی شیرینه وه
ده رگاکه م لی والا بکا.

***

| | |
|---|---|
| ء | ’ |
| ب | Bb |
| پ | Pp |
| ت | Tt |
| ج | Cc |
| چ | Çç |
| ح | Hh |
| خ | Xx |
| د | Dd |
| ر | Rr |
| ر | Rr |
| ز | Zz |
| ژ | Jj |
| س | Ss |
| ش | Šš |
| ع | ‘ |
| غ | Xx |
| ف | Ff |
| ق | Qq |
| ڤ | Vv |
| ک | Kk |
| گ | Gg |
| ل | Ll |
| ل | Ll |
| م | Mm |
| ن | Nn |
| و | Ww |
| ه | Hh |
| ی | Yy |
| | |
| ا آ | Aa |
| ئه | Ee |
| ئی | Êê |
| | I i |
| ئی | Î î |
| ئو | Oo |
| ئوی | Öö |
| ئو | Uu |
| ئوو | Ûû |

# Antirnasyonal

Eugén Pottier
Tercemey Rebwar

# ئەنترناسیونال

ئۆژن پوتیە
وەرگیراوی ریبوار

Hestin! Ey hozî beš meynetan
Dîlani birsyetî dinya!
Le tenûrey bîr u bawerman,
qirmijnî tirîšqe rasa.
Tenûrey axirîne hestîn!
ba helî pêçîn dewrî kon.
Rabîn u jêr u jûr keyn cîhan
êmey ”hiç” bîn be ”gišt” ey koylan.

Axirîn šere, šerî ser u mal
ba yekgirtû bîn hevalan
be antirnasyonal,
rizgar debê însan.

هەستن! ئەی هوزی بەشمەینەتان
دیلانی برسیەتی دنیا!
لە تەنوورەی بیر و باوەرمان،
قرمژنی تریشقە راسا.
تەنوورەی ئاخرینە هەستن!
با هەلی پیچین دەوری کون.
رابین و ژیروژوور کەین جیهان
ئیمەی "هیچ" بین بە "گشت" ئەی کویلان

ئاخرین شەرە ـ شەری سەروماڵ
با یەکگرتوو بین هەڤالان
بە ئەنترناسیونال،
رزگار دەبی ئینسان.

Deselatdar rizgarman naken
ne ša, ne šêx, ne asman.
Ba xoman bo rizgarî rabîn
ey xêlî berhemhêneran!
Rizgarî gištî bê u reha keyin
giyan le bend u mal le talan.
Xoman agir xoš keyin u bikutîn
be germa u germî asinman.

Axirîn šere, šerî ser u mal
ba yekgirtû bîn hevalan
be antirnasyonal,
rizgar debê însan.

دەسەلاتدار رزگارمان ناکەن
نە شا، نە شیخ، نە ئاسمان
با خومان بو رزگاری رابین
ئەی خیلی بەرهەمهینەران!
رزگاری گشتی بی و رەها کەین
گیان لە بەند و مال لە تالان
خومان ئاگر خوش کەین و بکوتین
بە گەرماو گەرمی ئاسنمان

ئاخرین شەرە ـ شەری سەروماڵ
با یەکگرتوو بین هەڤالان
بە ئەنترناسیونال،
رزگار دەبی ئینسان.

Êmeyin kirêkaran u werzêran
komelî meznî zehmetkêš.
Her beême debrê cîhan
ta key bo tewezelî xiwênrêj!
Belam emro u sibey ey hevalan
her ke fewtan qel u dalan
Hetawî gištî heta hetaye
tîšk dawêjê bo însan!

Axirîn šere, šerî ser u mal
ba yekgirtû bîn hevalan
be antirnasyonal,
rizgar debê însan.

ئیمەین کریکاران و وەرزیران
کومەلی مەزنی زەحمەتکیش
هەر بە ئیمە دەبری جیهان
تا کەی بو تەوەزەلی خوینریژ!
بەلام ئەمرو و سبەی ئەی هەڤالان
هەر کە فەوتان قەل و دالان
هەتاوی گەش هەتاهەتایە
تیشک داویژی بو ئینسان

ئاخرین شەرە ـ شەری سەروماڵ
با یەکگرتوو بین هەڤالان
بە ئەنترناسیونال،
رزگار دەبی ئینسان.

# جەهەنم

نووسینی: رە فیق شامی

محمود سلیمی لە فارسی یە وە کردوویە بە کوردی

رە فیق شامی لە سالی ۱۹۴۹، لە شاری دمشق لە سوریە، لە دایک بوو و لە سالی ۱۹۷۱ ە وە لە ئالمان دە ژیت. لە رشتە ی شیمی دا تحصیلی کردوە وە بو خە رجی ژیانی لە کارخانە کانی ئالماندا کریکاری کردووە، و لە پاشان چیروک نووسین یە کی لە ئیشە ئازادە کانی بووە کە زور پیشوازی لیکراوە.

شاگردی وە ستاکار "کاین لای" پە یتا پە یتا پرسیاری لە وە ستاکە ی دە کرد:

ــ راستە دە لین جە هە نم زور گە رمە و بوگە نی سولفوری لی دیت؟

وە ستاکاری پیر بە پیکە نینە وە وە لامی دایە وە:

ــ ئە م قسە پروپووچانە بو ترساندنی خە لکە لە شتیک بە ناوی روژی قیامت.

وە ستا بە م جورە دە یە ویت چیروکی راستە قینە ی جە هە نمی بو بگیریتە وە:

ــ هە ر وە کو ئە زانی، سالیانی سالە تە نیا خە لکی حیسابی و لیو بە بزە و سە رحال ریگایان کە وتووە تە جە هە نم، لە هونە رمە ندە وە بگرە تا زانا و عارە ق خوری دائم الخمر؛ لە و کە سانە وە کە ئە یانوت زەوی خرە، هە تا ئە و کە سانە ی کە دە یانویرا و ئە یانوت زە وی بە دە وری هە تاودا ئە گە ریت. بە کورتی بو هە موو ئە و کە سانە ی کە قسە ی حیسابی یان بو کردن هە بوو، پیشە کی جیگایان لە قولایی و لە ناو گە رمترین مە نجە نیقی جە هە نمدا بو تە رخان دەکرا.

زوربە ی رە ش پیستە کان و سوورپیستە کانیش بە هوی ئە وە ی کە بروایان بە خوای سپی پیستە کان نە بوو هە ر لە جەهە نم ئاخنرابوون. پاشان زوربە ی موسولمانە کان و هیندی و چینی یە کانیش بە هوی ئە وە ی کە بروایان بە خوای جوان و خر و خول نەبوو و خوای شەر و خوین رشتنیان دەپەرست، ناردرابوونە جەهەنمەوە. کومونیستەکانی هەموو ولاتان و سوشیالیستە کانی هیندیک لە ولاتە کانیش بە بی ئە م لاو ئە ولا مشتە ری دایمی جە هە نم بوون.

شەیتان دەبوو لەگەل پیشرەفتی زەمان، تکنیکی کاری خوی بەریتە پیش و ئیتر بو گە رم کردنی جە هە نم چی دی ناتوانیت لە سولفور کە لک وە ربگری. لە سە رە تاوە لە غە لووزی بە رد و پاشان لە نە وت کە لکی وە ردە گرت. بە لام دوای ئەوەی کە نەوت کەم گیرکەوت و قیمەتی چووە سەر و خواش بەهوی سەقیلیەوە تەنانەت پارەی روژانەی شە یتانیشی بری، شە یتان مە جبور بوو کە لە گە ل سە روکی جە هە نم کە فیزیک زانیکی دژ بە وزە ی ئە تومی بوو بیرورا بگوریتە وە. فیزیک زانە کە پیشنیاری کرد کە بو گە رم راگرتنی جە هە نم لە وزە ی خور کە لک وە رگریت و هە روە ها بە ر لە زیدە رە وی و خە سارکردنی وزە ش بگیردریت تا نە بیتە هوی پیس و چە پە ل کردنی هە وا و شوینی ژیانی خە لکیش.

شەیتان پاش بیرکردنەوە لە خەرجی گەرم راگرتنی جەهەنم و دەست قونچاوی خوا، چوو بو لای فیزیک زانە کە لە مە نجە لی ژمارە ۲۷۵دا و پیی رایگە یاند کە ئە ویش بو گە رم راگرتنی جە هە نم هاتووە تە سە ر ئە و رایە کە لە وزە ی هەتاو کەلکوەربگری. فیزیکزانی ئەمجارەخوش بەخت، لەجیگای خوی هەستا و وەک بیچووە پشیلە خوی راوەشاند؛ تەپ وتوزی لە لەشی تەکاند و لە مەنجەلە گەرمەکە هاتەدەری و دە ست بە کار بوو. پاش ماوە یە ک ئاگری جە هە نم کوژایە وە و دانیشتوانی جە هە نم یارمە تی شە یتانیان کرد تا مە نجە لە کان لە شوینیک بو کاریکی دیکە هەلگرن.

شه یتان که وته فکری ئه وه که مه نجه له کان بکات به سه رچاوه ی ئاوی گه رم بو حه مام، یا خو بیان کات به حه مامی سونا بو دانیشتوانی جه هه نم. ماوه یه کی زوری پی نه چو که سولاریومی وزه ی هه تاویش دروست کرا و گه رمای خوش و به له زه ت فه زای جه هه نمی پر کرد. هه موو خه لکی جه هه نم به دلخوشی و سه رحالیه وه ده ستیان کرد به رازاندنه ه ی سالون و ژووره کانی جه هه نم. شه یتان که له خوشیان بسکه ی سمیلی ئه هات چووه ناو دانیشتوانی جه هه نم و به ده نگی به رز سه ربه خویی جه هه نم و ده رچوونی له ژیر ده سه لاتی خوا راگه یاند و بو ئه وه لین جار له ژیانیدا به ئاوی گه رم حه مامی کرد.
روژگار به شادی و خوشی تی ئه په ری. زور کوری موسیقا، گورانی و هه لپه رکی پیکهاتبوون. زور روژنامه و گوفاریش به‌بی سانسور ده‌ر ئه‌چوون. خوینه‌ر و وینه‌کیش و نووسه‌ریش به بی ترس خه‌ریکی هه لسووران بوون، چون ئه وان خویان له جه هه نم بوون و چی دی له هه ره شه و گوره شه و تووره یی خوا نه ده ترسان. جه هه نم زور جیگایه کی خوش بوو به تایبه‌ت بومنالان، چون ئه‌وه‌نده ماموستای منالانی لی‌بوو که بو هه‌ر پینج منال، باخچه یه کی منالانیان دامه زراندبو. باوک و دایکیش بویان نه بوو به ناوی بارهینانه وه له منداله کانیان بده ن یاخو هه ره شه یان لی بکه ن و پییان بلین به "جه هه نم". منالان له په رو رده و بارهینانی جه هه نم زور له زه تیان ئه برد.

خوا له م ئالوگوره ی ناو جه هه نم ئاگادار بوو، به لام پیی وابو که پاش ماوه یه ک وه زع باش ئه بیت و هه موو شتیک ئه‌گه‌ریته‌وه سه‌ر جیگای ئه‌وه‌لی خوی و عادی ئه‌بیته‌وه. زوربه‌ی پیغه‌مبه‌ر و ئه سحابه کان که له به هه شت بوون که وتنه پچه پچ کرون و پییان سه یر بوو که به جیگای ده نگی گریان و شیوه ن و پارانه وه له جه هه نم ده نگی پیکه نین و موسیقا و گورانی و هه‌لپه‌رکی ده‌بیستریت. هه‌ربویه‌ش بو گورینی ئه‌م وه‌زعه‌ی جه‌هه‌نم و بو سه‌رهه‌لدانی شورشیک دژی دانیشتوانی جه‌هه‌نم به ده‌نگی به‌رز دوعایان ده‌کرد. هیندیک له ئه‌سحابه یش پر به دل حه زیان له فه زای گورانی و هه لپه رکی و به رابه ری نیو جه هه نم ئه کرد. له به هه شت هه موو که س له گه‌ل یه ک به رابه ر نه بوون و جیگا و باغاته خوشه کان له ئیختیاری پیغه مبه ر و پاپ و ژنراله کانی ئه رته شدا بوون. باقی خه لکی عادی ته نانه ت ئیجازه ی هاتوچوی ئه و شوینانه یان نه بوو. هه ندیکیان چی دی تاقه تی ویزه ویزی بالی ملائیکه و هه لفرینی ئه وانیان نه مابوو و له بیده نگی بی تام و مه سخه ره ی به هه شت وه ره ز ببوون.

روژیک له روژان که خوا له گه ل چه ند چه کداری پاریزگاری و ئه سحابه ی نزیک به خوی له باخه تایبه تیه که ی خویدا خه ریکی گه شت و پیاسه بوو، چاویان که وت به ته نیا ئه سحابه ی ره ش پیست و نوینه ری ته واوی خه لکی ئه فریقا له به هه شت که گویی ناوه به عه رزه وه و له کاتیکدا که بزه ی له سه ر لیوه به دل گویی داوه‌ته ده نگی موسیقا و گورانی و هه لپه رکیی جه هه نم.
خوا به م به زمه ی ئه زانی به لام خوی گیل ئه کرد. به لام یه کیک له چه کداره پاریزه ره کان رووی کرده ئه سحابه ره شه که و پرسی:
ـ ئه وه خه ریکی چیت؟
ئه سحابه ره شه که که زانی پییان زانیوه له ژیری ده رنه چوو؛ هه ستاو و وتی:
ـ عه جه ب ئه و خواره خوشه!
یه کی له و ملائیکانه که له گه ل خوا بوو ته کانیکی خوارد و وتی:
ـ روله بلی ئه ستغفرالله و داوای عه فو بکه، و برو.
ئه سحابه ره شه که تووره بوو و وتی:
ـ که ره تو که رری نابیسی. توبه و ئه سغفرالله له چی؟ گوی بگره له ده نگی موسیقای ره پ که له و خواره وه دیت.
خوا که تا ئه و کاته هه ر خوی گیل کردبوو له پر کولمه کانی سوور هه لگه ران و بوغزی ته قی و وتی:
ـ برو، جه هه نمت لی پر بیت. ئیره جیگای تو نیه.

یه کی له مه لائیکه کانی تریش به حاله تی رووحانیه وه قسه کانی خوای دووپات کرده وه. ئه سحابه ره شه که له حالیکدا که پی ئه که نی په ر و باله کانی هه لوه ری و نیشانه ی ئه سحابه بوونه که ی که له دایره ی پاریزگاری به هه شت پیی درابوو و دایم له سه ر سه ری دائه نا، بو خوای تووردا. خوا له کاتیکدا که خه ریکی نووسینی فه رمانی ده رکردنی ره ش پیسته که له کومه لی ئه سحابه کاندا بوو، به ناباوه ری یه وه سه رنجیدا و وتی:

ـ ون به له به ر چاوم هه ی بی ئه مه کی نمه ک به حه رام.

ره ش پیستی خوشبه خت پاش نیشاندانی قامکی نیوه راستی به خوا به ده نگی به رز به دانیشتوانی جه هه نمی وت:

ـ دوستان ئیمه ش هاتین.

وه زع تا ئه هات خراپتر ئه بوو و ته حه مول کردنی بو خوا سه خت و سه ختتر ئه بوو. خوا ناچار حوکمی گرتنی شه یتانی دا. شه یتان ده س به جی هینرا بو لای خوا. خوا به ده نگیکی بور نرکاندی:

ـ ئه مه چ بی ئابروویی یه که سازت کردووه؟!

شه یتان که چاوه روانی ئه م وه زعه ی ئه کرد، قیافه یه کی گرت و سینگی هینایه پیش و وتی:

ـ له جه هه نم هه موو کاریک به پیی ده نگ دانی گشتی ئه نجام ئه دریت. له وی دیموکراتیه ت حاکمه. هه رچیش کراوه به پیی ئیراده ی گشتی یه و من هیچ ده سه لاتم نییه.

خوا که ته حه مولی بیستنی ئه م قسانه ی نه مابوو، نه عره ته یه کی کیشا و وتی:

ـ ئه ته وی به م قسه قورانه بمان هینیته پیکه نین!

مامورانی پاریزگاری و کومه لی ملائیکه به ده نگی به رز قسه کانی خوایان دووپات ئه کرده وه. شه یتان که چاوی دیتنی ئه و کومه له لاساوکه ره ی نه بوو، به تووره یی یه وه وتی:

ـ ئیوه وادیاره له سه ر ئه م دنیایه ناژین، یاخو خه ریکی بزن له وه راندنن، ئاگادار نین له خواره وه چی ئه گوزه ریت...

و به توره ییه وه تفیکی ئاودار ئه کاته سه ر عه رز و ئه چیته فکره وه.

یه کیک له مامورانی پاریزگاری به بوغزه وه سه یریکی شه یتان ئه کات و وه کوو هه ره شه بکات ئه لیت:

ـ ئه ی بوچی سزایان ناده یت؟

شه یتان که ئه توت چاوه روانی ئه م پرسیاره بوو وتی:

ـ هه ره شه ی چی یان لی بکه م، بلیم ده تانخه مه جه هه نم؟! یاخو بیان نیرمه لای ئیوه؟ هه ر چه ند ئه وان له به هه شت زورتر ئه ترسن هه تا جه هه نم.

خوا که زور له‌وان زیره‌ک‌تر بوو، فه‌وری دووقرانیه‌که‌ی داکه‌وت که مه‌نزوری شه‌یتان چیه. چاوه کانی لیک ناو و به هه شتی به بی جه هه نم هینایه به رچاوی خوی. له به ر خویه وه ئه یوت:

ـ به هه شت به بی جه هه نم؟ شیت ترین به نی ئاده م مان چی دی بو که ر نابیت، کی ئه مینیته وه گوی بو ئیمه بگریت و به قه ولمان بکات.

بویه له ناکاو له جیگای خوی هه ستا و نعره ته ی کیشا و وتی:

ـ ئیمه هه‌رگیز نابیت جه‌هه‌نم له‌ده‌ست بده‌ین. جه‌هه‌نم ملکی ئیمه بووه و ملکی ئیمه یش ئه مینیته وه. نابیت له بیرمان بچیته‌وه که ئیمه حه‌قی ئاو و گل‌مان به سه‌ر جه‌هه‌نمه‌وه هه‌یه و ته‌واوی عه‌رزو ملکی بست به بست ئه‌پاریزین...

خوا ئه‌یزانی که نابیت زور سه‌ر بنیته سه‌ر دانیشتوانی جه‌هه‌نم و لیشی روون بوو که هه موو ئه م به زمانه له ژیر سه ری شه یتان دایه، بویه رووی کرده شه یتان و وتی:

ـ بگه ریوه بو جه هه نم و هه رچی پیت خوشه بیکه، به لام به کیمیاگه ره کانت بلی که له ده ور و به ری جه هه نم بومبی

شیمیایی بوگەن بتەقیننەوە و لە دەور و بەری بەهەشتیش گەورەترین بلیندگو دابمەزرینن، و ئەگەر بە درویش بووبیت دە نگی هاوار و داد و نالە و گریان و پارانە وە ی جە هە نمیان بو خە لکی بە هە شت بلاو بکەنەوە.
خوا پاش هیندیک بیدە نگی وتی:
ـ ئەو بەزمەی ئیوە جەهەنمی‌یەکان لەو خوارەوە دروستتان کردووە، تیرو پریش مشتەریتان لە خوتان کو کودوە تە وە! بە لام بە نە بوونی دە نگی هاوارو داد و بونی بوگە ن لە لای ئیوە وە، بازاری ئیمە د ە فە وتی.

شە یتان کە هە ر لە ئە وە لە وە لە مە نزوری خوا گە یشتبو سە ریکی راوە شاند و بە قە سدی رویشتن بە رە و دە رگا رویشت.
چە کداریکی پاریزگاری پیشی پیگرت و وتی:
ـ رازی بوویت؟
شە یتان کە لە دە س چاپلوسی ئە مانە وە رە ز ببوو بە هە موو ئیشتیای خوی زللە یە کی لە بناگویی سرە واند و وتی:
ـ بە لی گە ورە م.
بەم جورە بە خەلکی بەهەشتیان قالب کرد کە لە جەهەنم دایم هاواری گریان و شیوە ن و پارانە وە ی دیتە گوی و یە کجار زور بوگە نیشە. بە م جورە کومە لی ئە سحابە و ملائیکە ش ئارام بوونە وە و لە بوگە ن، و بیستنی هاوار و دادی دەسکردی جەهەنمی‌یان لەزەتیان ئەبرد. مەلائیکەیش ئەمجار بیکار دانەنیشتن و بە خە لکی سە ر عە رزیان وت، تە ماشا بکە ن و گوی لە دە نگی گریان و شیوە ن و بوگە نی جە هە نمیان بگرن. فە رمانە کانی خوا بە وردی ببیستن و بە کاری ببە ن هە تا نە کە ونە جە هە نم و بچنە بە هە شت.

***

# که‌له پیاویکی به شه‌ره‌ف

دوو دیمه نی شانویی به ناونیشانی

نووسینی: عرفان کریم

## دیمه نی یه که م

"که له پیاو" له باره گای هیزدا دانیشتووه و له گه ل پیاویکی تردا باس له پیاوه تی ده که ن.

پیاوه که ی تر: ها... ئه وه چی یه؟ ئه مرو ده تبینم چاو و رووت گه شه و سمیله که ت هیشتا شیله ی پیاوه تی به سه ره وه دیاره، چیت کرد. دوینی خوت کرد به چه ند مالدا؟

"که له پیاو": کورم تو ئه گه ر پیاو بیت، ده بیت وه کوو من بیت ده نا ئه و سمیله ت به خورایی داناوه!

پیاوه که ی تر: بو به وه ده چی دوینی گورزی باشت وه شاندبیت؟

"که له پیاو": ئه ی چون کورم، من وه کوو تو نیم. من که له پیاوم، که له پیاو!

پیاوه که ی تر: ده ی باشه باسی بکه بزانم دوینی چون پیاوی بووی؟

"که له پیاو": ئه و ئافره ته ت ده ناسی که ده یویست له دائیره ی "به ریوه به رایه تی په روه رده" دابمه زری؟

پیاوه که ی تر: ئه ی چون نایناسم... ئه وه ی سالیکه ناوی خوی نووسیوه بو دامه زراندن به لام جوابی ناده نه وه؛ به راستی شتیکی نایابه.

"که له پیاو": ده ی که له پیاوی برات دوینی "موافقه "ی دامه زراندنی بو وه رگرت و خوم کرد به مالیاندا.

پیاوه که ی تر: به خوا زیره کی، شتی باش ده ده وزیته وه و ده زانی چون خوت بکه ی به مالاندا.

"که له پیاو": جاری راوه سته بزانه چیترم کردووه!

پیاوه که ی تر: ده ی فه رموو.

"که له پیاو": ئه و بیوه ژنه ده ناسی که مالیان نزیکی خه سته خانه که یه و سی مندالی هه یه؟

پیاو ه که ی تر: به لی ئه وه ی میرده که ی ئه نفال کراوه.

"که له پیاو": ئه وه زانیم که ئه م ئافره ته چووه داوای "پاره ی هه تیوانه"ی کردووه و نه یانداوه تی. ئی خوت ده زانی "مه لاذوالفقار"ی ئاموزام له وی کاربه ده سته و خوی هه موو شتیکه. هه ر بویه دوینی "مه لا"ی ئاموزام رازی کرد و پاره ی هه تیوانه که م بو وه رگرت و بووم به میوانی مالی ئه و بیوه ژنه ش! به سه ری تو که له جیگه دا بووین پیی وتم تو و "مه لا"ی ئاموزات زور پیاون.

پیاوه که ی تر: خوت گه یانده مالی ئه و بیوه ژنه ش؟

"که له پیاو": ئه ی چون! بو قابیله پیاو هه یه پیم بلی بو چی خوت ده که ی به م مال و ئه و مالدا له م کوردستانه!؟ تو واز له وه بینه! با باسی ئه و کچه ت بو بکه م که ده زگیرانه که ی له سه ر سنووری زاخو_تورکیا کوژراوه!

پیاوه که ی تر: ئه مه یان چیه؟

"که له پیاو": ئه م کچه ژنیکی خزمی هات بو لام پیی وتم به لکو هه ولیکیان بو بده م بو ئه وه ی "ته رم"ی کوره که بگه رینن‌ه وه بویان. منیش وتم به سه ر هه ر دوو چاوانم، ئیمه کاربه ده ستانی "حکومه تی هه ریم" له خزمه تی هه موو هاوولاتی یه ک داین. به لام حه زم ده کرد که ئه مشه و میوان بم له لای تو!

پیاوه که ی تر: به راستی ساخته چیت... ئه ی ژنه که وتی چی؟!

"که له پیاو": کورم ئه وه نده گه مژه مه به؛ سه د جاره پیت ده لیم من که له پیاوم که له پیاو..! ئه ی قابیله بلی نه خیر؟!

پیاوه که ی تر: ئه وه شتیکم به بیر هاته وه.

"که له پیاو": شتی چی؟

پیاوه که ی تر: دوینی که له تو جیا بوومه وه ئیواره که ی به نزیک کولانه که ی لای مزگه وته که دا تیپه ریم،

"خوشکه که تم" بینی له سووچی کولانه که دا له گه ل کوریکدا قسه ی ده کرد و پیده که نی...
"که له پیاو" هه لده ستیته سه ر پی و به تووره یی یه وه ده لی: چون شتی وا ده بی؟ ئه ی که سیان له گه لدا نه بوو؟ به ته نیا هه ردووکیان بوون؟ ئه وه تو ده لیی چی؟
پیاوه که ی تر به سه رداخستنیکه وه: به لی که سیان له گه لدا نه بوو.
"که له پیاو": تو ئه و کوره ده ناسی؟
پیاوه که ی تر: به لی.
"که له پیاو": شه رت بی هه ر ده بی به قوناغه کلاشنکوف بی توپینم. یه ک شتی تریان کردبیت به یه که وه ئه و خوشکه شم ده که مه قوربانی یه ک فیشه ک و فره ی ده ده مه چه مه که وه و ده رخواردی سه گ و گورگی ده ده م.

## دیمه نی دووه م

سه رشانو تاریکی یه کی شه وه و خاموشی یه کی ماته مینه. له ناکاو ده نگی ده ستریژیکی تیژ و قیژه ی ئافره تیک په رده ی گویی بی ده نگی و خاموشی ده درینی.

***

# مەسەلەی کورد لە تورکیا و سیاسەتی ئیستای پ. ک. ک

حسین مرادبیگی(حەمە سوور)

ئەم مقالەیە لە کوتایی سالی ۱۹۹۹ دا، واتە نزیکەی دوو سال لەوەپیش بو گوڤاری هانا نووسراوە، کە بە داخەوە بە هوی دەرنەچوونی هانا، وا وەدرەنگی کەوت. پیش‌بینی‌یەکان و لیکولینەوەی نووسەر دوای بەسەرچوونی دووسال بە سەر نووسینەکەشدا، هەروا موعتەبەرن. بویە بریارماندا کە نووسینەکە لەم ژمارەیەدا بلاو بکەینەوە.

"هانا"

لە مانگی ژوئیەی ۱۹۹۹ دا، وەکیلەکانی عەبدوللا ئوجالان لە زمان ئەوەوە رایانگەیاند کە پ.ک.ک. دەست لە خە باتی چە کدارانە لە دژی دە ولە تی تورکیا هە لدە گری و هیزە چە کدارە کانی خوی تا یە کی سپتامبر لە خاکی تورکیا دە باتە دە ر و بو بە دیهینانی ئامانجە کانی لە مە ودوا ریگای سیاسی و دیپلوماتیک دە گریتە بە ر. ئە م سیاسە تە پاشان لە لایە ن خودی ئوجالانە وە دووپات کرایە وە و راگە یاندرا.

کومیتە ی ناوە ندی پ.ک.ک ش رایگە یاند کە بە گویرایە لی لە فە رمانی رابە رە کە ی هیزە چە کدارە کانی خویان تا کاتی دیاریکراو لە تورکیا دە بە نە دە ر. کومیتە ی ناوە ندی پ.ک.ک لە کوبونە وە ی روژە کانی ۲۳ تا ۲۹ ژوئیە دا رایگە یاند کە بریاری دەستهەلگرتن لە خەباتی چەکدارانە بریاریکی ستراتیژیکە نەک تاکتیکی، وە بو پیکهینانی ئالوگور لە بە رنامە کە یان لە م پروسە یە دا بە زووترین کات کونگرە ی نائاسایی خویان دە گرن. ئە م مە سە لە یە وە ک گورانکاری یە کی گرینگی ناو پ.ک.ک، بوو بە مە وزوعی قسە و باسی کور و کومە لی سیاسی لە پیوە ند بە مە سە لە ی کورددا.
لە م پیوە ندیە دا، بە تایبە تی لە سە ر ئاکامیک کە سیاسە تی تازە ی پ.ک.ک بە رانبە ر دە ولە تی تورکیا بە دوای خویدا دە یهینی و هە روە ها بە ردە وام بوونی قە یرانی مە سە لە ی کورد لە ناوچە کە و لە تورکیا دا، لیدوان لە سە ر چە ند خالیک پیویستە.

## دەولەتی تورکیا و مەسەلەی کورد

داسەپاندنی ستەمی نەتەوایەتی لەلایەن بورژوازی شووینیستی تورکیاوە بە سە ر خەلکی کوردستانی تورکیادا، رابردوویە کی دوور و دریژی هە یە. خە لکی کوردستان بە ردە وام بە شیوە یە کی درندانە و سیستماتیک لە ژیر فشار و سە رکوت و ستە می نە تە وایە تی دابوون. بە هوی سە رکوتی بە ردە وام و سیستماتیکی رژیمە نیزامی و غە یرە نیزامیە کانی تورکیاوە، مەسەلەی کورد لە هەر قوناغیک لە جموجولی سیاسی لە تورکیادا و، یان بە روودانی هەر گورانکاریی‌یەکی سیاسی لە کوردستانی ئیران یان عیراقدا، بوتە هوی پیکهاتنی کیشمەکیشیکی تازە لە نیوان ناسیونالیزمی کورد و تورک و سە رلە نوی وە ک گریگایە کی سە رە کی کومە لگا، سە ری هە لداوە و داوای ریگاچارە ی خوی کردووە.
دەولەتی تورکیا لە قانوونی ئەساسی کەمالیستی سالی ۱۹۲۶دا مەسەلەی شەهر وە ندی (هاوولاتیە تی) گریدا بە تورک بوون یان "بوون بە تورک"ی کەسەکانەوە. ئەم قانوونە ئیستاش هەر بەردە وامە. لە و سالە وە تا ئیستا رژیمی کەمالیستی تورکیا سیاسەتی تواندنەوەی خەلکی کوردی لە روژهەلاتی تورکیا گرتوتە پیش و بە زوری سەرنیزە کەوتوتە کوچاندنی سیستماتیکی خەلکی ئەم ناوچەیە بو ناوچەکانی روژئاوای تورکیا و شارە کانی وە ک ئە زمیر و ئە ستە نبول.
بە هاتنەسەرکاری "دیموکراتەکان" لە سالی ۱۹۵۰دا، ریگرییە کولتورییەکان لە روژهەلاتی تورکیا و لە ناوچە

کوردنیشنه کانی تردا تا راده یه ک که م کرایه وه به لام خواستی ئازادیخوازانه ی خه لک بو لابردنی سته می نه ته وا یه تی وه ک هه ولیکی "جیاوازیخوازانه" هه روا سه رکوت ده کرا.
سه رهه لدانی سه رمایه داری له تورکیا له په نجاکاندا هاوکات بوو له گه ل گه شه سه ندنی چینی سه رمایه دار و پی گرتنی خیرای چینی کریکار و هه روه ها گه شه سه ندنی چینی ورده بورژوای شارنشین. گه شه ی سه رمایه داری له تورکیا، گورانکاری زوری له گه ل خویدا هینا. ئه م گورانکارییانه مه یل و گه رایش گه لی چینایه تی تازه و داواکاری تازه یان هینایه مه یدان. له م ده وره یه دا هیزه چه پ و رادیکاله کان به ره به ره له کومه لگای تورکیادا سه ریان هه لدا. روژهه لاتی تورکیاش له م گورانکارییانه بیبه ش نه بوو. به ده ست پیکردنی جه مسه ربه ندی (قوتب به ندی) تازه و شکل گرتنی مه یل وگه رایش گه لی تازه ی چینایه تی له سه رتاسه ری تورکیا، له قوتابخانه و زانکوکاندا گه رایش ی چه پ په ره ی گرت. له کوردستانی تورکیاش له نیو خه لک و به تایبه تی له نیو روشنبیرانی کورد زماندا، ئه م گه رایشه په ره ی گرت و ئه وانیش بوون به به شیک له چه پی کومه لگای تورکیا.
ئه م روشنبیرانه له نیو ریکخراوه چه په کاندا، ئازادی ده ربرینی بیرورا و هه لسوورانی سیاسی یان داوا ده کرد. هه روه ها لابردنی سته می میللی له سه ر خه لکی کورد زمان له ناوچه ی روژهه لاتی تورکیا دا به شیکی سه ره کی ئه م داواکارییانه بوون.

بو به رگرتن له به ره وپیش چوونی هه لسوورانی سیاسی هیزه چه په کان و به رگرتن له په ره سه ندنی داخوازی رادیکال و ئازادیخوازانه، نیزامی یه که مالیسته کان له سالی ۱۹٦۰دا کوده تایان کرد و هه لومه رجی سه ختی پولیسی_ نیزامیان به سه ر کومه لگای تورکیادا سه پاند.
سالی ۱۹٦۰ هاوکات بوو له گه ل ده ستپیکردنی شه ری نیوان بزوتنه وه ی میللی_ عه شیره یی له کوردستانی عیراق و هیزی چه کداری ده وله تی عبدالکریم قاسم، که ئه مه ش به نوبه ی خوی جوش و خروشیکی تازه ی دا به مه سه له ی کورد له کوردستانی تورکیا. له م ده وره یه دا بوو که ده وله تی کوده تاگه رانی تورکیا رایگه یاند که له بومباران کردنی شار و لادی یه کانی روژهه لاتی تورکیا ده ست ناپاریزی ئه گه ر خه لکه که ی دژی ده وله تی تورکیا رابوه ستن. به م حاله ش، له م ده وره یه دا فشاری په ره سه ندووی بزووتنه وه ی کریکاری بو پیکهینانی ریکخراوه کریکاریه کان، رژیمی کوده تای ناچار کرد که ریگرییه کانی به رده م پیکهینانی ریکخراوه کریکاری یه کان، که م کاته وه. پیکهینانی یه کیتی و سه ندیکا کریکاری یه کان و پاشانیش پیگرتن و هاتنه وه مه یدانی دووباره ی ریکخراوه قوتابی یه کان، که ش و هوای سیاسی له تورکیا بو هه لسوورانی سه رله نویی حزب و ریکخراوه سیاسی یه کان و هه روه ها خستنه وه به ر باس و لیکولینه وه ی مه سه له ی کورد، خوش کرد.
به شکل گرتن و په ره سه ندنی ریکخراوه کریکاری یه کان و په ره ساندنی خه باتی کریکاران و قوتابیان و هه روه ها گه شه کردنی حزب و ریکخراوه سیاسی یه کان و گه رم بوونی مه سه له ی کورد له کوردستانی تورکیا، کوده تایه کی نیزامی تر له سالی ۱۹۸۰دا رووی دا که یه کسه ر حزب و ریکخراوه چه پ و رادیکاله کانی هه لپیچا و که وته گرتن و ئیعدام و کوشتنی به کومه لی ئه ندامانی هیزه چه په کان و هه روه ها ئه زیه ت و ئازاری خه لکی کورد له روژهه لاتی تورکیا ش ده ستی پیکرده وه.

له کوتایی هه شتاکاندا، به هاتنه وه به ر باسی مه سه له ی کورد، ناسیونالیزمی کورد به پیی هه لومه رجیک که بوو و هه روه ها به ره نگاری روو له زیادبوونی بزووتنه وه ی کریکاری له به رانبه ر ده وله تی بورژوازی تورکیادا، توانی بیته وه مه یدان و کیشمه کیش و به ربه ره کانی خوی له گه ل ناسیونالیزمی پان تورکیستی ده سه لاتدار بکیشیته مه یدانی خه باتی چه کدارانه ش. گورانکاری یه کانی کوردستانی عیراق له ئاکامی "شه ری که نداو"دا؛ هه روه ها ئه و گورانکاری یه که به دوای رووخانی سوفیه ت و ولاتانی بلوکی ئه وروپای روژهه لات رووی دا، بوو به هوی په ره پیدانی ناسیونالیزم و ته ئسیریان کرده سه ر زیادکردنی نفووزی ناسیونالیزمی کورد له کوردستانی تورکیا و به م شیوه له سه ر گه شه کردنی

"پ.ک.ک" ش.
هەروەها جیگا و ریگای نیونەتەوەیی تورکیا و هەولی ئەم ولاتە بو پەیوەستبوون بە بلوکی ولاتانی ئە ورووپای یەکگرتوو، مەسەلەی کوردی لە چوارچیوەی ناوچەی روژهەلاتی ناوەراست بردە دە ر و بە بە شی خوی خە سلە تیکی نیونە تە وە یی پیدا.

سالی ١٩٩٣ لە گە ل پە رە سە ندنی نارە زایە تی گشتی خە لک لە دیاربە کر و لە شار ە کانی تری کوردستانی تورکیا و هاتنە سەرکاری "سلیمان دمیرل"، دەولەتی تورکیا دووبارە زەخت و فشاری دەورەی کە مالیستە کانی گرتە وە بە ر و فەلاکەت و کوچاندنی خەلکی ناوچە کوردنشینەکان دەستی پیکردەوە. لە دەورەی "تانسو چیللەر"دا سەرکوت و کوچاندنی خە لکی ناوچە کوردنشینە کان دە وریکی تازە ی بە خویە وە گرت. پیویستە بگوتری کە فشاری پولیسی و نیزامی دە ولە تی تورکیا هیچ کات تە نیا بە شارە کانی کوردستانی تورکیا مە حدوود نە بوە تە وە، بە لکو زور و ستە می پولیس و سوپای تورکیا بە شیوە یە کی رووتین هە موو شار و ناوچە کانی تری تورکیاشی گرتوە تەوە. تە نیا لە دە یە ی رابردوودا، بە پیی راپورتی مافی مروڤ، لە سە رتاسە ری تورکیا ژمارە یە کی زور بە بی دادگایی کردن کوژراون، ژمارە یە کی زور پاش گرتن بیسەروشوین کراون، ژمارەیەکی زور بە هوی شکەنجەوە گیانیان لەدەست داوە، روژنامەوانیکی زور کوژراون یان خراونەتە بەندیخانەوەو، هیشتاش ژمارەیەکی زور لە هەلسووراوانی سیاسی و رابەرانی کریکاری لە بەندیخانەدان.
لە کوردستانی تورکیا بە پیی سە رچاوە ی جوراوجور نزیکە ی ٣٠٠٠ ئاوایی چول کراوە و ئاگری تیبە ر دراوە، زیاتر لە دوو ملیون کەس بە زور کوچیپیکراوە، هەروەها ژمارەیەکی زور لە شەری نیوان پ.ک.ک و دەولەتی شوووینیستی دە سە لاتداری تورکیادا گیانیان لە دە ستداوە.
بەم حالەشەوە، وەلامی حکومەتی شووینیستی تورکیا بە مەسەلەی کورد هەر پیداگرتن بووە لە سە ر ریگاچارە ی حکومە تە کانی پیشوو، واتە ریگای زور و سە رکوت و حالە تی شە ری بە ردە وام و تیرور و بومباران و ئاگرتیبە ردانی شار و لادی و کوچ پیکردن و ویرانکردنی دیهاتە کوردنشینە کان و کوشتاری بە کومە لی خە لکە کە ی. کاتی کیشمە کیش لە سە ر تە حویل دانە وە ی عە بدوللا ئوجە لان بە تورکیاش، دە ولە تی تورکیا هە ولیدا تاقمە شووینیستە کانی خوی برژینیتە سە ر شە قامی شارە کان و شە ری ناعادلانە ی خوی لە کوردستاندا بکاتە شە ری قە ومی نیوان خە لکی تورک زمان و کورد زمان و هە موو ولاتی پی بگریتە وە، کە لە واقیعدا دیە ویست شە ر لە دژی خە لکی کوردستانی تورکیا بکیشیتە ئاستی کوشتار و تالانی خە لک لە سە ر شە قامی شارە کاندا.
هاوکات لەگەل رفاندنی عەبدوللا ئوجەلانیش بو تورکیا، دەولەتی شووینیستی تورکیا کە وتە گرتنی هە لسوراوانی سیاسی لە شارەکانی تورکیا و بەندیخانەکانی پر کرد لە بەرهەلستکارە سیاسیە کانی خوی. بە کورتی، سیاسە تی سەرکوت و لەشکرکیشی لە بەرانبەر مەسەلەی کورددا لە تورکیا بووە بە ریبازیکی هەمیشەیی دەولەتی بورژوا_شووینیستی تورکیا و لە وە ناچی ئالوگوریکی بە سە ر دابی.

سە رە رای کوشتار و ئاوارە یی و موسیبە تی لە رادە بە دە ر کە بە سە ر خە لکی کوردستاندا سە پیندراوە، دە ولە تی تورکیا وە ک یە کیک لە ئە ندامانی ناتو و هاوپیمانی ستراتیژیکی دە ولە تی ئە مریکا لە ناوچە کە دا، نە لە لایە ن کومە لگای نیونەتەوەییەوە، نە لە لایەن دەولەتی ئەمریکاوە، نە تەنانەت لەلایەن دە ولە تانی ئە وروپاشە وە، کە لە رە والە تدا سیاسە تیکی جیاوازیان لە دە ولە تی ئە مریکا هە یە، هیچ فشاریکی نە خراوە تە سە ر، غە یری داوای بە رە سمی ناسینی "مافی کولتوری" بو خەلکی کوردستان. لەم بارەشەوە دەولەتی تورکیا دەستی خوی ئاوالە بینیوە بو بەریوەبردنی سیاسە تی سە رکوتگە رانە ی خوی بە سە ر خە لکی کوردستانی تورکیادا.

## جیگای سیاسەتی ئەمروی پ.ک.ک

پ.ک.ک که له سالی ۱۹۷۸دا دامه زراوه، ریکخراویکی ناسیونالیستی یه وه ک باقی حیزبه ناسیونالیسته کانی کورد، به هه مان سوننه ت و ره وشتی خه باتکارانه ی نزیک به وان. ده سه لاتی پ.ک.ک به سه ر ژیانی سیاسی خه لک له کوردستانی تورکیادا، وه کو باقی حیزبه ناسیونالیسته کانی کورد، به رهه می جه بری سته می نه ته وایه تی و سه رئه نجامیکی ئاسایی سه رکوت و وه حشیگه ری رژیمی کونه په رستی تورکیایه . به تایبه تی له ئارادا نه بوونی ئالترناتیویکی سوسیالیستی که ریگاچاره یه کی عادلانه بو چاره سه رکردنی مه سه له ی کورد بهینیته گور، مه یدانی داوه به وه که سیاسه تی پ.ک.ک به سه ر ژیانی خه لک له کوردستانی تورکیادا ده ستی بالا په یدا بکا. هه رچه ند پ.ک.ک له که ش و هه وای سیاسی کوردستانی تورکیادا ده ستی بالای هه یه، به لام وه کو باقی حیزبه ناسیونالیسته کانی کورد له ولاتانی ئیران و عیراقدا مه سه له ی کوردی کردوه ته قوربانی قازانجی به رته سکی ریکخراوه یی خوی و کردوویه ته وه سیله یه ک بو وه رگرتنی به شی خوی له ده سه لاتی ناوخوی کوردستاندا.

سیاسه تی ئیستای پ.ک.ک که له سه ر بناغه ی خو به ده سته وه دانی هیزه کانی به ده وله تی تورکیا و بلاوکردنه وه ی ئه و باوه ره که گویا "ده وله تیکی دیموکراتیکه" داریژراوه، له م ده وره یه دا ته ئسیریکی زور خراپ داده نی له سه ر خه باتی خه لک له کوردستانی تورکیا. هه ر وه کوو چون سیاسه تی ده سکیسی و که ین و به ینی جار و باری حیزبه ناسیونالیسته کانی کورد له گه ل ده وله ته کونه په رسته کانی ناوچه که له رابردوودا (له داهاتووشدا) بووه ته مایه ی سه رگه ردانی و فه لاکه تی هه رچی زیاتری خه لکی کوردستان.
کوردستانی عیراق نموونه ی زیندووی ئه م حاله ته یه. له کوردستانی عیراق که ئیستا ئیمکانی چاره کردنی مه سه له ی کورد له ریگای ریفراندوم و پرس کردن به رای گشتی خه لکی کوردستانه وه هه یه، هه ر دوو حیزبی ناسیونالیستی کورد، پارتی و یه کیتی نیشتمانی، به دریژه پیدانی سیاسه تی کویخایه تی خویان به سه ر به شی ژیرده سه لاتی خویاندا، به کرده وه بوونه ته کوسپی سه ر ریگای چاره سه رکردنی مه سه له ی کورد له کوردستانی عیراق. هه موومان ده بینین که له جیاتی چاره سه رکردنی مه سه له ی کورد، داهاتووی سیاسی خه لکی کوردستانی عیراقیان کردووه ته گه مه ی نیوان خویان و ده وله ته کونه په رسته کانی ناوچه که.

بو هه ر ئینسانیکی سیاسی ئاسایی ئاشکرایه که ده وله تی تورکیا ئاماده ی چاره سه رکردنی کیشه ی کورد له تورکیا نیه، ئاماده ی دانیشتن و گفتوگو له گه ل پ.ک.ک نیه و بچوکترین ئیمتیازیش به پ.ک.ک نادا. سه رکرده نیزامی و سیاس یه کانی تورکیا له دوو مانگی رابردوودا زور جار و به بونه ی جوراوجوره وه داوای چه کدانان و خوبه ده سته وه دانی هیزه کانی "پ.ک.ک"یان کردووه له گه ل ئه وه ی که هه ره شه ی به رده وامی خوشیان له دژی پ.ک.ک دووپات کردوه ته وه. سه ره رای هه موو ئه مانه ش، هه ر وه ک پیشتر وتمان، ده وله تی تورکیا له سه ر مه سه له ی کورد نه له لایه ن کومه لگای نیونه ته وه ییه وه نه له لایه ن ئه مریکا و نه له لایه ن ده وله تانی ئه ورووپی یه وه، له گه ل فشاریکی ئه وتو به ره وروو نیه. له به ر ئه م هویانه چاوه روان کردنی چاره ی کیشه ی کورد له لایه ن ده وله تی تورکیاوه، ئه و باوه ره ی که پ.ک.ک په ره ی پیده دا، سه رئه نجامیکی نیه.
هه لوه شانده نه وه ی زه ختی کولتووری یان هه ر چه شنه پاشه کشه یه کی ده وله تی تورکیا له م باره وه پیویسته و ده بی له لایه ن خه لک و ریکخراوه سیاسی یه کانه وه که لکی لی وه ربگیری. به لام ئه مه به مانای ئه وه نیه که ئه مه کیشه ی کورد چاره سه ر ده کا و یان گورانکاری یه کی سه ره کی له سیاسه تی تا ئیستای ده وله تی تورکیا سه باره ت به مه سه له ی کورد پیک دینی.
چاره ی مه سه له ی کورد له تورکیا له سه ره وه، لانی که م له گره وی هه لوه شاندنه وه ی سیستمی که مالیستی دایه له تورکیا و له گره وی دیاریکردنی په یوه ندی نیوان هاوولاتی و ده وله ت دایه نه ک به پیی تورک بوون یان "خو به تورک کردن"ی که س، به لکو بی له به رچاوگرتنی هه ر چه شنه هه لاواردنیک له سه ر ئه ساسی نه ته وه، قه ومیه ت، دین، ژن یا پیاو بوون، ره گه ز و هه ر شتیکی تر. له م حاله ته دا، به وته یه کی تر له کاتی هه بوونی ده وله تیکی غه یری قه ومی و

سیکولار، عیلمانی، دایە کە مەیلە سیاسی و کولتووریە جیاوازەکان تەحەمول دەکرین و سەرکوت ناکرین. گورانکاری یە کی ئە وتوش لە دە ولە تی شووینیستی تورکیا چاوە روان ناکری. هویە کانی ئیمروی پ.ک.ک بو ریککە وتنی لەگەل دەولەتی تورکیا و خوتەسلیمکردنەوەی هیزەکانی هەرچی بی، مانای لە بەرچاونەگرتنی یەک راستییە، ئە ویش ئە وە ی کە دە ولە تی تورکیا نایە وی مە سە لە ی کورد چارە سە ر کا.

زیانی ئەم سیاسەتەش بو خەلکی ئازادیخواز و تیکوشەر لە کوردستانی تورکیا و هیزە چە پ و رادیکالە کان لە تورکیادا ئەوە دەبی کە هەل ومەرجیکی لە بارتر بو دەولەتی تورکیا دەخولقینی کە بە دەستیکی ئاوالەترەوە سیاسە تی سە رکوت و جە نایە ت و کوشتاری لە دژی خە لکی کورد لە ناوچە کانی روژهە لاتی تورکیا و هیزە چە پ و رادیکالە کان لە سە رانسە ری تورکیا بە ریتە پیشە وە و، بە م جورە بتوانی زورتر سە رکوت بکا ، زورتر بگری و زورتر بخاتە بە ندیخانە وە، هە ر وە ک تا ئە مرو کردوویە تی.
یە کیک لە دیاردە کانی کە لک وە رگرتنی دە ولە تی شووینیست و سە رکوتگە ری تورکیا لە و هە لومە رجە ی کە پ.ک.ک پیکی هیناوە، دەرکردنی قانوونیکی تازەیە بەنیوی "لیبوردنی گشتی"، کە بە وتەی روژنامە نووسە کانی تورکیا، لە جیاتی ئەوەی بەرهەلستکارانی رژیمی تورکیا بگریتەوە تەنیا پولیسە جەنایەتکارە کان و راستە رە وە تیروریستە کان دەگریتەوە، قانوونیک کە میدیای ولاتانی روژئاوا دەیانەوی ناوەروکیکی "دیموکراتیکی" پی بدە ن و "پ.ک.ک"ش لە هە ولدایە کە هیزە کانی ئە ویش بگریتە بە ر.
نموونەیەکیتر کوشتاری درندانە و ئاشکرای بەندییەکانی یەکیک لە بندیخانە کانی تورکیایە بە دە ست هیزە کانی پولیس و ژاندارم ی دە ولە تی تورکیا ، تە نیا لە بە ر ئە وە ی کە داوای باش کردنی هە لوومە رجی سە ختی زیندانە کانیان کردبوو. کوشتاری بە کومە لی بە ندی یە کان ئە وە ی نیشاندا کە دە ولە تە کونە پە رست و جە نایە تکارە کان ئە گە ر خە لک بە رە نگا ریان نە بنە وە چ لیهاتوویە کی درندانە ئە توانن لە خویان نیشان بدە ن.

هەروەها سیاسەتی ئیستای پ.ک.ک دەبیتە هوی ئەوەی کە لە نیو خەلکی کوردستانی تورکیادا خوشخە یالی یە ک بە رانبە ر بە دە ولە تی تورکیا پیک بی کە گوایە دە ولە تی سە رکوتگە ری تورکیا بە خوبە دە ستەوە دانی هیزە کانی پ.ک.ک و وازهینانی لە خەباتی چەکداری ئیتر نەرم دەبیت و هەلویستی بەرانبەر بە مەسەلەی کورد و باقی ماف و ئازادی یە سیاسی یە کانی خە لک دە گوردری. سە رئە نجامی وە ها سیاسە تیک کول کردنی تیژی نارە زایە تی و خە باتی خەلکە لە پشت دیواری چاوەروانی و خوشخەیالی بە دەولەتی سەرکوتگەری تورکیا، و هەروە ها بی هیوا بوونی بە شیک لە خە لک بە داهاتووی سیاسی خویان لە دە ورە یە کدا. ئە مە خاسیە ت و سە ر ئە نجامی بانگە وازکردنی خە لکە بو تەسلیم بوون و راکیشانی خەلک بەرەو تەوەهوم بە دەولەتیک، یان بالیک لە و دە ولە تە کە خویان کارگیران و بە ر یوە بە رانی سە پاندنی بی مافی سیاسی و کومە لایە تی و داهینە ری موسیبە ت و سە رگە ردانی بە سە ر خە لکدان.

رابە رانی پ.ک.ک کە وتونە تە لیکدانە وە ی "وتە کانی" سە رکردە سە ربازی و سیاسی یە کانی د ە ولە تی تورکیا بە و هیوایە ی کە شتیکی بو ئە وان تیدابی. قسە لە خوتە سلیم کردنە وە ی هیزە چە کدارە کانیان دە کە ن، بە مە ش دە یانە وی وای دە رخە ن کە سیاسە تی ئیستای پ.ک.ک واتە دە ست هە لگرتن لە خە باتی چە کداری و خوتە سلیم کردنی هیزە چە کدارە کانیان بە دە ولە تی تورکیا ، بوە تە هوی ئە وە کە رابە رانی نیزامی و سیاسی تورکیا نە رمی یە ک لە خویان نیشان بدە ن، هە ولیش دە دە ن وا نیشان بدە ن کە گوایە هیندیک نیشانە لە م نە رمی یە لە سیاسە تی دە ولە تی تورکیادا دە بینری کە پ.ک.ک ش دەستی کردووە بە تەسلیمکردنەوەی هیزەکانی خوی. لە کاتیکدا کە هیزە کانی پ.ک.ک لە ژیر زە بر و لیدانی سوپای تورکیادان، لە شار و دیهاتە کوردنشینەکانی تورکیا خەلک لەگەل فشاری سەرە نیزە ی سوپا و هیزە تایبە تە کانی دەولەتی تورکیا بەرەوروون و چاوەروانی کوچی زورەملین، تەنانەت خەلک لەو ئاستە لە ئازادییە بە ناو کولتووری یە شدا لە ژیر فشاردان. کچی سیزدە سالە لە دیاربە کر بە تاوانی ئە وە ی سروودی خویندووە دە گرن، فروشتنی

کاسیتی فلان گورانی بیژ قه ده غه ده که ن، ده رکرد نی فلان روژنامه قه ده غه ده که ن و ته نیا حیزبی قانوونی، HADEP، که گوایه خوی به لایه نگری مه سه له ی کورد ده زانی، هه میشه له خه ته ری ته عتیل کردن دایه.

عه بدوللا ئوجه لان له تورکیا له به ند دایه و له ژیر هه ره شه ی ئیعدامی جه لاده کانی تورکیا دایه. ده وله تی تورکیاش به یه قین ده یه وی له م هه له که لک وه رگری و هه ر شتیک بیه وی به ئوجه لان دیکته بکا تا به ته واو ی هه ره س به پ.ک.ک دینی، و کومیته ی ناوه ندی پ.ک.ک ش ده توانی گویرایه لی پیشه واکه ی بیت و فه رمانه کانی به ریوه به ری. به لام ئه و واقعیه ته ی که به ده ره وه ی پ.ک.ک مه ربوت ده بیته وه، وجوودی مه سه له یه که به ناوی مه سه له ی کورد له تورکیا. تا ئه و کاته ی ئه م کیشه یه چاره سه رنه کراو بمینیته وه، چ هیزیکی سیاسی تر بیت، یا خود تاقمیک له ناو پ.ک.ک، دره نگ یا زوو به هه ر شیوه یه ک بی، دیته وه مه یدان و خه بات و به ربه ره کانی له دژی ده وله تی تورکیا ده ست پیده کاته وه، هه ر وه ک چون پاش ته سلیم بوونی مسته فا بارزانی ده ستی پیکرده وه .

پ.ک.ک به له به رپیگرتنی سیاسه ته که ی ئه مروی، زه ربه ده دا له موقاوه مه ت و خه بات به رانبه ر به ده وله تی تورکیا، له به ر ئه وه ی پ.ک.ک خوی له وه پیش به شیک بوو له موقاوه مه ت له دژی ده وله تی تورکیا. ئه م سیاسه ته هه لیکی وا بو ده وله تی تورکیا ده ره خسینی که هارتر بی، خوی به هیزتر ببینی و له ئاکامدا بتوانی زیاتر زه ربه له موقاوه مه ت و خه باتی خه لک بدا. بیگومان خه لکی ئازادیخوازی کوردستان زیانه کانی سیاسه تیکی وه ها له چاوی پ.ک.ک وه ده بینن و له سه ر پ.ک.ک ی ده نووسن.

## ریگا چاره‌ی واقعی مه‌سه‌له‌ی کورد

مه سه له ی کورد له تورکیا، به بوون یا نه بوونی پ.ک.ک، یان خوته سلیم کردنه وه ی هیزه کانی پ.ک.ک به ده وله تی تورکیا، تا ئه و کاته ی ریگا چاره یه کی عادلانه ی بو نه دوزریته وه هه روا وه ک خوی ده مینیته وه و ریگا چاره ی خوی ده ویت. ئالترناتیوی واقیعی بو کوتایی هینان به هه ر چه شنه چه وسانه وه و هه لاواردنیک، وه ک چه وسانه وه ی میللی و باقی نابه رابه ری یه ئابووری و کومه لایه تیه کانی تر، له ناوبردن و کوتایی هینان به نیزامی بورژوازی و رووخاندنی ده وله تی بورژوا_شووینیستی تورکیا له ریگای شورشیکی کریکاری یه وه یه. بوونی مه سه له ی نه ته وایه تی له کوردستاندا، شتیک له ئامانجی گشتی و ستراتیژیکی کومونیسته کانی سه ر به چینی کریکار که م ناکاته وه.
له کوردستانی تورکیاش ده کری وه ک کومونیستیک هه م بو رزگاری چینی کریکار و باقی بی به شانی ناو کومه ل له ژیر ده سه لاتی سه رمایه داری خه بات بکری، هه م بو لابردنی چه وسانه وه ی نه ته وایه تی تی بکوشری و هه م ریگا چاره ی واقیعی بو چاره سه رکردنی مه سه له ی نه ته وایه تی پیشنیار بکری.

به پیچه وانه ی ئه و وینه یه ی که ناسیونالیسته کان و ژورنالیسته لیبراله کانی روژئاوا له کوردستان ده یخه نه به رچاو، کوردستان کومه لگایه ک نیه که ته نیا مه سه له ی، مه سه له ی کورد بی و به س. له کوردستانیشدا چینی کریکار و خه لکانی بیبه ش ده ژین که خوازیاری لابردنی ده ست به جیی سته می میللین، به لام له هه مان کاتدا داخوازی گرینگی سیاسی و ئابووری تریشیان هه یه. کومه لیکی به رینی کریکار و بیبه ش هه ن که خواستی ئازادی و ریفاه و یه کسانی کومه لایه تی، سه ره کی ترین داواکاری یه کانیانن له کومه لگای بورژوازیی له ولاتانی ئیران و عیراق و تورکیادا. کوردستانی تورکیاش وه کو به شیک له کومه لگای سه رمایه داری تورکیا، کومه لگایه کی سه رمایه داری و چینایه تی یه. له کوردستانی تورکیا چینی کریکار و کومه لانی بیبه ش هه ن که له لایه ن بورژوازی کورد و تورکه وه ده چه وسینه وه. له و کومه لگایه دا باقی نابه رابه ری یه کومه لایه تی و سیاسی یه کانیش وه کو سته م له سه ر ژنان، پیشیلکردنی مافی منالان و هتد، کومه لیکی به رین له ئینسانه کانی ئه م کومه لگایه ده گریته وه.
چاره ی خه لکی کوردستان که رابردوویه کی تالیان ته جره به کردووه له ده سه لاتی سه رکرده و حیزبه ناسیونالیسته کانی

کورد، رووهینانه به ره و ریگا چاره ی سوسیالیستی و کریکاری له کوردستان.

ریگاچاره‌ی دووهه‌م بو لابردنی سته‌می میللی و چاره‌سه‌رکردنی مه‌سه‌له‌ی کورد له تورکیا، بوون یان پیکهینانی حکومه تیکی عیلمانی و غه یری قه ومی یه که تیایدا هاوولاتیانی ئه و کومه لگایه په یوه ندی خویان له گه ل ده وله ت بی له به‌رچاوگرتنی هه‌ر چه‌شنه هه‌لاواردنیکی نه‌ته‌وایه‌تی و قه‌ومی و پیاو یا ژن بوون، ره گه ز یان هه ر شتیکی تر دیاری بکه ن. له م حاله ته دا بوچوونی سیاسی جیاواز و کو لتوری جیاواز ده توانن به بی هیچ ریگری‌یه‌ک پیکه وه بژین. له هه‌لومه‌رجیکی وادا مه‌سه‌له‌ی کورد ده‌توانی به پرس‌کردن به رای گشتی خه‌لک ته‌نانه‌ت به‌بی جیابوونه‌وه‌ش چاره سه ر بکری.
به لام بو ئه مرو و بو هه ل ومه رجی ئیستا، له ریگای کوتایی هینان به داگیرکردنی نیزامی ناوچه کانی کوردستانی تورکیا و هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی ده‌س به‌جیی حاله‌تی جه‌نگی و چوونه ده‌ره‌وه‌ی ده‌س‌به‌جیی هیزه سه‌رکوتگه‌ره‌کانی ده‌وله‌تی تورکیا له‌م ناوچانه و ئیختیاردان به خه‌لکی کوردستانی تورکیا که ئازادانه بریاری خویان له سه ر داهاتووی سیاسی ئه م ناوچانه بده ن، ده کری و ده بی مه سه له ی کورد چاره سه ربکری. ده بی به قوربانیانی ئه م کیشه یه، واته کومه لانی به‌رینی خه‌لکی کوردستان پرس بکری، به چه‌شنیک که بتوانن به دوور له هه‌ر جوره فشاریکی نیزامی له‌لایه‌ن ده‌وله‌تی تورکیاوه، له ریفراندومیکی گشتیدا له ژیر چاوه‌دیری ده‌زگا نیونه‌ته‌وه‌ییه‌کان (سازمانی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان) له باره‌ی مانه‌وه له گه‌ل تورکیا وه یان جیابوونه و پیکهینانی ده‌وله‌تیکی سه‌ربه‌خو، له باره‌ی چاره نووس و داهاتووی سیاسی کوردستانی تورکیاوه بریاری خویان بده ن. ده نگی زوربه ی خه لک ده‌بی ده سبه جی به ریوه ببردریت. به هه‌رحال له ریگای به‌رپاکردنی ریفراندوم و پرس‌کردن به رای گشتی خه لکی کوردستانه که ده کری و پیویسته مه‌سه‌له‌ی کورد له کوردستانی تورکیا و هه‌ره‌ها له باقی شوینه کوردنشینه کانی تر له ئیران و عیراقدا به شیوه یه کی واقیعی چاره سه ر بکری.

له‌م نیوه‌دا ئه‌وه‌ی که مه‌سه‌له‌ی کوردی له ناوچه‌که‌دا و به‌تایبه‌تی له تورکیا وه کو ئه ندامی ناتو و هاوپه یمانی ستراتیژیکی ده وله تی ئه مریکا زیاتر ئالوز کردووه، پشتیوانی نه کردنی ده وله تی ئه مریکا و ده وله تانی ئه ورووپی یه له چاره سه رکردنی مه سه له ی کورد له تورکیادا. هه ر له به ر ئه م هو ساده یه که ئیستا دروستکردنی ده وله تی کوردی له بورسی ئه م ده وله تانه دا نیه، ئه گینا هه موویان به ته واوی ئاگادارن که خه لکی کوردستان چلون وه حشیانه سه رکوت ده‌کری و چ سته‌میکیان لی ده‌چی. جیگری وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا له سه‌فه‌ریکیدا بو تورکیا که سه‌ردانی شاره‌داره‌کانی ناوچه کوردنشینه‌کانی تورکیای کردبوو، له‌گه‌ل ئه‌وه‌ی که مافی کولتوری بو کورده کانی تورکیا به ره‌سمی ناسیبوو، به‌لام له سه‌ر یه‌کپارچه‌یی خاکی تورکیا و به تیروریست ناوبردنی پ.ک.ک و راگه یاندنی پشتیوانی ئه مریکا له ده وله ت و ئه رته شی تورکیا بو به ربه ره کانی له گه ل پ.ک.ک پیی داگرتبوو.
ئاشکرایه که هه ر گورانیک له سیاسه تی غرب و ئه مریکا به نیسبه ت مه سه له ی کورده وه، ته نیا ده توانیت له ئه نجامی فشاریکدا بی که بزووتنه وه سیاسی یه کان له کوردستانی عیراق و تورکیادا بیخه نه سه ر روژئاوا و ئه مریکا. ئه م فشاره تا ئیستا شتیکی وه ها نه بووه. له م باره وه رابه ران و حیزبه ناسیونالیستی یه کانی کورد تیکوشاون که سیاسه تی خویان له گه ل سیاسه تی ده وله ته کانی روژئاوا و ئه مریکا بگونجینن که له واقیعدا سیاسه تی بیده نگی و موماشاته به رانبه ر به مه‌سه‌له‌ی کورد. رابه‌رانی حیزبه ناسیونالیستی‌یه‌کانی کورد به‌پیی شیوازی دواکه وتوانه و شیوه عه شیره یی خویان، دواکه وتوو به نیسبه ت چوونه سه ری بیر و شارستانی یه تی کومه لگای کوردستان، له بیری پیکهینانی کومه لگایه کی مه ده نی دا نین به لکو هه ر له بیری کویخایه تی خویاندان. هه ر به م مه به سته شه که ئاماده ی ده ست ماچ کردنی هه ر هیز و ده سه لاتیکن که بو ماوه یه کیش بووه ئه م کویخایه تیه ی ئه وان به سه ر کوردستاندا بسه لمینی. هه ر له دریژه ی ئه م سیاسه ته ش دایه که بوونه ته پاشکوی رژیمه کونه په رسته کانی ناوچه که.
ئه‌گه‌ر ده‌وله‌تی ئه‌مریکا و ولاتانی روژئاوا هه‌روا به که‌لله‌ره‌قی خویان له ده وله تی شووینیست و سه رکوتگه ری

تورکیا بەرانبەر بە کوشتاری خەلکی کوردستان و چارەسەرنەکردنی مەسەلەی کورد پشتیوانی بکە ن، چارە نووس و داهاتووی سیاسی ئەم خەلکە چ دەبیت؟ ئایا هەر دەبی لەگەل کوشتار و ئاوارەبوونی خەلک بەرەوروو بین و کومەلگای نیونەتەوەیی هەروا بیدەنگ بی؟ یاخود دەبی دیسانەوە شاهیدی عەمە لیاتی خوبە کوشت دان و تیرور و خوسوتاندنی ئه م خه لکه به شیوه ی پیشووتری پ.ک.ک بین؟

ریگایەکی‌تر و واقعی‌تریش هەیە، ریگای گەشەکردنی خەباتی سیاسی خەلکی کوردستان شان بە شانی باقی کومە لانی خه لک لە سه رانسه ری تورکیا بو رووخاندنی ده وله تی شووینیستی تورکیا و جی نشین کردنی به ده وله تیکی غه یره قه ومی و له هه مان کاتدا هینانی فشار هه م بو سه ر ده وله تی ناوه ندی له  تورکیا و هه م بو هاوپه یمانانی ئەمریکایی و ئەوروپی‌یەکەی بو بەرەسمی ناسینی مافی ئەم خەلکە بو دیاریکردنی چاره نووسی سیاسی خوی له ریگای ریفراندومیکی ئازاد له ژیر چاوه دیری ده زگا نیونه ته وه یی یه کاندا. بو به ره وپیش بردن و گه شه کردنی هه رچی زیاتری ئه م خه باته سیاسی یه عادلانه یه، مافی بی ئه م لاوئه ولای خه لکی کوردستان و ریکخراوه سیاسی یه کانه که تا ئه و کاته ی که ده وله تی مه رکه زی تورکیا سیاسه تی سه رکوتی نیزامی و کوشت و کوشتار و زیندان و دوورخستنه وه ی زوره ملی خه لک ئیدامه پی بدات، له توانا و زه رفیه تی خه باتی چه کدارانه ش به مه به‌ستی زور هینان بو ملدانی ئه م ده وله ته به ریگا چاره ی سیاسی و له باری مه سه له ی کورد ، که لک وه رگرن.

***

# بانگەوازی خویندکارانی کورد بەرەو ناسیونالیزمی کورد

سلیمان قاسمیانی

عبدالله مهتدی سەرەنجام فاتیحای کومونیزم و حیزبی کومونیستی بە ئاشکرایی خویند و ئالایی کوردایەتی بە راشە کاوی لە خویە وە پیچا. وە ک تە نزیکی میژوویی، پروسە ی ئە م مالئاوایی کردنە لە کومونیزم دە سال لە مە و پیش کاتیک دەستی پیکرد کە عبدالله مهتدی لە ناو حیزبی کومونیستی ئیراندا ئالای پشتیوانی و نزیک‌بوونە لە جوولانە وە ی ناسیونالیستی بە سە روکایە تی جە لال تالە بانی بە رز کردە وە. ئە و کاتە بە شی هە رە زوری ئە ندامانی ئە و حیزبە بە رە نگاری ئە م پلانە بوونە وە و ئە م ئاواتە ناسیونالیستی یە لە قور چە قی و مە یدانی تە واوی بو نە رە خسا. بو گە یشتن بە و ئە نجامە، شیرە پیاوی تازە ی مە یدانی کوردایە تی پیویست بوو حە وت خانی روستە م دە رکا، حە وت تویخ بهاویت و حەوت جار توبە بکات و بسمل بیتەوە تا لانی کەم شانسی ئەوەی هەبیت کە ناسیونالیستە توخە کان ئامادە بن گویی بو رابگرن و لە ریزی خویاندا جیگە یە کی پیشکە ش بکە ن.

بە ر لە هە موو شتیک دە بوایە ئە و بینایە ی کە ناوی حیزبی کومونیست بوو و وە ک سوژنیک لە جە رگی ناسیونالیسمی کورد و ناوچە دا چە قی بوو، و عبدالله مهتدی خوی نە تە نیا ئە ندام و دامە زرینە ری بوو بە لکوو تا چە ند سال سکرتیری گشتی‌یەکەشی بوو، هەلوەشیندریتەوە و بی ئیعتبار بکریت. لە ماوەی دە سالی رابردوودا سکرتیری گشتی حیزبی کومونیست هە رچی لە توانا و لە وزە ی تیوریکیدا هە بوو تە رخانی کرد بو داما‌لینی ئە م رابردووە و پاکانە کردن بو نە خشی خوی؛ یان بە مانایە کی تر بو سە لماندنی بی نە خشی خوی لە و پروژە دا کە کومە لە ی کرد بە جیگە ی هیوای کریکاری کورد و لەمپەریک لە سەر ریی ناسیونالیسمی حاکم و مەحکوم لە ئیران و کوردستاندا. کارتی ئاخری عبدالله مهتدی لە م کایە دا، نووسرواە کە ی سە بارە ت بە بیهودە یی راگرتنی قە وارە یە کی تە نزیمی و ریکخراوە یی بە ناوی حیزبی کومونیستی ئیران لە سە رە تای سالی دوو هە زاردا بوو.

لە گە ل راگە یاندنی بە خاک سپاردنی حیزبی کومونیست لە لایە ن سکرتیری گشتی یە کە یە وە، مالئاوایی کردنی قە تعی لە گە ل کومە لە ی کومونیست و رادیکالیش کرا و زورنای گە رانە وە بو سە ر "ئە سل و بناخە"ی کومە لە لە لایە ن مهتدی و هاوریی‌یانی لیدرا. کومە لە ی تازە، کە خوی لە باری بیر و بوچوونە وە لە هیچ مە یدانیکدا بە ئاشکرا لە گە ل هاوبیرانی مهتدی خوی هەلنەهاواردبوو، لەناکاو کەوتە بەر هیرشی کودەتایەکی راستەوخوی بالی مهتدی بە نیوی "ساخ‌کردنەوەی سەر لەنویی کومەلەی زەحمەتکیشانی کوردستان" بە پشتیوانی ئاشکرای "هیزی سیهەم" یان "ناوبژی کە ر" واتە یە کیە تی نیشتمانی.

کودە تاکە ی ع.مهتدی دە سکە وتیکی وای نە دایە دە ستی کارگیرە کانی و سە رکردە کە ی بە ناچار بە لە شکریکی شکاوە وە رووی کردە وە بارە گای "هیزی سیهە م" و "کومە لە ی زە حمە تکیشانی کوردستانی ئیران"ی بو جاری دووە م دامە زراند.

مارکس گوتە نی، میژوو دە کری دووپات بیتە وە، بە لام جاری دووهە م بە شیوە ی تراژی_کومیک. جە ریانی ع.مهتدی ش تراژیکە بەو مانایەی کە ئەو لە بەرزترین پلەی حیزبیکی کومونیستی‌یەوە، ریک بەردەبیتەوە نیو زەلکاوی کوردایە تی. کومیکە بە و مانایە ی کە هە رچی ع.مهتدی و هاوریکانی پاکانە بو رابردووی خویان لە حزبی کومونیستدا دەکەن، لە واقیعدا زیاتر خویان بی ئابروو دەکەن و موری گیژ و وری لە ناوچاوانی خویان دەدەن. ئاخر ناکری کەسیک خوی سەرکردەی حزبیک بووبیت و تازە ئەمرو بەوە بگات کە گوایە تاقمیک هەر لە هەوەلەوە "بو نابووت کردنی کومە لە ی شورشگیر..." کومە لە یان بردە ناو ئە و حزبە وە کە ئە و سە روکی گشتی یە کە ی بوو!

"کومە لە ی" سازشکاری ع.مهتدی هە رگیز نابیتە وە بە "کومە لە ی شورشگیری زە حمە تکیشانی ئیران"ی ۲۲ سال لە مە و پیش. هویە کە شی زور بە سادە یە یی لە وە دایە کە "کومە لە ی کون" ریکخراویکی روو لە پیشی کومونیستی شورشگیر بوو کە تە نیا ناوە کە ی بە کوردستانی یە وە گریی دە دا. کومە لە ی ئە و کات، کومە لە ی خە باتگیرانی ئە کتیویست بوو کە لە مەیدانەکانی جوراوجوری ژیان و خەباتدا بەرەنگاری کونەپەرستی و ناسیونالیسم و کاپیتالیسم دە بوونە وە و

ئاسوی ئەنتەرناسیونالیستیان بە کریکار و جەماوەری زەحمەتکیش لە ئیران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبە تی پیشان دە دا.

کومەلەی ئەمروی ع. مهتدی، کومەلەی ئاشتی‌یە لە گەل بالی بالشکاوی آیت‌الله پریزیدنت خاتە می!؛ کومە لە ی ئاسوی کوردایە تی و بارە گای بی فە ری خە لک فروشانە بە هە ر سی حکومە تی دراوسیی کوردستان؛ کومە لە ی ئە مرو کومە لە ی داواکاری "وتنە وە ی میژووی کورد بە خویندکاران"ە لە قوتابخانە و مە درە سە کانی کوردستان؛ کومە لە ی داوا کردن لە قوتابیانی کوردستانە کە لە روژی پیروزی یە کی ئە یار دا "بە فارسی قسە نە کە ن"؛ کومە لە ی بیدە نگی یە لە بە رانبە ر ژنکوژی، کومونیست کوژی، ئازادیخوازکوژی لە کوردستانی عیراق.

ع.مهتدی لە وتویژەکەی لە گەل تەلەفیزیونی یەکیەتی نیشتمانی لە سەر شەری نیوان "ی.ن.ک" و "پ.پ.ک" دا نیشانیدا کە چە ندە لیکولە رە وە یە کی سیاسی نزم نشینە و چون بووە تە بلندگوی جە لال تالە بانی. مالکردنی ع.مهتدی لە زە لکاوی کوردایە تیدا لە خوی و لە شکری شکاوی پیروز بیت!

***

# ریباز.. دیالیکتیک و میتافیزیکا

نووسینی: ئافاناسیف
وه رگیرانی: حه‌مه‌عه‌لی حه‌سن

خه‌لک، له میانه‌ی زانیین و چالاکی پراکتیکدا؛ ئامانجه دیاریکراوه‌کان ده‌خه‌نه پیش چاوی خویان و ئه‌رکه دیاریکراوه کانیش ده ست نیشان ده که ن.

به لام ته نیا به م کاره ناگه نه ئه نجام و مه به ست، به لکو ده بیت ئه و هوکار و دارده ستانه ش دیاری بکرین که ئه م ئامانج و ئه رکانه ده سته به ر ده که ن. به م پییه ش، ئه و ریگه چارانه و دارده سته (اساليب) دیاریکراوانه ی که پیویستن بو لیکولینه وه ی تیوری و چالاکی پراکتیکی، پییان ده وتریت ریباز(منهج).

ته نگه به بی به کارهینانی ریبازیکی دیاریکراو، بتوانین چاره سه ری هه ر گرفتیکی زانستی یان پراکتیکی بکه ین! بو نموونه، ئه گه ر بمانه ویت پیکاته ی کیمیایی ماده یه ک بزانین، ده بیت ریبازی شیکردنه وه ی کیماییمان له به رده ستدا بیت.

واته ده بیت فیری ئه وه بین که چون ئه و ماده یه تاقی بکه ینه وه به هوی ناسه ره وه کیمیاییه کان (كواشف كيمياويه) و به‌م شیوه‌یه ده‌بیت ئه‌و ماده‌یه شی‌بکه‌ینه‌وه بو پیکهینه‌ره‌کانی ئه‌و ماده‌یه‌و... هتد. یاخود ئه‌گه‌ر ویستمان میتالیک (معون) بتوینینه‌وه، ده‌بیت له ته‌کنه‌لوژیای تواندنه‌وه‌ی میتاله‌کان شاره‌زابین، واته ده‌بیت ئه‌و ریگه‌و شیوه کارانه له زانستدا بزانین که خه لک له میانه ی به رهه مهینانی میتاله کاندا به ده‌ستیان هیناوه. به هه مان شیوه ش ده‌بیت کاربکه‌ین، بو لیکولینه‌وه له هه‌ریه‌که له دیارده فیسیولوژی و بیولوژیه‌کان؛ ده‌بیت ریبازیکی زانستی دیاریکراومان له به رده ستدا بیت.

به م جوره خه لک، هه ول و کوشش ده کات بو هه لهینجانی ریبازه تیوری و پراکتیکیه کان و له م کاره شدا توانایه کی زور سه رف ده کریت.

ریباز(منهج) بریتی نیه له لیکولینه‌وه‌کان، خه‌لکیش ناتوانیت به ئاره‌زووی خویان و به‌بی بوونی په‌یوه‌ندیه تایبه تیه کان به دیارده کانه وه ریباز هه لبژیرین و لیکولینه وه له سه ر ئه و دیاردانه بکه ن.. به لکو خودی ریباز خوی، وابه سته ی سروشت و یاسا ناوخوییه کانی دیارده کانه. بو نموونه: ریبازه کیمیاییه‌کان جیاوازن له ریبازه فیزیاییه کان و ئه مانیش جیاوازن له ریبازه بایولوژیه کان... هتد.

فه لسه فه ی زانستی، ده ستکه وتی زوری زانسته جیاوازه کان و چالاکیه پراکتیکیه کانی بو مروف به ده ست هیناوه، هه ر فه لسه فه ی زانستیش ریبازیکی تایبه تی بو زانین (معريفه) ده سته به ر کردووه. ئه ویش دیالیکتیکی ماتریالیسیه (الجدل المادي). ئه‌م ریبازه‌ش به‌وه جیاده‌کریته‌وه له ریبازه زانستیه ورده‌کانی‌تر؛ که ئه‌م ریبازه نه‌ک ته‌نیا کلیلیکه بو کردنه‌وه‌ی ده‌روازه‌ی بواریکی دیاریکراوی ریالیست (واقيع)، به‌لکو کلیلی هه‌موو گوره‌پانه‌کانی‌تره له سروشت و کومه لگه و هوشمه ندیتی، به بی جیاکاری و کلیلیکه بو تیگه یشتنی فراوان و سه رجه می له هه موو جیهان.

وشه ی دیالیکتیک، وشه یه کی یونانی ره سه نه، له چه رخه کونه کاندا هه لهینجرا بوو له هونه ری وتوویژ به مه به ستی گه یشتن به راستی، ئه مه ش له ریگه ی دوزینه وه ی دژایه تی و که م وکوریه کانی نیو بیانوه کانی خودی به رامبه ره که و شیکردنه‌وه‌ی چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م دژایه‌تیانه. پاشان دیالیکتیک بوو به ریبازیک بو زانینی واقیع. دیالیکتیک پشت ده به ستیت به ده ستکه وته زانستی و ئه زموونه کومه لایه تی و میژوویی یه کان. دیالیکتیک ده لیت: گه ردوون (کون) بریتیه له کرداریکی به‌رده‌وام و سه‌رمه‌دیی جوولە و پووکانه‌وه‌ی کون و له دایک بوونی نوی، واته (جووله و

تازە بوونە وە).
ئە نگلس لە م بوارە دا دە لیت : "لە فە لسە فە ی دیالیکتیکدا، هیچ شتیکی نارە ها(مطلق) و هەتاهە تایی (ابدی) نیە و لە هە موو شتیکدا و بو هە موو شتیک، شوینە واری کە وتنیکی بی چە ندوچوون دە بینریت و هیچ شتیک توانای بە رە نگاری ئە م حالە ناکات، تەنیا کرداری بەردەوامی لەدایک بوون و پەرش بوونەوە (اندثار) نەبیت.. کرداری بی کوتایی سە رکە وتن لە نزم ترە وە بە رە و بە رزتر"(٢)
دیالیکتیک، لە دژایە تیە ناوخوییە کاندا، سە رچاوە ی جوولە و بە رە وپیش چوون دە بینیت، ئە و دژایە تیانە ی کە لکاون بە خودی شتە کان و دیاردە کانە وە. بە م پییە ش دیالیکتیک، کرداری بە رە وپیش چوون و ململانیی نوی لە گە ل کوندا بە وە شی دە کاتەوە کە لە بەرژەوەندی و خزمەتی هیزە کومەلایەتیە پیشکەوتوو خوازەکان دایە و دژ بە هیزە کومە لایە تیە کونە پە رستە کانی سیستمی بە سە رچووە. هە ر بویە ئە مرو، دیالیکتیک، لە دە ستی چینی کریکار و پارتە مارکسیە کانی خویدا دارده ستیکی بە هیزە بو زانینی جیهان و گورینی بە شیوە یە کی شورشگیرانە.
ئە و ریبازە ی بە دژ و بە رامبە ر دادە نریت لە گە ل ماتریالیزمی دیالیکتیکدا بریتیە لە میتافیزیکا. سە رە تا ئە م ریبازە بو لیکولینەوە لەسەر دیاردەکانی زانستی سروشتی نەشونمای کرد، پاشان لە سەدەی هەفدە و هەژدەهەمدا لە فەلسەفەشدا بلاوبووەوە. ئەو روژگارانە، میتافیزیکا بە هەموو جوری بەرەوپیش چوون و لە دایک‌بوونی (نوی)ی رە ت دە کردە وە و وا لە (جوولە) دە گە یشت کە تە نیا بریتیە لە شوین گورینی جە ستە کان لە شویندا. بە لام ئە مرو، لە سە ردە می گورانکاریە کومە لایە تیە گە ورە کاندا و لە سە ردە می شورشە زانستیە بە هیزە کاندا؛ ئیتر ناتوانریت راستە وخو، مەسەلەی بەرەوپیش‌چوون (تطور) رەت بکریتەوە، هەر بویە میتافیزیکای هاوچەرخ ریگەیەکی تری گرتوتە بەر، ئە ویش بە شیواندنی ناوە روکی خودی (بە رە وپیش چوونە) و ئە م ریبازە وا پیناسە ی بە رە وپیش چوون دە کات کە تە نیا بریتیە لە زیاد بوون و کە م بوونیکی چە ندیتی (کمی)، وە ک دووبارە بوونە وە یە کی ئە و شتانە ی لە بوون دان، بە بی لە دایک بوونی (نوی).
هەروەها میتافیزیکا، دژایەتیە ناوخوییەکان بە سەرچاوەی بەرەوپیش‌چوون نازانیت و رەتی دەکاتەوە! واتە میتافیزیکای هاوچەرخ، ددان بەوەدا نانیت کە بەرەوپیش‌چوون، شیوازیکی پیشکەوتنخوازانەی هەیە و ددان بە ململانیی نیوان (کون و نوی) دا نانیت کە سە رکە وتنی بی چە ندوچوون هە ر بو (نوی)یە لە م ململانییە دا. بە م پییە ش میتافیزیکا، لە بەرژەوەندی هیزە کومەلایەتیە کونەپەرستەکاندایە و لە ململانیدا دژ بە هیزە کومەلایەتیە پیشکەوتووخوازەکان بە کاری دەهینن. بو نموونە: تەحریفیەکان، کە ململانیی چینایە تی و شورشی سوسیالیستی و دیکتاتوریەتی پرولیتاریا، رە ت دە کە نە وە، ئە م ریبازە بە کاردە هینن و دە هول دە کوتن بو ئاشت بوونە وە ی کومە لایە تی نیوان چە وسینە ران و چە وساوە کان و زورنا دە ژە نن بو بیروچکە ی گورانی ئاشتیانە ی سە رمایە داریتی بو سوسیالیزم.
هەروەها میتافیزیکا، بە بناغەیەکی تیوری دادەنریت بو ئەو بوچوونە دوگم و داخراوانە ی کە نوینە رە کانیان زاتی ئەوە ناکەن، ئالوگورە قوولە کومەلایەتیەکانی دونیا ببینن یاخود نایانەوی بیبینن و بەردەوام هەول دەدەن کە گرنگترین گرفتە کانی ئیستا، بە بی لە بە رچاوگرتنی هە ل و مە رجە گوراوە کومە لایە تیە میژووییە کان، چارە سە ر بکە ن، کە بە ردە وام لە روودان دان.
بەلام ژیانی روژانە و زانست و ئەزموونی زانستی و بەرەوپیش‌چوونی کومەلگە گەورەترین بەلگەن بو راستی دیالیکتیک.

## پەراویزەکان:

١_ سە رچاوە ی ئە م تە رجە مە یە بریتی یە لە: "اسس المعاريف الفلسفيه"، تاليف افاناسييف _ دارالتقدم، موسكو ١٩٨٥
٢_ مارکس و ئنگلس، المولفات، الطبعه الروسيه، المجلد٢١ص٢٧٦

***

رانانی کتیب

**ناوی کتیب: بیست و سی سال پیغەمبەرایەتی**

**نووسینی: علی دەشتی**

**وەرگیرانی بو کوردی لە فارسیەوە: فریاد کەریم.**

بەکر ئەحمەد "ئاسو"

ئەو مروڤەی کە خوای خولقاند
خوا هات و بە دیلی گرت.
زنجیر لە مل و
کەلەپچە لە دەست
پیی وت:
دەبی شەو و روژ کرنوشم بو بەری
کە من خوای توم و
توش...... خولقینەری منی

« ( ئە و لە قسە کردندا لە سە رخو و بە توانا بووە و دە لین تە نانە ت لە گە ورە کچیک بە شە رم و حە یا و حشمە تتر بووە و توانای گە یاندنی زور بووە، زیدە رویی لە ئاخاوتنیدا نە بووە و مووی سە ری زور بووە و تانیوە ی گویی دادە پوشی. بە زوری کلاویکی سپی لە سە ردە نا و عە تری لە سە ر و ریشی دە دا. سروشتیکی خاکی و میهرە بانی هە بووە. هە ر کاتیک تەوقەی لەگەل کەسیکدا کردبا بەرلەو دەستی نەدەگیرایەوە. خوی جل وبەرگی خوی پینەدەکرد. لەسەر زەوی دادە نیشت. هە رکە سیک دە عوە تی کردبا قبولی دە کرد و نانی جوی لە گە لدا دە خوارد. لە کاتی قسە کردندا، بە تایبە ت کە قسە ی لە سە ر فە ساد دە کرد؛ دە نگی هە لدە بری و چاوانی سوور دە بوون و حالە تی قین و توورە یی بە خووە دە گرت.
ئەو چاونەترس بوو، لە کاتی شەرداپشتی بە تیروکەوان دەبەست و موسولمانەکانی بوشە ر هاندە دا و ئە گە ر ترسی دوژمن لە جەنگاوەرانی ئیسلام بنیشتایە، ئەوا بوخوی دەکەوتە پیش و لەهەمووان زیاترلە دوژمن نزیک دە بووە وە. بەلام بەدەستی خوی کەسی نەکوشتووە، تەنها جاریک نەبیت کە کەسیک هیرشی کردە سە ری، بە لام ئە و زووتر لیی هاتە دە ست و کوشتی. ئە مە قسە ی ئە وە:
هە ر کە سیک هاوکاری ستە مگیریک بکات وا بزانیت کە ستە م کارە، موسولمان نییە.
ئە و کە سە موسولمان نییە کە خوی تیر بیت و دراوسیکە ی برسی بیت.
رە وشتی باش نیوە ی دینە.
باشترین جیهاد ئە و وشە هە قە یە کە دژ بە پیشە وایە کی زالم بووتریت.
بە هیزترینی ئیوە، کە سیکە بە سە ر رق و قینی خویدا زال بیت.)
«ئەو» لەم وەسفکرنە سادە و پوزەتیڤانەدا و بەم پەیامە ئیخلاقیەوە بو ئینسان کە سیکە کە لە نیمچە دوورگە ی عەرەبدا دەنگ هەلدەبریت و دەبیتە پەیامبەری یەکیک لە ئایینە گەورەکانی دنیا؛ ئەو «محەمەد کوری عە بدوللا» یە و پیغە مبە ری ئیسلامە.
محە مە دپاش مردنی باوکی عبدوللای کوری عە بدول موتە لیب، دیتە دنیاوە و لە تەمە نی پینج سالیدا دایکیشی لە دە ست دە دات و پاش ماوە یە کیش باپیرە گە ورە بە تواناکە شی کە تاکە پشتیوان و پاریزە ری ئە و بوو، کوچی دوایی

ده كات و دواتريش ده كه ويته ژير سه رپه رستى يه كيک له هه ژارتين، به لام جواميرترين مامه كانى. محه مه د وه ک منداليكى بى دايک و باوک، له مالى ماميدا ده ژى، ماميكى ميهره بان ودلسوز به لام هه ژار و ده ست كورت. له به ر ئه وه ى ويل وسه رگه ردان نه بيت و يارمه تى ماميشى بدات؛ حوشتره كانى «ابو طالب» و چه ند كه سيكى ترى ده برده له وه ر و تا ئيواره له بيابانى مروموچى مه ككه دا تاک و ته نيا روژى به سه ر ده برد.

عه لى ده شتى له بيست وسى سال پيغه مبه رايه تيدا به شوين ژيان و كردار و گه شه كردنى پاله وانيكه وه يه كه كاريگه ريه كانى هه تاكو ئه مروش به قورسى له سه ر زه ينى مليونه ها ئينسانه وه يه. ئه‌و ده رباره ى محه مه دى ئينسان ده نووسيت، نه ک محه مه دى له خه سله تى ئينسانى دامالراو و به ئه فسانه كراو.

على ده شتى ده مانباته لاى موحه مه د و هاوبه شى ئه و پرسيارانه ده بيت له زه ينى منداليكدا كه هه ر له ته مه نى منالى خويه وه نه هامه تى و نابه رابه ريه كانى كومه لگا به چرى له سه ر ميشكه بچكولانه كه ى قورساى داده نيين.

(له ناو بيده نگى بى پايانى بيابان وله ته نيايى ترسناكى ئه و روژانه دا كه ووشتره كان خه ريكى په يداكردنى درک و دالى مه مره و مژى بوون و هه تاوى سووره وه بوو به به رده وامى گه رماى ده وه راند، له روحى هه ستيار و خه يالاويانه ى محه مه دا هه راوهورياپه ک به رپا ده بوو، كه به هاتنى شه و ده نيشته وه، چونكه ئاوابوونى روژ ئه وى به ره و حه قيقه تى ژيان ده گه رانده وه. به هاتنى ئيواره، ده بوو ووشتره كان كوبكاته وه و به ره و شار بيانباته وه و گورانيان بو بليت. به هه ى هه ى ليبيان بخوريت و نه هيليت په رش و بلاوبن، تاكو ئيواره به ساغ و سه لامه تى بيانگيريته وه بو لاى خاوه نه كانيان. شه و كه داده هات، ئيدى هه را و هوريا بيده نگ ده بوو بو ئه وه ى له تاريكى شه وداشكل و شيوه ى خه ون و خه يال به خووه بگريت. هه راو هوريا بيده نگ ده بوو بو ئه وه ى كه سبه ينى له بيده نگى سه رتاسه ريانه ى بياباندا سه رهه لبداته وه و به ره به ره له قولايى ده روونى ئه ودا شتيک بيته ئاراوه و برسكيت.)

به لام ده رئه نجام شتيک ده رسكيت، ئه و ده بيته پيغه مبه ر و قورئانيش ده بيته ئه و په يامه ى كه خوا له ريى محه مه ده و به خه لكى بگه ينيت. ئه و قورئانه ى كه ده بيته جيگاى تيرامان و خويندنه وه يه كى ووردى عه لى ده شتى بو تيكسته كانى له پروژه ى بيست و سى سال پيغه مبه رايه تى دا.

على ده شتى به پشت به ستن به خودى سه رچاوه كونه كانى زانايانى ئيسلام، ده كه ويته خويندنه وه‌يه كى ترى ئايه ته كان و هوكارى « هاتنه خواره »يان. سه رنجيكى ووردى ئه و ئال و گوره گه وره يه ده دات كه به سه ر ناوه روكى ئايه ته كاندا ديت، ئه ويش به له به رچاوگرتنى هه ل ومه رج و ميژووى ئه و رووداوه ى كه كه ئايه ته كان ده رباره ى ده دوين.

خوداى گه وره له مه ككه دا فه رمانيكى ئه خلاقى به پيغه مبه ره كه ى ده دات و ده ليت: و لا تستوى الحسنه و لا السيئه. ادفع بالتى هى الاحسن فاذا بينک و بينه عداوه كانه عدو حميم. واته: چاكه و خراپه يه كسان نين خراپه به چاكه پاداشت بده ره وه(توند و تيژى به له سه ر خويى، توورهيى به خوشه ويستى و ئازاردان به به خشين) ئه و كاته دوژمنه كه ت ده بيته دوستيكى نزيكت. (سوره تى فصلت ئايه تى ۳۴). به لام له مه دينه دا كاتيک ئال وگور به سه ر ته رازووى هيزه كانى پيغه مبه رى خوادا ديت ئه و كات خودا به پيچه وانه ى ئه مه وه فه رمان و حوكم به پيغه مبه ر ده دات و ده ليت: فلا تهنوا و تدعوا الى السلم و انتم الاعلون، واته: ئيستاكه بالاده ستترن. سستى مه نوينن و ئاشتى مه كه ن (سوره تى محمد ئايه تى ۳۵)

سوره تى فاتيحه كه به گرنگترين سوره ته كانى قورئان ده ناسريت و له سه ره تاى قورئاندا دانراوه باس له راز و پارانه وه يه ک ده كات له قاپى خودا. به لام ئايا ئه مه قسه ى خودايه يان قسه ى پيغه مبه ره؟ خوداوه ند خوى ناليت: الحمد لله رب العالمين. الرحمن الرحيم. مالک يوم الدين. واته: سوپاس و ستايش شايسته ى خودايه. خودايه ک كه ميهره بان و به خشنده و خاوه نى روژى رزگارى و قيامه ته. ئه گه ر سوره تى فاتيحه به ووشه ى: قل! ده ستى پيبكردايه، هه روه ک له سوره ته كانى تردا هه يه ئه م گيروگرفته نه ده هاته پيش: قل هو الله احد. قل يا ايها الكافرون. قل انما بشر مثلكم... مه عقول و مه نتيقى نييه كه خودا خوى بليت: اهدنا الصراط المستقيم. صراط الذين انعمت عليهم غير المغضوب عليهم و لا الضالين. واته: به ره و ريگاى راست هيدايه تمان بكه. ريگاى ئه و كه سانه ى ره حمت پيكردوون، نه ک ئه وانه ى گومران و غه زه بت ليگرتوون.

دوا ده رئه نجامیک که علی ده شتی به ده ستی ده هینیت ئه وه یه که:( له ماوه ی سیانزه سالی نیوان هاتنه خواره وه ی وه حی و هیجره تدا، بانگهیشتنی محه مه د بانگه وازیکی روحانی یه و هیچی تر. ئایه ته قورئانیه کان له و سه رده مه دا هه ر هه مووی ئاموژگاری و په ند و رینوماییه و داواکردنه له خه لک بو رووکردنه چاکه و دوور بوونه له خراپه و کاری دزیو.

به لام هه ر له سه ره تای کوچکردنه وه، ئه م بانگیشته روحانییه که م ره نگ ده بیت و شه ریعه ت و ئه حکامیک جیگای ده گریته وه بو ئه وه ی موسولمانان له به رانبه ر نه یاراندا به هیز بکات و بنیادی یه که یه کی سیاسی و قه ومی دابریژیت.)

به بروای علی ده شتی: ئه گه ر چی جیاوازیه کی زوریش له نیوان قوناغی مه ککه و مه دینه دا هه یه؛ چ له رووی مه سه له کانی قورئان و چ له رووی ره وشت و کرداری محه مه ده وه؛ مه سه له یه ک هه رگیز به فه راموش نه کراوی ئاماده یی خوی هه بووه: خه ونی دروستکردنی ده وله ت.

له کاتی خویندنه وه ی بیست و سی سال پیغه مبه رایه تیدا، هه روه ک وه ک چون وه رگیری کتیبه که له پیشه کیه که یدا ئیشاره ی پیداوه، خوینه ر رووبه رووی جوریک له دیدی پان ئیرانیزم ده بیته وه که به سه ر گه لیک له بووچوونه کانی علی ده شتیدا زاله. به لام ئه مه له بایه خی خویندنه وه ی علی ده شتی بو تیکسته کانی قورئان که م ناکه نه وه.

کاتیک ئینسان له خویندنه وه ی بیست و سی سال پیغه مبه رایه تی ده بیته وه؛ بیری ده چیته وه بو ئه و وته به ناوبانگه ی که ده لی: خوا ئینسانی به شیوه ی خوی دروست کردووه. به لام گه شتیکی ووردی ناو ئایه ته کان، ناوه روکی ئه و وته یه هه لده گیریته وه: ئایا ئینسان که ی خوای دروست کرد؟

من ده ست خوشانه له فریاد که ریم ده که م و هیوادارم میژووی بیست و سی سال پیغه مبه رایه تی له پانتاییه کی فراوانتردا بگاته ده ست خوینه ران و له هه له ی چاپ زرگار بکریت، به تایبه ت له نووسینه وه ی ئایه ته کاندا.

***

# چەکدارە (قەڵەم)بازەکان... یا قەڵەم یا نەمان!

ئامادەکردنی سەردارعبداللە

کوردستانی ئازاد! هەروەک جارانی نائازادی؛ ریگاو بانەکانی بە بازگە و خالی پشکنین چنراوە، جا هیچ بە دووری مەزانن کە چەکداری نیو ئەو خالی پشکنین و ولینانە لە دەورانی حاکمیەتی بەعس لە کوردستان تا کاتی ئیستا هە ر هە مان چە کدار بیت، یاخود قونتە راتی هە مان بنە ماله ی شورشگیر بیت!

بەهەر حال ئەوەی لیرەدا دەمانەویت قسەیەکی مزری لە سەربکەین دیاردەی قەلەمبازیە کە چەکدارە نە خویندە وارە کانی بازگە کان فیری بوون لە پال دیاردە ی کە وبازی و کوتربازی و.... بازیدا.

ئەم چەکدارانە، هەر کەسیک بزانن لە دەرەوەی ولات گەراوەتەوە، ئوتومبیلەکەی رادەگرن و تا ناوقەد مل دەبەنە ناوەوە و بە لوتفیکەوە دەلین: "قەرەمیکمان دەیە" جا ئەم زاراوەیە تا چەندین بازگە هەروایە پاشان دیالیکتەکەی لە ناوچەیەکی تر دەگوریت بە"قەلەمیکمان بەری". خەلکی گە راوە لە دە رە وە ی ولات تا دە گاتە بە ر دە رکی مالە وە ی هە ردە بی قە رە م و قە لە م ببە خشیتە وە، جا ئە م دیاردە روشنبیریە، خە ریکە توشی مرووری فولکە کانی ناو شاریش دەبیت. بەکورتیەکەی بی قەلەمدان و بی ئارەقە بوی دەرناچیت. ئە مە و زور جار تە کلیفی خوشتر و بچوکتریش دە کریت لە وانە تە کلیفی راکیشان بو خاریج.

یەکیک لەو شوفیرە قوشمەچیانەی کە لە خەتی دهوک ـ سلیمانی کاردەکات، ئە و چە ند دە رزە نە قە لە مە زە رد و سە وزانە ی کە بە نە فە رە ئە وروپاییە کانی کریوە، دە خاتە لای خوی و لە بازگە کانی پارتی لە بری قە لە می زە رد، سە وز دە بە خشیتە وە و لە بازگە کانی یە کیتیش زە رد دە بە خشیتە وە.

جا ئەم دیاردەی قەرەم بازیە، ئەو قسەیە دەسەلمینیت کە دەلیت: کورد هەمووی شاعیرە (بەلام لەمەو دوا نووسە ر، زانا و توژە رە وە یشی زیادکرد)، ئە گینا خو بە خوراییی داخوازی لە سە ر قە لە م وا بە رز نە دە بووە وە، بە تایبە ت لە نیو نە خویندە وارە کاندا.

جا، پیویستە حیزبە حاکمە کان فریای چە کدارە کانیان بکە ون، یان بری قە لە می تە واویان لە گومرگە کان بو مسوگە ر بکە ن، یاخود داوا لە "نە تە وە یە کگرتووە کان" بکە ن لە بریاری ٩٨٦ ی نە وت بە رامبە ر بە خوراک: بری قە لە می تە واو بو چە کدارە قە لە م بازە کانیان مسوگە ر بکات، بە لە بە ر چاوگرتنی رە نگە کان و شیوە ی بە خشینە وە ی.

## پیاوسالاری و هورنلیدان!

گە ر دە تە ویت پرسیار لە پە یوە ندی نیوان ئە م دوو دیاردە یە (پیاوسالاری و هورن لیدان) بکە یت و بتە ویت وە لامیکت دە ستبکە ویت، ئە وا پیویست بە خو هیلاک کردن ناکات. هە رچی کتیب و سە رچاوە ی دنیا هە یە بگەرییت نات گە یە نیتە ئە نجام.

بو نموونە: دوزینە وە ی پە یوە ندی نیوان پلە ی گە رما و چری ماددە کان یاخود پە یوە ندی نیوان تە ز و بە رگری لە کارە بادا ئە مانە و زور نموونە ی تر: زور بە ئاسانی دە توانیت بە هوی یە کی لە سە رچاوە کان چنگت بکەویت. بە لام پە یوە ندی نیوان پیاوسالاری و هورن لیدان ئە وا وە ک وتمان پیویست بە زە حمە تیکی زور دە کات. ئیمە ش زور هە ولماندا کە ئە م نهینیە

بدوزینه وه، به لام بو ئیمه ش زور زه حمه ت بوو ته نانه ت جیی سه رسورمانیش بوو، چونکه چه ند پاپوچ و ترشیات، ده ف و کومپویته ر له  یه که وه نزیکن؛ ئه م دوو زاراوه یه ش هه ر  ئه وه نده!

جا بو تیگه شتن له و دوو په یوه ندیه بیینه سه ر نموونه که باشتره. پیش ئه وه ی له سلیمانیه وه بگه یته سیدسادق له سه ر شه قامه گشتیه که چه ند مالیک ریزیان به ستووه. جا له یه کیک له و مالانه پیاویکی دلپیسی شه قوه شین له گه ل ژنیکی به دبه خت ژیان به سه رده به ن. ئه م پیاوه که گویی له ده نگی هورنی شوفیره کانی سه ر شه قامه گشتیه که ده بیت که لله یی ده بیت چونکه پیی وایه بو ژنه که ی ئه و لیده دریت به جوریک پاش هه ر هورنیک ده که ویته گیانی و سه دان شه ق ده وه شینیت. جا به هوی هه لکه وتنی سروشتی ماله که یانه وه گویدریژ و مانگا شه ریانه بو په رینه وه که شوفیره کان ناچارن هورنیکی زیاتر به کاربهینن، جا ئیستا شوفیره تاکسیه کان به م به زمه یان زانیوه و له گه ل نزیکبونه وه یان له و ماله ده ست ده که ن به  هورن لیدان؛ هه ر ده لیی بووکیان پییه.

جا به م نموونه یه ده رده که ویت که پیاوسالاری و که له گایی په یوه ندیه کی راسته وانه یه، واته  له زیاتر لیدانی هورندا راده ی پیاوسالاریش زیادده کات.

***

# راست کردنەوەی هەڵەیەک

لە ژمارەی ١٥ ی "هانا"دا دوو نامەی نارەزایەتی دژ بە سەرکوتکرانی ئازادی لە لایەن "دەوڵەتی هەریم" و یەکیتی نیشتمانیبەوە بلاوکرایەوە کە ئیمزای چەندەها کەسی پیوەبوو. بە داخەوە ناوی "پشکو نجم‌الدین"بە هەلە لە ژیر نامەی یەکەمدا نووسرا بوو. ئیمە لە گەڵ داوای لیبوردن لە "پشکو نجم‌الدین" رادەگەیینین کە ناوی ناوبراو دەبوو لە ژیر نامەی دووەم واتە "نامەیەکی کراوە لە لەندەنەوە" نووسرابووایە.

"گوڤاری هانا"